# ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ

- **ژمارا وەشانێ:** (٢٢٩)
- **ناڤێ پەرتووکێ:** ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ
- **دانان:** د. محەمەد کەمال
- **دەرهێنانا هونەری:** سەعدیا جەمیل
- **بەرگ:** بەیار جەمیل
- **سەرپەرشتکارێ چاپێ:** شێروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا:** ئێکێ
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ:** (٥٠٧) ل سالا ٢٠٠٧
- **چاپخانا:** خانی/ دهۆک

SPIREZ PRESS & PUBLISHER
DUHOK

سپیرێز

خودانێ ئیمتیازێ
حافظ قاضی

سەرنڤیسەر
مؤید طیب



©
مافێ چاپکرنێ د پاراستینە



ئەدرێس

کوردستانا عیراقێ - دهۆک
ئاڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکایێن
کرێکارێن کوردستانێ
قاتێ سێیەم
تەلەفون: ٧٢٢٥٤٧٦ - ٧٢٢٢١٢٥

www.spirez.org
www.spirezpage.net

دار سپیرێز للطباعة والنشر
دهۆک

# ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی
# و بوونی مرۆڤ

نووسینی

**د. محەمەد کەمال**

2007

# ناڤەرۆك


سەرباسێك........................................................ ٧

**بەشی یەکەم:**

- ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و سەرەتایی پڕۆژیەکی فەلسەفی... ١٣

**بەشی دووەم:**

- ئاگامەنـدی و پێشـمەرگە و ئۆنتۆلۆجیـەکان بـۆ بـوونی مرۆڤ........................................................ ٣٥

**بەشی سێیەم:**

- من و کەسانی دیکە........................................... ٥٧

**بەشی چوارەم:**

- سەربەستی و ناوەڕۆکی مرۆڤ................................ ٧٥

**بەشی پێنجەم:**

- ڕەسەنیەتی بوون و مردن.................................... ٩٣

**بەشی شەشەم:**

- فەلسەفە و ئەدەب............................................. ١٠٩

**فەرهەنگۆک**........................................................ ١٢٩

**سەرچاوەکان**....................................................... ١٣٩

**ئیندێکس**.......................................................... ١٤٥

# سەرباسێك

من بڕوام بەوە نیە پێشەکی بۆ هەموو پەرتووکێك بنوسرێت و نەخشەو هێلکاری پڕۆژەکە بخرێتە بەرچاوی خوێنەر تاکو ئەویش لەوێوە پەیڕەوی بکات و هەوڵی تێگەیشتن لەکێشەکان بدات. با خوێنەر لە تێگەیشتنی بەرهەمێکی هونەری، فەلسەفی یان ئەدەبیدا سەربەست بێتو، خۆی نەخشەکە بۆ خۆی بکێشێت. جا لێرەدا نەك بەنیازی پێشەکی نووسین، بەڵکو وەك پێویستێك چەند ڕاو بیرێك دەگەیەنم بەخوێنەر. من لەبواری ئەزموونی نووسیندا پێشتر هەر لەساڵەکانی حەفتاوە چەند هەوڵێکم داوەو لەساڵەکانی هەشتاشدا لە هەندەران چەند بەرهەمێکم لە گۆڤاری "مامۆستای کورد"دا بڵاوکردۆتەوە. ئێستاش پاش بڕینی ڕێگایەکی دوورودرێژو سەفەرێکی سەخت کۆڵم نەداوەو ئەم بەرهەمە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد. لەمێژە ویستوومە بەرهەمێکی وا لەمەڕ بوونخوازی "وجودییەت" بنوسم. لەیادمە لەساڵەکانی دوای هەرەسهێنانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ئەیلوول، لەگەڵ باروودۆخێکی ڕامیاری شەکەتو هەناسەبڕدا، لەبوارێکی یەکجار تەسکدا، چەندەها لاو لە شاری سلێمانی لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا، یان پاش بینینی شانۆگەریو پێشەنگایەکی هونەری، سەریان دەنا بەسەری یەکدییەوەو ڕازو گلەیی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕیو باسی ئازارەکانی مرۆڤی کوردی

سـەردەمیان دەکـرد. لـەڕووی جموجـۆڵی ڕۆشـنبیرییەوە ئـەم شـارە خنجیلانەیەی باشووری کوردستانم، وەکو ئەسینای سەردەمی سوکرات دەهاتە بەرچاو. لەوساڵانەدا گروپو دەستەی ڕۆشنبیریو فەلسەفیش سەری هەڵدابوو، ئەگەر ئازادی دەربڕین هەبووایەو دەنگی مرۆڤـی کوردیش وەکو دەنگی سوکرات خەفە نەکرابایە. ئەوا دەتوانم بڵێم لەو کاتەدا لەو مەیدانە ڕامیارییە چۆڵەدا ئەو دەستەو گروپانە دەیانتوانی گۆڕانکـاری کـەلتووریو فکریـی بخـولقێنن. یـەکێك لـەو دەسـتەو گروپانـەی دەمـەوێت نـاوی بـەرم گروپـی "بوونخوازەکـان"بـوو. ئـەم گروپە لەدەستەیەك لاو پێکهاتبوو کە بـەهیچ شـێوەیەك کۆمەڵەیـەکی ڕێکخراویـان نـەبوو، هـەروەها ئـەم نـاوەش "بوونخـواز" لەلایـەن برادەرانی مارکسییەوە خرابووە پاڵ گروپەکـە، هۆکەشـی دەگەڕێـتەوە بۆ ئەو کۆڕەی کە مـن بـەناوی "سـەرەتایەك لـە فەلسـەفەی وجـودیی" لەسـاڵی ١٩٧٦ بەیارمـەتی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد، لەشـاری سلێمانی گـرتم. لـەناو گروپەکـەدا بێجگـە لـە مـنو ئاسـۆس جـەمال کـە "سـارتەر"انـە بیرمـان دەکـردەوە، کەسـێك لـەبرادەرانی دی بەئاشـکرا خۆیـان بـە بوونخـواز دانـەدەنا. حەسـەن هـەمزە لـە سـایکۆلۆجیو بیروباوەڕەکانی "کۆڵن ولسن"ەوە نزیك دەبووەوەو لەو ڕوانگەیەشەوە مرۆڤـی دەناسـی. کامـەران شـەوقیو عوسمـان عبـدالکریم لـەبێهودەیی ژیـانو بیروباوەڕەکـانی "شـوبنهاوەرو ئـەلبێرت کـامۆ"وە تەماشـای کێشەکانیان دەکرد. کەمال عومەر "نیتشە"یی بوو. سەروەت ئەحمـەد سـەوزو نـەهرۆ شـەوقی هونەرمەنـد بـوون، فوئـاد عبـدالرحمانیش ڕەخنەگرو چیرۆکنووس بوو. چەند برادەرێکی دیش وەکو ئەمجەد

مەحەمەد سەعیدو قەیس‌و ئازادو ..هتد، لەناو گروپەکەدا بوون‌و خۆیان بەکێشە رۆشنبیریی‌و فەلسەفییەکانەوە خەریکدەکرد. کەسانی ناو ئەم گروپە خاوەنی ئایدۆلۆجی نەبوون، بەلام هەمووومان هەستێکی قووڵی "نۆستەلجی"مان بۆ کۆمەڵگایەکی سەربەست هەبوو، خۆمان بەیاخیبوو دادەنا. هەندێك لە برادەرانی "مارکسی"یش بوونی ئەم گروپەیان بەهەڕەشە لە ئاستی بەرژەوەندی چینی مافخوراودا دادەنا. خۆ ئێمە هێندە لاریمان لە فەلسەفەی مارکس نەبوو، پشتگیریشمان لەمەسەلە چینایەتییەکە دەکرد، بەلام هەرگیز لەگەڵ بیروباوەڕی وشك‌و دۆگمای ئەو مارکسییانەدا نەبووین کە فەلسەفەی مارکسیان لەناو بەرگێکی ئایدۆلۆجی تەسکدا چەسپاندبوو لە کونی دەرزییەوە تەماشای جیهانیان دەکرد. من‌و ئەمجەد سەعید لەساڵی ١٩٧٩دا بۆ خوێندن ڕوومان کردە دەرەوەی ولات‌و ئیتر من ئاگام لە گروپەکە نەماو لە سالانی هەشتاشدا زۆربەی ئەو برادەرانەی ناوم بردن هاتنە هەندەران‌و لە ولاتانی ئەوروپا نیشتەجێبوون.

فەلسەفە وشەیەکی یۆنانیە "فیلۆ-سۆفیا" واتە خۆشەویستی زانین. زانینیش لێرەدا ناسینی ڕاستەقینەی بوونە، چونکە هیچ شتێك لە بوون بەرزتر نیە. لەگەڵ لەدایکبوونی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانەوە بوون لە چەند فۆرما ناسراوە. گرنگ نیە ئەو فۆرمانە چەندو چۆن بن‌و چۆن ئاماژەیان بۆ کرابێت، خۆ بەبێ "بوون" هەرگیز نابن، تەنانەت ئەوەی لەم فۆرمانەش دەکۆڵێتەوە وەکو "توێژەر" بەبێ بوون نیەو نابێت. هەندێك لە فەیلەسوفەکان، بوون بە "ماتەر" دادەنێن‌و فۆرمی "ئایدیالی" لێدادەبڕن‌و باوەڕیان بە هێزێکی

میتافیزیکی له ماتەر بەدەر نیەو ماتریالیستن. هەندێکی تریش بوون بــه "ئایــدیا" دادەنــێنو ڕۆڵــی ماتــەر کــەم دەکەنــەوە، ئەمانــە "ئایدیالیســتین". فەلســەفەی بوونخــوازیش، بەپێچــەوانەی ئــەم دوو دەســتەیەوە لـەو وێستگە دوورو نادیـارەوە گەشـتەکەی بـەڕێ ناخـاتو بــوونی مرۆڤــ دەکـا بەســەرەتاو کۆتــایی لێکۆڵینــەوەو توێژینــەوە فەلسەفییەکەی. بـەتێکڕا دوو جـۆر بوونخـواز هەیـە، ئەوانـەی بـوونی میتافیزیکی ڕەت نادەنەوە وەك "کیرکیگـارد"، "مارسـێل"و "یاسـپرز" بڕوایــان بــەخوا هەیــە. بوونخوازەکــانی دیــش وەك "هایدیگــەر"، "سـارتەر"، "سـیمۆن دیبۆڤـوار"و "کـامۆ" بـێ بـڕوان. ئـەم پڕۆژەیـە لەبـەر ڕۆشـنایی ئایـدیاکانی هایدیگـەرو سـارتەردا دەڕوانێتــه کێشـەی بوونی مرۆڤـو هەندێکجاریش هەوڵمـداوە نزیکی بیروڕاکانی ئـەم دوو فەیلەسوفە لە "هێگڵ"ـەوە بناسێنم.

نووســین لەمــەڕ کێشــە فەلســەفییەکان بــەزمانی کـوردی کـارێکی سەختە بەتایبەتی لەسەر "مارتن هایدیگەر" کە ئەڵمانیەکان خۆشیان دان بــەوە دادەنــێن زمــانی نووســینەکانی ســەختو دژوارە! ئینجــا، دۆزینـەوەو داتاشـینی واژە فەلسـەفییەکان کۆسـپێکی دی سـەر ڕێگامـە هەوڵمداوە بە وریاییەوە بە زمانێکی ئاسان لە کێشەکان بکۆڵمەوە.

**محەمەد کەمال**

**مێڵبرن، ئوستراليا**

**هاوینی ١٩٩٨**

# بەشی یەکەم

## ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیو سەرەتای

## پڕۆژەیەکی فەلسەفی

# ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیو سەرەتای پڕۆژەیەکی فەلسەفی

کێشەی بنەڕەتی"بوون" لە مێژووی فەلسەفەدا، دوو بۆچوونی دژوارو ناکۆکی بۆ هێناوینەتە کایەوە. لە ڕۆژانی دێرینەوە تاکو ئەمڕۆ لەگەڵ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیانەدا زانایانو شوێنکەوتوانی ئەم دووجۆرە بۆچوونە هەوڵیانداوە بیروباوەڕیان بە بەڵگەی لۆژیکمەندانە بسەلمێننو بیردۆزەکانیان ساغبکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەم هەوڵو تەقەلایەو دەمەقاڵییەی بۆ هەندێ زاناو فەیلەسوف، وەك "ئیمانۆیل کانت"[1] کارێکی بێهودەو کات بەفیڕۆدانە، چونکە بەدیدی کانت زانین (زانینی مرۆڤ) تواناو بڕشتی ئەوتۆی نیە کە خۆی لەقەرەی ئەم کێشەیە بدات و پەردە لەسەر نهێنی بنەڕەتی بوون دامالێتو خۆی بگەیەنێتە ئەو دورگەیەی کە لەژوور سنووری زانینە هەستیەکانی مرۆڤەوە، وەکو ڕاستەقینەیەکی فرە دوور، هەیە.

---

[1] ئیمانۆیل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) فەیلەسوفێکی ئەڵمانی لە پەرتووکی یەکەمیدا بەناوی Critique of Pure Reason بیروباوەڕی میتافیزیکی ڕەتدەکاتەوەو لەو باوەڕەدایە مرۆڤ ناتوانێ بگاتە ئەو قۆناغە کە بۆی دەرکەوێت ئایا ئەم گەردوونە بنوسێکی هۆشەکی هەیە یان لەخۆیەوە پەیدابووە.

ئەگەر هەندێ لەزانایان لافی ئەوەش لێبدەن، کە گوایە لەباری بنەڕەتی "بوون"ــەوە شتێك دەزانن، یان گەیشتوونەتە باوەڕێکی لۆژیکمەندانەو لە گومان بەدەر، ئەوە ئەمانە زیادە ڕۆیی دەکەنو ئەوەی ئەمان بە بیردۆزو زانستیانە لە قەڵەمی دەدەن، جگە لە بیروڕایەکی خودپەسەندی خۆیان، هیچی دیکە نیەو ناتوانن بە بەڵگە بۆ ئێمەی بسەلمێنن. لەمەش زیاتر، "کانت" لەو باوەڕەدایە، کە "میتافیزیك" زانستێکی بێ بەرو پوچەڵەو سوودی بۆ ژیانی مرۆڤ نیەو هۆشی مرۆڤیش ناگاتە ئاستی ئەو ڕاستییە شاراوەیەی کە "بوون"ی لێوە پەیدابووە. ئێمە لێرەدا واز لە دیدی کانت دەهێنینو خۆمان نابەستینەوە بەم ڕێچکە گومانکارییەوە.

لەگەڵ توێژینەوەی بنەڕەتی بووندا، کۆمەڵێ پرسیار یەخەمان دەگرنو ناچارمان دەکەن بە شوێن وەڵامەکانیاندا بگەڕێین، ئەو پرسیارانەش ئەمانەن: ئایا مانای بوون چیە؟ ئایا بوون چۆن پەیدابووە؟ ئایا بنوسێکی هۆشەکی هەڵیهێنجاوە یان لە خۆیەوە پەیدابووە؟ ئەم پرسیارانە گرنگترین کێشەی فەلسەفەمان دەخەنە بەردەم، کە وەڵامەکانیان دوو فێرگەو دوو بۆچوونی ناکۆك و دژ بەیەکتری وەك "ئایدیالیزم" و "ماتەریالیزم"ی هێناوەتە کایەوە.

ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بەمشێوەیە بدەینەوە کە دان بە بوونی بنوسێکی هۆشەکیدا بنێینو ئینجا ئەو بنوسە بکەین بە سەرچاوەی بوونو داهێنەری مانای بوون، ئەوا ئایدیالیستانە چارەسەری کێشەکە دەکەین. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەشەوە، دەشێ کەسێکی دیکە وا بیر بکاتەوە کە بوون ماتەرێکی (لە بنوس بەدەرە)و

بـێ مانایــەو لەخۆیــەوە پەیــدابووەو هێــزو توانــای نــاوەکی خــۆی دەیجوڵێنێت، ئەوا ئەو کەسە ماتریالیستانە بۆ مەسەلەکە دەچێت.

لەسـەردەمی یۆنانـەوە فەیلەسـوفەکان بەسـەر ئـەم دوو فێرگەیـەدا دابەشبوونو پێیانوایە کە لەم دوو وەڵامو بۆچوونە زیاتر هـیچ وەڵامو بۆچوونێکی دیکە لەئارادا نیە. ئەگەر هەشبن، ئەوا یـان ئایدیالیسـتانە یـا ماتریالیسـتانەیە، ئـەمجۆرە لێکدانەوەیـە دۆگمایـەو دەرگـا لەسـەر هێــزی داهێنــانو بیرکردنــەوەی سەربەســتدا دادەخــاتو بــواری سەرهەڵدانی بیری جیاوازو نوێ دەبەستێت. زانایانی ئەم دوو فێرگەیە چاویان لە ئاستی ڕەنگەکاندا دەگرنو تەنها ڕەنگی ڕەش سپی دەبینن.

فەلسەفەی بوونخوازی، هەرچـەندە ئەوەنـدە خـۆی بـەم کێشـەیەوە خەریك نەکردووەو زیاتر لە بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتـەوە، بـەڵام ئـەوەش ئـەوە ناگەیـەنێت کـە لەئاسـتی مەسـەلەکەدا دەسـتی کورتـە یـان وەك بۆچوونو دیدی کانت پاشگەزەو بڕوایەکی کەمی بە دەسەڵاتو توانـای مرۆڤ هەیە. بەگوێرەی فەلسـەفەی بوونخـوازی، کێشـەی هـەرە گرنگـی فەلسەفە، بوونی مرۆڤـەو دەبێت بایەخی پێبدرێت. ئەگەر هاتوو ئـەو کۆمەڵە پرسیارەی سەرەوەمان خسـتە بـەردەم بوونخوازێـك، ئایـا چۆن وەڵامەکانیمان بۆ ئامادە دەکات؟

وەکو باسکرا، بوونخوازی لـە ئاسـتی ئـەم کێشـەیەدا کـەمتوانا نیـەو بگرە ئەگەر چەکی دەستی لە چـەکی ئایـدیالزمو ماتـەریالزم بـەهێزتر نەبێت ئەوا کەمتریش نیە.

جا بابزانین وەڵامی فەلسەفەی بوونخوازی چیە؟

گریمـان بنوسـێکی هۆشـەکی وەك "خـودا" هەیـەو ئـەویش بـوونی هێناوەتە کایەوەو ژیانی مرۆڤــی لەسـەر ئـەم ئەسـتێرە پەیـداکردووە. (لـەم حالەتـەدا لەگـەڵ ئایدیالیسـتەکاندا هـاوڕاین)، دەبێـت بڕواشمـان

بەوە هەبێت کە ئەو بنوسە لەناو "کات"دا و چ لۆژیکانە بوونێکی پێشتری هەیە (واتە بوونی ئەم پێش بوونی جیهان دەکەوێت)و دەبێت بە بنەڕەت یان بە "یەکەم بنوس" دابنرێت.[1] ئەو بنوسە هۆشەکیەش وەکو بنەڕەتێکی میتافیزیکی نابێت هیچ بوونێکی دیکە (جگە لەخۆی) لەپێشەوە بێت، چونکە ئەگەر بنوسێکی دیکە لەپێش ئەوەوە هەبێت، ئەوا ئەم نابێت بە بنەڕەتێکی لە بنەڕەت بەدەر یان دوا بنەڕەت، ئەو ڕاستەقینە هەرە دوورەی ئایدیالیستەکانی وەك "ئەفلاتون" و "ئەریستۆ" و "دێکارت" بڕوایان پێیە.

بۆئەوەی ئەم خاڵە زیاتر ڕوونبکەینەوە، باشترین نمونەیەك کە لەبەر دەستماندا هەبێت، بۆچوونی ئایینەکانە بۆ بوونی خودا. ئەگەر خودا وەك هێزێکی لەماتەر بەدەرو نەخولقاو، بنوسێکی هەبێت، کە لەو مەزنترو لە پێش ئەویشدا پەیدا بێت، ئەوا ئەو بەخودا دانانرێت. لەبەر ئەم هۆیە بنەڕەتی میتافیزیکی (جا گرنگ نیە ئەو بنەڕەتە، ماتەر بێت یان ئایدیا) ئەوا دەبێت لە بنەڕەت بەدەر بێتو لەپێش ئەمیشدا هیچ شتێکی دیکە لە بووندا نەبووبێت.

بوونخوازەکان لارییان لەم لێکۆڵینەوەیە نیە، بەڵام لەو باوەڕەدان، کە ئەگەر بنەڕەتێکی لەو بنەڕەتە بەدەر هەبێت، ئەوا پێویستە ئەو بنەڕەتە لە بووندا بێت، چونکە هیچ "شتێك" بەبێ "بوون" نابێت ئێمە ناتوانین باسی شتێك بکەین کە بوونی نەبێت. "بوون" ڕاستەقینەیەکە پێش هەموو شتێك دەکەوێتو لە هەموو شتێك زیاتر لە پێشترە (prior)و دەبێت بە بنەڕەتی هەموو شتێك. ئەگەر باسی

---

(١) بنوسی یەکەم: زاراوەیەکە لە ئەریستۆم وەرگرتووە.

بنوسێکی هۆشەکی یان ماتەری بێ گیان بکەین، ئەوا هەر یەکێك لەم دوو شتە بەبێ "بوون" نابێ. لەم حاڵەتەدا، لۆژیکانە "بوون" دەبێت بە بنەڕەت بۆ هەردووکیانو ئەوەی بەبێ بنەڕەت، یان لە بنەڕەت بەدەر دەمێنێتەوە، تەنها "بوون"ەو هیچی دیکە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت کە ئایا مانای بوون چیە؟

"بوون" یان بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەر، ڕاستەقینەیەکە کە بەبێ ئەو هیچ شتێکی دی نابێتو ئێمەش بەشێکین لەو، ئەوەی دەیزانین لەبارەی ئەوەوەیە، هەر شتێکیش لە بوون بەدەر بێت، ئەوا نیەو ناناسرێت، ئەمەش لە بۆچوونەکانی زانایانی وەك "سوهرەوەردی" و "ئیبن عەرەبی" و "سپینۆزا"وە لەباسەکانیاندا لەبارەی بوونی خواوە لەسەر ڕێبازی "پانیزم"ی نزیکەو لەهەمان کاتیشدا لە لێکۆڵینەوەی پانیزمەکەشەوە دوورە. بوون، لە دیدی فەلسەفەی بوونخوازیدا (بەتایبەت لەلای هایدیگەرو سارتەر)، ڕاستەقینەیەکی هۆشمەندانە نیەو سیستەمێکی داخراویشی بەخۆیەوە نەبەستۆتەوە. وەك دەزانین، یەکێك لەو کێشە دژوارانەی کە لەگەڵ پانیزمدا ڕووبەڕووی دەبینەوە کێشەی سەربەستی مرۆڤە کە ئەم ڕاڕەوە نایەوێت لێی بدوێت، یا بەئاشکرا ڕەتی دەداتەوەو بڕوا بە ڕاستەقینەی بوونی تاکەکان ناکات. دیارە کە (سوهرەوەردیو سپینۆزاو هایدیگەر)، لەو خاڵەدا کە هیچ شتێك لە دەرەوەی ئەو بوونە بنەڕەتیەدا نابێتو نەبووە، هاوڕان. جیاوازی ڕاکانیان، لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە هەریەکێك لەم زانایانە لەمانای ئەم بوونە بنەڕەتیە دەکۆڵێتەوە. ئێمە، لەم پرۆژەیەماندا لە بنەڕەتی بوون ناکۆڵینەوە، چونکە بوون بنەڕەتێکی لە بنەڕەت

بــەدەرە، هــەروەها پــەنا نابەینــە بــەر غایــەو مەبەســتی بــوونیش چونکە بوون بنـەڕەتی نیـە، ئـیتر ڕەفزی غایـەو مەبەسـتی دانـراو بـۆ بوونیش دەکەین.

گەر بـەڕای هەرکەسـێك بـوون هـەر چ مەبەسـتێکی تێـدابێت، ئـەوا بەڕای ئێمە، ئەو مەبەستە دەستکردی ئەو کەسانەن کە لە مانای بوون دەکۆڵنەوە. ئایا مانای بـوون چیە؟ لەوەڵامـدا دەڵێین: "بـوون هـەموو شوێنێکی پـڕ کـردووە، تەنانـەت ئێمـەش بەشـێکین لـەو. بـەبێ بـوون، بـاس لـە هـیچ ''شـتێك'' ناکرێـت، کەچـی هێشـتا نـاتوانین ئــەو ''بوون''ـە، بە دەست بگـرین، یـان هەسـتی پێبکـەین. کاتێـك بـیر لـە ''بوون'' دەکەمەوە، دەڵێیت بیر لـە ''هـیچ'' دەکەمـەوەو تـەنیا ئـەو مانایە لە مێشکمدا دروست دەبێت، کەهەبوونە."[1]

"ڕۆکانتــان"ی پاڵـەوانی ڕۆمـانی "نۆزیـا"ی سـارتەر لەســەر زاری بوونخوازێکــەوە بەمشــێوەیە لــەمانای بــوونی توێژیوەتــەوە. بــوون بنـەڕەتی هـەموو شـتێکەو هـەموو شـتێکی پـڕ کـردووە. بێگومـان ئـەم توێژینەوە، ئەوە ناگەیەنێت کە بوون لەبەرئەوەی هەسـتی پێناکرێـت، وەکو (فۆرمە ئایدیاکانی) ناو جیهانی بەرزی ئەفلاتوونە کە مرۆڤ لـە ڕێگای زانینی هۆشەکییەوە دەیانناسێتو لەماتـەر بـەدەرن، یـان، وەکـو نومینــە (Noumenon)ــەکەی کانــت بــڕوای پێهێنــاوەو بڵنــدو ترانســـــێندینتالە (Transcendental) و لـــــەودیو جیهـــــانی هەستەکیمانەوەیە. کـە دەڵێین بـوون هەسـتی پێناکرێـت، مەبەسـتمان ئەوەیە، کە ئەم ڕاستەڤینە لە بنەڕەت بەدەرە، بابەتێکی بەردەسـتەکی وەکو مێزو کورسی و درەختو بـەرد نیـەو مانایـەکی گشـتپڕی هەیـەو

(1) Sartre، Jean-Paul. Nausea، New York: New Direction Press، 1964. p.11.

کـە ناتوانرێـت پەنجـەی بـۆ ڕابکێشـرێتو دیـاری بکرێـت، لەهـەمان کاتیشدا، دەست بدەین لە هەرشتێکەوە، یان باسی هـەر شـتێك بکـەین، ئـەوا ئـەو شـتە بەشـێکە لـەو بوونـە گشـتپڕەی بـووە بـە بنـەڕەتی سەرچاوەی هەموو شتێك.

مـــارتن هایدیگـــەر، لەشـــاکارە فەلســـەفیەکەیدا بـــەناوی (Sein und Zeit، ساڵی ۱۹۲۷) ئەم پڕۆژە ئۆنتۆلۆجیەی بە وردی بۆ شـیتەڵ کردوینەتـەوە. ئـیتر لەوسـاتەوە بێوچـان هەوڵیـداوە لـەمانای بوون بکۆڵێتـەوە. بۆئـەوەی مانـای "بـوونی گشـتپر" لـەمانای "بـوونی بابەتـەکان" جیابکاتـەوە، بـوونی گشـتپڕ ناودەنێـت "Sein"و بـوونی بابەتـەکانی دیکـە"Seinden"و بـوونی مرۆڤـیش "Dasein".(۱)

هەریـەك لـەم بوونانـە خەسـڵەتی تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو لـە بوونەکەی دیکە، نەك هەر جوداو دوورە، بـەڵکو مانایـەکی سـەربەخۆو پێناسی خۆی پێدراوە. بـوونی گشـتپڕ Sein هەمەکیـەو پەنجـەی بـۆ درێـژ ناکرێـتو لـەڕێگای هەسـتکردنەوە ناناسـرێت تـاکو زانسـتیانە بخرێتە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە. لەبەر ئەم هۆیەشە، کە زۆربەی زاناو فەیلەسـوفەکان پـاش ئەریسـتۆ خۆیـان بـەم کێشـەیەوە خـەریك نـەکردووەو ڕوویانکردۆتـەوە بابەتـە بەردەسـتیەکان. لەوکاتەشـەوە، کێشـەی بنـەڕەتێکی لـە بنـەڕەت بـەدەر (کـە بـەبێ ئـەو هـیچ شـتێك نابێت) فەرامۆش کراوە.

بەدیـدی هایدیگـەر ئـەم گۆڕانکارییـە، واتـە وازهێنـانو چاوپۆشـین لەئاسـت ئـەم کێشـە هـەرە گرنگـەدا، بیروبـاوەڕی فەلسـەفەی ڕۆژئـاوای

---

(۲) ئەم سێ زاراوەیە بەئاسانی لـە زمـانی ئەڵمانیـدا جیادەکرێنـەوە، لـە زمـانی ئینگلیزیشدا ووشـەی Being بـە پیتـی گـەورەی B بـۆ بـوونی گشـتپڕو being بە پیتی بچووکی b بۆ بابەتەکان دانراوە.

تووشـی نـامۆیی کـردووەو "بـیر"ی لـەناو زەمینـەی ڕەسـەنی خـۆی دەرهێناوەو لە "بوون"ی دوورخستۆتەوە.

بێگومـان زانایـانی پـاش ئەریسـتۆ لـەخۆڕا کۆڵیـان نـەداوەو دەسـبەرداری ئـەمجۆرە توێژینەوەیـە نـەبوونو بـەبێ هـۆو بەلگـەی لۆژیکمەندانـە پشـتیان نەکردۆتـە ئـەم کێشـەیە. بەلگـەی سـەرەکی پاشـگەز بوونـەوەیان لـەو خاڵـەدا خـۆی دەنوێنێـت. هـەر بابـەتێکیش نەناسـراو یـان پێنـاس نـەکرا، ئـەوا باسکردنیشـی ناماقوڵانەیـەو لـە ڕاسـتییەوە دوورە. ئێمـەش، پێشـئەوەی بەلگـەی خۆمـان دژی ئـەم بـیروڕاو بەلگانـەی زانایـانی پـاش ئەریسـتۆ دەربـڕین، بـابزانین ئـەم زانایانـە چـۆن گەیشـتون بـەم ئاکامـە نێگەتیڤـە؟ چـۆن "بـوون" ناناسرێتو پێناسی بۆ دانانرێت؟

لەپێش هەموو شتێك ئەم خاڵە دەخەمە بەرچاو کـە ئـەم زانایانـە لەبەر ڕۆشنایی (سیستەمی لۆژیکی) ئەریسـتۆ بەلگـەیان مـۆرکردووەو کۆڵیانداوە. بەگوێرەی ئەم سیستەمە لۆژیکمەندە، چەمکێك لەکاتێکدا پێناس دەکرێت کە جینسێك (Genus) ی لەخۆی گەورەتری هەبێت. گـەر بمانـەوێ پێناسـی مرۆڤـ بکـەین، ئـەوا دەبـێ جینسـەکەی کـە "ئاژەڵـە" بدۆزینـەوەو بڵـێین "مرۆڤـ ئاژەڵـە" بـەلام هێشـتا ئـەم پێناسەیە تەواو نەبووەو مانایەکی پوختی چەمکی مرۆڤمان بە گوێدا ڕاناگەیـەنێت، چـونکە لـەناو جینسـی "ئـاژەڵ" دا ئەسـپو سـەگو پشیلەو... زۆری دیکەش هەن کـە مرۆڤـ نـین و ئـاژەڵن. ئایا جیـاوازی مرۆڤ لەگەڵ ئەمانەدا چیە؟

دەرخستنی جیاوازی نێوان مرۆڤـو ئەندامـەکانی دیکـەی نـاو ئـەم جینسە (واتە ئاژەڵ) بۆ پێناسەکەمان گرنگە، چونکە ئـەو جیاوازییـە کـە مانـای چـەمکی مرۆڤـمان بـۆ تـەواو دەکات لەهـەمان کاتـدا دەبـێ بنـەڕەت یـان جەوهـەری هـەبێت. ئەگـەر گوتمـان جیـاوازی نێوانیـان لەوەدایە کە مرۆڤ دووپایەو ئاژەڵەکانی دیکە چوارپان، خـۆ ئـاژەڵ و زیندەوەری دیکەش هەن کە بە دووپا دەڕۆن. ئەم جیاوازییە نابێت بە خەسـڵەتێکی تایبـەت بـە مرۆڤـ، کـەوابوو جگـە لـە "ئاگـایی"و "بیرکردنەوە" خەسڵەتێکی دیکە لە مرۆڤدا نادۆزینەوە لە ئاژەڵەکانی دیکەی جیابکاتەوە.

بەڕای ئەریستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ ز )، پێناسـەکەمان لێـرەدا خـۆی تـەواو دەکات. مرۆڤ ئـاژەڵێکی ئاگامەنـدە جینسـی مرۆڤـو جیاوازییەکـەیمان لەیەکـداوە کـە پێـی دەگوترێـت ( Definito fit per genus proximu met differentiam). بـابزانین ئـەم یاسـایە چـۆن بەسـەر بوونـدا دەچەسـپێت، خەسـڵەتی گشـتپڕیو هەمـەکی بـوون وادەگەیەنێت، کە بە پێچەوانەی بوونی مرۆڤو بوونی زینـدەوەرەکانی دیکـەوە، ئـەم جینسـێکی لـەخۆی گـەورەتری نیـە تـاکو تیایـدا ئەنـدام بێـت. دۆزینـەوەی جینسـی بـوونی مرۆڤـ (کـە لـە نمونـەی پێشـوودا باسکرا)، یان جینسی بابـەتێکی دیکە، ئاسانەو دەتـوانین بـە شـوێنیدا بگەڕێین بەڵام "بوون" هیچ جینسێکی نیە. گریمان جینسێکی لەخۆی گەورەتریشـی هـەبێت، ئـەوا نـاتوانین ئـەو خەسـڵەتە تایبەتمەنـدە پەیدابکـەین کـە جیـاوازی ئـەمو ئەنـدامانی دیکـەی نـاو ئـەو جینسـە دەستنیشـان بکـات. بـە حـوکمی ئـەوەی "بـوون" لـە جیـنس و ئـەو

جیاوازییــە بــەدەرە، ئــەوا یاساكەی ئەریســتۆی بەســەردا ناســەپێنرێ‌و پێناسە ناكرێت.

بۆئــەوەی ئــەم لێكدانەوەیــە ڕوونــترو ئاشــكراتر بێــت، باســی ئــەوە دەكەم، كە چۆن لــەلای هەنــدێك زانــای ڕۆژئــاوا، وەك ســپینۆزاو كانــت، یان زانا موسوڵمانەكان وەك موعتەزلەكان‌و تەنانــەت ئــیبن تەیمیــەش، خــودا لەبەرئــەوەی جینســی لــەخۆی گــەورەتری نیــە، ئــەوا پێناســە ناكرێــت‌و ناناســرێت‌و هــیچ كاتاگۆریەكیشی بەســەردا ســاغ نابێتــەوە. دەشێت بۆچوونەكانی ئەم زانایانــە لەیەكــەوە دووربــن. ئــیبن تەیمیــەو كانــت وەكــو ســپینۆزاو موعتەزلــەكان، بــۆ مەســەلەكە ناچــن، بــەڵام هەموویان لەئاستی ناسینی خوادا هەڵوێستێكی نێگەتیڤیان هەیە.

ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە یاساكەی ئەریستۆ، بۆ پێناسەكردنی چــەمكەكان دوا یاســایەو كــەس زاتــی ئــەوەی نیــە پەنجــەی یــاخیبوون هــەڵبڕێ‌و رەدی سیســتەمی لــۆژیكی ئــەم مامۆســتا مەزنــە بداتــەوە؟ دەشێت ئێمە واز لە گەشتەكەمان بهێــنین‌و لــەوە زیــاتر لــەمانای بــوون نەكۆڵینەوەو خۆمانی پێوە خەریك نەكەین؟ ئێمە لاریمان لە ئەریستۆ نیــە. ئــەوەی ئــەم زانایــە بــۆی دانــاوین لــەزۆر ڕووەوە ڕاســتە، بــەڵام ئەریســتۆ نــەهاتووە حــوكمی ئــەوە بەســەر ئێمــەدا بــدات كــە یاساكەی بەســەر هــەموو چــەمكێكدا دەچەســپێ‌و كــەس ناتوانێــت تۆزقاڵێــك لاری لێی هەبێت.

ئەم یاسایە بەسەر ئەم چەمكانەدا دەچەسپێت، كــە وابەســتەن بــە بابەتە بەردەستەكیەكانەوە، ئــەگینا ئەریســتۆ خۆشــی ناتوانێت باســی خودا لەناو سیستەمە میتافیزیكیەكەیدا بكات‌و بــە بزوێنــەری یەكــەم

یـان هـۆی یەکـەمی دابنێـت ئـەم یاسـایەی بەسـەردا بسـەپێنێت، بـەڵام کۆڵینەداوەو لە زۆر لایەنی فەلسەفەکەیدا لە بوونی خودا دواوە، لەبەر ئەم هۆیـە یاسـاکەی ئەریسـتۆ بەسـەر چـەمکی "بـوون"دا ناچەسـپێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە "بوون" وەکو نۆمینەکەی کانت، هەمیشە نـەزانـراو شـاراوەیەو هـەرگیز ناناسـرێت. بـوون سەرچـاوەو بنـەڕەتی هـەموو شـتێکە، نیشـتمانی پـیرۆزی مرۆڤــە کـە بـەبێ ئـەو ناتوانێـت هەبێتو ساتێك هەناسە بدات. مرۆڤی بێ دەوڵەت زۆرە بەڵام مرۆڤی بێ نیشتمان نیە.

لـەم دیـدەوە، نیشـتمان سـنورێکی تەلبەنـدکراوی جـوگرافی نیـە، بـەڵکو وڵاتێکـی پـانو بەرینـە، ئـەو خاکەیـە کـە "هۆلـدرلن" هۆنـەری ئەڵمانیا لە هۆنراوەی "گەڕانەوە بۆ نیشتمان"دا باسـیدەکات. نیشـتمان ئەو شوێنەیە کە جۆگەی خوێنی لەشمانی پێدادەڕواتو تیاشـیدا وشـك دەبێت: دووریمان لـەو خاکـە تووشـی مـەکۆی خـەمو نامۆیمـان دەکات، نامۆییەك کە لەگیانکێشان سـەختترە: هـەر ئـەمجۆرە نامۆییەشـە ئـاگر لــە دەروونــی تینــووی ســۆفی، فەیلەســوف، ئــەدیبو هونەرمەنــدان بەردەداتو چەندەها بلیمـەتی وەك ئـەفلاتون، هیگـل، نیتشـە، بـۆدلیر، مەحوی، حەلاجو ڕۆمی دەخولقێنێت.

من، لەم بەراوردکردنەدا ناڵێم کە بوونخوازێـكو سـۆفیەك هـاوڕان، بــەڵکو ئــەوەی کــە هــەردووکیان بەدوایــدا وێڵــن تــەنها ڕاســتی یــان هەقیقەتە، ئەنجا لێکدانەوەی مانای ئەو هەقیقەتە لـە بوونخوازێکـەوە بۆ سۆفیەك دەگۆڕێت. بۆ نمونە، لەلای هایدیگـەر هەقیقـەت بـوونێکی

بێگیانە، کەچی لای سپینۆزاو سوهرەوەردیو ئیبن عەرەبی، بـوونێکی گیانەکیو زیندووە.

توێژینەوەکـەمان زانستیانە نیـە، چـونکە بـوون بابـەتێك نیـە کـە بـەهۆی زانسـتەوە لـە ماناکـەی بکۆڵینـەوە. ئـەوەی لـەبارەی بوونـەوە دەیزانینو باسیدەکەین بنەمایەکی فەلسەفیانە (ئۆنتۆلـۆجی)ی هەیـە کــە وابەســتە بــە هــەبوونی بوونــەوە لــە دەرەوەی بازنــەی بــیرو ئەندێشەمان، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە بـوون هێمـاو فـۆرمی نـاو خـەونو ئەندێشـەی مرۆڤـ نیـەو ئێمـە پەیـدامان نـەکردووە، بـەڵکو ڕاستەقینەیەکی دەرەکیەو ئێمەشی لـەناو خۆیـدا پێچاوەتەوەو بـووین بە بەشێك لـە ئـەو. سـەرەڕای ئـەم خەسڵەتە دەرەکیـەو ئۆنتۆلۆجیـە، بـوون خەسـڵەتێکی دیکەشـی هەیـە، هـەروەك لەسـەرەتادا باسمـانکرد، ئـەویش "لـە بنـەڕەت بـە دەری"یـە. لەبەرئـەوە توێژینەوەکـەمان لـە ئاستی مانای "بوون" دا دەبێت بە ئۆنتۆلۆجیەکی بنەڕەتی[1] واتـە، لـە بوونێك دەکۆڵینەوە کە بنەڕەتی هەموو شتێکە.

وەکــو دەردەکــەوێت زانیاریمــان لــەبارەی بوونــەوە پووچــەڵو دەسـتکورت نیـەو تـا ڕادەیـەکیش ماناکـەی ڕوونو ئاشـکرایە. ئێمـە دەزانـین، بەشـێکین لـەو بوونـەی کـە هـەموو شـوێنێکی پڕکردۆتـەوە. لەهەر شوێنێکدا بین ئەوا لەناو بووندایینو لەگەڵ بووندایین. چاومان بەهەر دیمەنێکدا هەڵبێتو دەست لەهەر شتێکەوە بدەین ئـەوا ئـەو

---

(1) Heidegger, Martin. Being and Time, translated by John Macquarie & Edward Robinson, London: Blackwell, 1995. p.30

دیمەنە یان ئەو شتە بەشێکە لە بوون. بوون هێزێکی کپو بێدەنگە کە دەبێت بە سەرچاوەی هەموو بوونەوەرو ڕوودانێك.[1] دیاردەیەکە کە هەندێجار خۆی دەردەخاتو هەندێجاریش شاراوەیە. لایەنی دیارو نادیار، لایەنی بەرزو نزمی بوون جیانینو لە یەکتر دانابڕێن. لایەنی نادیار ئەوەندە شاراوەیە تا دەردەکەوێتو ڕۆشنایی زانینی بەردەکەوێت. بۆ نمونە، شەوان کە دەڕوانینە مانگ تەنیا ئەو ڕووەی دەبینین کە ڕویکردۆتە زەوی، دیوی ئەو دیوی نابینین، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دیوە نادیارەکەی مانگ وەکو نومینەکەی کانت نەناسراوەو شاراوەیە. پەیوەندی نێوان لایەنی دیارو نادیاری بوون پەیوەندی خۆیەتی لەگەڵ خۆیداو دوولایەنی ناکۆكو دژ نین کە پەیوەندییەکی دەرەکیان لەگەڵ یەکدیدا هەبێت. بوون ناوەڕۆکێکی شاراوەو بڵندی نیەو نهێنیەکی میتافیزیکی لەناو خۆیدا گەمارۆ نەداوە.

چارەسەرکردنی کێشەی "بوونی بنەڕەتی"و گەڕان بە شوێن ماناکەیدا کارێکی سەختو ئەستەم نیە. ئەگەر بوونخوازێك بیەوێت سیستەمێکی میتافیزیکی دابمەزرێنێت، ئەوا بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتە بەر ئۆنتۆلۆجی بنەڕتیو لەوێوە دەست بە گەڕان دەکات، بەڵام ئەوەی سەرنجی بوونخوازەکان ڕادەکێشێت دامەزراندنی سیستەمو گەڕان بە شوێن بنەڕەتی لە بنەڕەت بە دەر نیە.

---

(1) Heidegger, Martin. '' Letters on Humanism''. Basic Writings, David Farrell Krell (ed.) London: Routledge & Kegan Paul, 1978. p.196

گرنگترین‌و بەهادارترین کێشەی فەلسەفی لەلای بوونخوازەکان، بوونی مرۆڤە. مرۆڤ بڵندترین فۆرمی بوونەو جێگای تایبەتی خۆی هەیە. ئەم خەسڵەتەش پابەندە بە چۆنیەتی بوونیەوە کە لە بوونی بابەتە بەردەستەکیەکان جودایەو لەبەر ئەم هۆیەشە ئێمەش مرۆڤمان کردووە بە یەکەم وێستگەی ئەم گەشتە فەلسەفیەمان. توێژینەوەکەمان، بێئەوەی لەو ڕێچکەیە لابدات کە گرتوومانەتە بەرو بڕوامان پێهێناوە، دەبێت ڕەنگ‌و بۆیەکی فەلسەفیانەی هەبێت‌و لە بۆن‌و ماکی زانستیانەو ئایدیالیستانەش بە دوور بێت. توێژینەوەی فەلسەفیانە لە توێژینەوەی زانستیانەوە جیاوازە، ئەمەش لەخۆیدا کەموکورتی‌و تانە ناخاتە سەر فەلسەفە. توێژینەوەی فەلسەفیانە وەك توێژینەوەی زانستیانە دۆگماو بەرچاوتەنگ نیەو خۆی بە فاکتۆرە هەستەکیەکانی بەردەست نابەستێتەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە وەك زانستخوازێك ناڕوانینە مرۆڤ‌و بە تێکەڵە سیستەمێکی بایۆکیمی دانانێین. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە توێژینەوەکەمان مۆرکی ئایدیالیستانەی پێوەنیەو بوونی مرۆڤ بۆ ناوەڕۆکێکی نادیارو لە ماتەر بە دەر ناگەڕێنێتەوە.

ئەوەی ئایدیالیستەکان لە مرۆڤدا دەیبینن بوونی ناوەڕۆکێکی گیانەکی لە ماتەر بە دەرەو چاویان بە بوونی لەشیدا هەڵنەهێناوە، باشترین نمونەیەکیش کە لەبەر دەستماندا بێت بیردۆزە دووانەکیەکەی دێکارتە کەلە کۆجیتۆکەیدا "من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم" ڕەنگیداوەتەوە. کۆجیتۆکەی دێکارت دوو بەشی جیاوازی تێدایە، یەکەم "من بیردەکەمەوە" وابەستە بە بوونی

ناوەڕۆکێکی گیانەکیەوە کە لەخۆیدا سەربەخۆیەو دەتوانێت بەبێ بوونی لەش هەبێت. دووەم "من هەم" دان بە بوونی ماتەری لەش دەنێت کە ناوەڕۆکێکی جیاوازی هەیەو لە بوونی ئەو ناوەڕۆکە گیانەکیەوە بە دەرە. شیکردنەوەی کۆجیتۆ بەمشێوەیە دەمانگەیەنێتە چەند ئاکامێکی ناڕێكو نالەبار، وەك (پێشخستنی ناوەڕۆکێکی گیانەکیو پاشخستنی لەش) کە بوونخوازەکان ڕێگە نادەن ئەمجۆرە ئاکامانە لە فەلسەفەکەیاندا دەربکەوێت. دابڕینو پێکەوە بەستنەوەی ئەم دوو بەشە، واتە گیانو لەش ئەوەمان پێدەڵێت کە گیانو لەش دوو بوونی سەربەخۆنو بۆ هەبوونیان پەکیان لەسەر یەکدی نەکەوتووە! ئەگەر مرۆڤ، بەپێی بۆچوونی دێکارت ناوەڕۆکێکی گیانەکی بێت، ئەوا دەتوانێت بەبێ بوونی لەشیش هەبێتو بژی. لەش بۆ جوڵەو گۆڕانکاری ڕوودەکاتە ناوەڕۆکی گیانەکی، بەڵام گیان پێویستی بە لەش نیەو خۆی خۆی دەجوڵێنێت. جگە لەمەش کۆجیتۆکەی دێکارت جیهانو کۆمەڵگەی نەکردووە بە دوو مەرجی گرنگ بۆ بوونی مرۆڤ، بەڵکو جیهانی دەرەوە بە لایەنێکی بێگانە دادەنێتو زاتی مرۆڤی لێدادەبڕێت، ئەمەش مرۆڤ تووشی نامۆیی دەکات. زاتی مرۆڤ دەکات بە قەڵایەکی پۆڵینو شاراوەو نادیار لە کەسانی دیکەوە. ئەم بۆچوونە ئایدیالیستیە زەقتر لە فەلسەفەکەی "لایبنیز" دا دەرکەوتووە. بە ڕای ئەم زانایە، ناوەڕۆکێکی گیانەکی (مونادەکان)، کە مرۆڤو زیندەوەرەکانی لێ پێکهاتوون، داخراوو پڕنو هێزە دەرەکیەکان نەکاریان تێدەکەنو

نەدەیانجولێنن‌و نەتۆزقاڵێکیشیان لێ زیادو کەم دەکەن.[1] ئێستا کاتی ئـەوە هـاتووە کـە ئـەو پرسـیارە لـەخۆمان بکـەین: ئەگـەر مرۆڤـ ناوەڕۆکێکی گیانـەکی نـەبێت، ئـەی چیە؟ لـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارەدا پەنا دەبەینە بـەر ڕێچکەی فینۆمینۆلـۆجی‌و وا دەڕوانینـە مرۆڤـ کـە خـۆی دەردەخـات‌و بەوشـێوەیەی کـە هەیـە خۆیمـان پیشـاندەدات. خـۆ دەرخسـتن‌و خۆپیشـاندانی مرۆڤـ ئاگامەندانەیـەو خۆدەرخسـتن‌و خۆپیشاندانی بابەتەکانی دیکە نیـە. ئاگامەنـدێتی تـەنها بـەئاگابوون‌و ناسینی جیهانی دەرەوە نیە بەڵکو خۆناسین‌و خودئاگایشە. کاتێـك کـە مـن لـە پەنجـەرەی ژوورەکەمـەوە دەڕوانمـە باخچـەکەم، ئـەم کـارە ئەزموونە دوو جۆر ئاگایم لەلا دەخوڵقێنێت.

**یەکەم: بەئاگاهاتنەوە لە بوونی باخچەکە.**

**دووەم: بە ئاگاهاتنەوە لەوەی کە من دەڕوانمە باخچەکە.**

بەئاگاهاتنـەوەی دووەم گرنگـەو هەمیشـە لەگـەڵ هـەموو جـۆرێکی بەئاگابوونەوەدا پەیدادەبێت‌و ئەوەم بـۆ دەردەخـات کـە مـن دەزانم لـە پەنجەرەکـەوە دەڕوانمـە باخچـەکە. بـە ئاگاهاتنەوەشـم لـە باخچـەکە خەسـڵەتی تایبـەتی خـۆی هەیـەو وەك بەئاگاهاتنـەوەی دووەم نیـە. باخچەکە بابەتێکی دەرەکیەو لەناو مندا نیە، بەڵام من بە پێچەوانەی باخچەکەوە بابەتێکی دەرەکی نیم‌و لە دەرەوەی خودی (زات)ی خۆمدا نـاژیم‌و لـەخۆم جیانابمـەوە. "مـن"ی یەکـەم وەك ئاگـایی‌و "مـن"ی

---

(1) Leibinz ''Monadology''. *The Rationalists*، translated by George Montgomery. New York: Anchor Book, 1974. p. 455

دووەم وەك بابـــەتێكی ئاگـــایی یـــەك شـــتن‌و لەیـــەك نـــاترازێن، لەبەرئەمەشـــە كـــە ئـــەم دووجـــۆرە بـــە ئاگاهاتنەوەیـــە لەیەكـــدی جیادەكەینەوەو لەیەك تـای تـەرازوودا دایانـانێین. خـود نـاوەڕۆكێكی گیانـەكی نـەگۆڕ نیـە. گۆڕانكاریـەكانی نـاو خـود ئـەوە دەردەخـەن كـە بـــوونی ئـــەم خـــودە كـــەموكورت‌و ناتـــەواوە. خـــۆ ئەگـــەر خـــود كەموكورتیشی تێدانەبووایەو لە پلەیەكی بـەرزو تەواوكۆیشدا بووایـە ئـەوا گۆڕانكارییـەكان كاریـان تێنـەدەكردو ئـەویش خولیـاو ئـالودەی جوڵان‌و بەرەوپێشچوونی نەدەبوو.

گۆڕانكارییەكانی ناو خـود لـەپێناوی خۆتـەواوكردن‌و گەیشـتنە بـە پلەی تەواوكۆیی، بەڵام لەبەرئەوەی خود لەناو كاتدا دەژی‌و "خودێكی كاتی‌و مێژووییە"، ئـەوا تـەواوكۆیی ئۆتۆپیایـەو خـود هـەرگیز ناگاتـە ئەو پلە بەرزە بێ سنوورەی كە دیخوازێت‌و بەشوێنیدا عەوداڵە.

ئـــەم بۆچـــوونە ڕەشـــبینی نیـــەو لەبـــەردەم تێكۆشـــان‌و بـــەرەو پێشچووندا نابێتـە كۆسـپ‌و ڕێگـر. مرۆڤـ هەرچـۆنێك گەشـبین بێـت ناتوانێـت چـاو لـەو ڕاسـتیە بپۆشـێت كـە ژیـان كاتییـەو لەگـەڵ لەدایكبوندا مردنیش دێتەكایەوە. ناسینەوە یان زانینی ئەم ڕاستیە بە بۆچوونە ئۆنتۆلۆجیەكەمانەوە گرێدراوە كـە مرۆڤـ بـە بوونـەوەرێكی سـەر بـە جیهـان دادەنێـت‌و مـەدالیای نـەمری‌و هەمیشـەیی لـە یەخـە نادات! هەروەك چۆن بـوون لـەناو شـوێندا مـەرجێكی ئۆنتۆلۆجیانـەی بـوونی مرۆڤـە، بەهـەمان شـێوەش، بـوون لـەناو كاتـدا یـان كاتیـەتی بـوونی مرۆڤـ مـەرجێكی دیكـەی ئۆنتۆلۆجیـەو نـاتوانین بـەبێ ئـەم مەرجە بیر لـە بـوونی مرۆڤـ بكەینـەوە. لـەم ڕوانگەیەشـەوە دەگەینـە

ئەو بڕوایە کە بوونی مرۆڤ بوونێکی مێژووییە. ئەگەر بـوونی مرۆڤـ (بەوشێوەیەی ئایدیالیستەکان باسیدەکەن) ناماتریالو گیانەکیو نەمر بووایە، ئەوا بیرمان لە مێژووش نەدەکردەوە. مێژوو داسـتانی هـەوڵو تەقەلاو داهێنانی خودی مرۆڤـە لەپێناو گەیشتن بە پلەی تەواوکۆیی. مــەرج نیــە گەیشــتن بــە دواپلــە لــە ژیــانی خــوددا وەدەســتهێنانو پەیـداکردنی تـەواوکۆیی بێـت. مرۆڤـ لـە ڕێگـای مردنـەوە دەگاتـە دوا وێستگەی ژیانو کۆتایی بە گەشـتەکەی دێـت! کۆجیتـۆی دێکارت وەك کێشـەیەکی ئایدیالیسـتانە زیـاتر بایـەخ بەلایـەنی نادیـارو نـاوەڕۆکی گیانــەکی دەدات. بوونخـوازی بـاوەڕ بــە نـاوەڕۆکی گیانــەکی ناکـاتو بوونیش ناکات بـە پاشـکۆی ئـەو ناوەڕۆکـەی کـە بـڕوای پێهێنـاوە. لای بوونخوازەکـان ئەمســەرو ئەوســەری کۆجیتۆکــە دەبێــت بەمشـێوەیە بگۆڕدرێـت: "مــن هــەم کــەوابوو مــن بیردەکەمــەوە". ئـاڵوگۆڕکردنی کۆجیتۆکە بەمشێوەیە دوو خاڵی گرنگمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

**یەکـەم:** لەبەرئـەوەی نـاوەڕۆك (نـاوەڕۆکی گیانـەکی) پاشـکۆی بوونـەو بـەبێ بـوون نیـەو نابێـت، ئـەوا مرۆڤـ لـە پێشـیدا دێتـە بوونـەوە ئەوجا بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی خۆی دەدات.

**دووەم:** مــادام مرۆڤــ خــۆی بڕیــار لەســەر نــاوەڕۆکی خــۆی دەداتو هێزێکـی دەرەکـی نـاوەڕۆکی بـۆ نەچەسـپاندووە، ئـەوا خۆڕسـکێکی چەسپاوو نەگۆڕی نیە.

ئەم دوو خاڵە دەبن بە بنچینـەیەکی لۆژیکمەندانـە بـۆ سەربەسـتی مرۆڤـ. خۆ ئەگەر مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان مونادەکـەی لاینبیـز بێــتو خەســڵەتەکانی پــێ بەخشــرابێت خۆڕســکێکی نــەگۆڕی بــۆ

دیاریکرابێـــت، ئـــەوا سەربەســـتانە نـــاژیو بـــەو خۆڕســـکەوە مەحکوم دەبێت.

دەبیـــنین، ئـــەم توێژینەوەیـــە پەیوەندیـــەکی ڕاســـتەوخۆی بـــەو بڕواکردنـــە میتافیزیکیـــەوە هەیـــە کـــە بوونـــەوەرێکی بـــەهێزترو بەدەسـەڵاتتر لـە ژوور بـوونی مرۆڤـەوە دەستنیشـان دەکـات. زانایـانی وەك نیتشەو سارتەر هەمیشە لـەو بـاوەڕەدابوون کـە ئـەم بڕواکردنـە وادەگەیـەنێت مرۆڤـ توانـاو دەسـەڵاتێکی کـەمی پێـدرابێتو خـاوەنی هەڵبـژاردنو کردەوەکـانی خـۆی نـەبێت. ئەگـەر هـاتوو مرۆڤـ بـڕوای بەبوونی ئەو هێزە بە دەسەڵاتترە لەخۆی هێنا ئیتر ناتوانێت بـەرگری لە سەربەستی خۆی بکات. خۆ ئەگەر لەگـەڵ دێکـارتو شاگردەکانیشـی هـاوڕابینو بـڕوا بـە سەربەسـتیو توانـاو بڕسـتی داهێنـان بهێـنین بیردۆزەکەی دێکارت وادەگەیەنێت کە ئەگەر مرۆڤێك خراپ بێت ئەوا خراپـەکاری زگماکانـە لـە خۆڕسـکیدایەو لەگەڵیـدا دەژیو ناتوانێـت خۆڕسکیەکەی خۆی بگۆڕێتو هەر بە خراپیش دەمرێت.

ئەوانەی کە شوێن ئەم توێژینەوە ئایدیالیستانەیە کـەوتوون باسـی بەهاکانی ڕەوشـتو سـزادانیان نـەکردووە. بـەگوێرەی ئـەم نیشـانەیەی دێکارت ژیان ناچارەکییەو لە ئاست ڕووداوەکانی داهاتووشـدا ئیفلـیجو کلـۆڵین. بێگومـان باشـترین بەڵگـەو سـەلماندنی نـاکۆکیو نالـەباری بۆچـوونی ئـەم ئایدیالیسـتانە لـەوەدا دەردەکـەوێت کـە لـە سـزادانی پیاوخراپـان گوناهبـاران دەدوێـن. سـزادان هـەر چ شـێوەو فـۆرمێکی هەبێت چ لەناو کۆمەڵو چ لە ئایینەکانیشدا بەڵگەنامەیەکە بۆ بوونی

سەربەستی مرۆڤ لە ژیانـدا. مرۆڤـ تـاکو سەربەسـت نـەبێت، ئـەوا لـە ئاست ڕووداوەکانو کردەوەکانیـدا بەرپرسـیار نابێتو پێویسـتیش بـە سـزادانی نابێـت. ئـەم کێشـەیە لای زانـا موسـڵمانەکانیش (بەتایبـەتی موعتەزلـەکان) باسـکراوەو دژی بیروبـاوەڕی دۆگمـای ئەوانـە بەکاریانهێناوە کە پەیڕەوی فێرگەی ناچارەییان کردووە.[1]

(١) لە مێژووی ئایینی ئیسلامدا زانا وشکبیرەکانی سەر بە فێرگەی ناچارەیی (الجبریه) خۆیان لە تەختی خەلیفەکان نزیك کردۆتەوەو خەلیفەکانیش سوودیان لەم هەلە وەرگرتووەو بۆ چەسپاندنی حوکمڕانی زوڵمو زۆری خۆیان بەکارهێناوە. زۆر لەو زانایانەی بڕوایان بە سەربەستی (القدریه) هێنابوو سزادرانو بگرە کوژران. بۆنموونە گەیلان ئەلدیمەشقیو مەئبەد ئەلجیهانیو عومەر مەقسوس، بە فەرمانی خەلیفەکانی ئەمەوی لەناوچوون. هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك، فەرمانیدا دەستو پێی گەیلان بڕنو لاشەکەی بە دەروازەی شاردا هەڵبواسن (بڕوانە: الدینوری، ابن قتیبە. *الامامەو السیاسە*. القاهره ١٩٦٩ ص. ١٦٦).

# بەشی دووەم

## ئاگامەندی و پێشمەرگە
## ئۆنتۆلۆجیەکانبۆ بوونی  مرۆڤ

# ئاگامەندی و پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکان بۆ بوونی مرۆڤ

ئاگامەندی (شعور) ناتەواوەو کەلەبەرێکی گەورە لە بوونیدا هەیە. لەبەر ئەم هۆیەشە مرۆڤ بەپێچەوانەی بوونەوەرەکانی دیکەوە لە گۆڕانو جوڵاندایەو هێزێکی نێگەتیڤی دیالیکتیکانەی لەناوخۆیدا هەڵگرتووە کە دەبێت بە دەسەڵاتێك بۆ ڕەتدانەوە. بەئاگاهاتنەوە یان بیرکردنەوە جۆرێکە لە ڕەتدانەوە، تەنانەت بڕیاردان لەسەر هەر شتێك ڕەتدانەوەی شتێکی دیکەیە. بۆ نمونە کاتێك کە دەڵێین "نالی" هۆنەرێکی کوردە لەهەمان کاتدا مەبەستمان لەوەیە کە "نالی" هۆنەرێکی فارس نیە. هەموو ڕستەیەکی پۆزەتیڤ ڕەتدانەوەیە یان نێگەتیڤێکی شاردراوەیە. هەرکاتێك ڕەستەیەکی نێگەتیڤی وەکو "نالی هۆنەرێکی فارس نیە" بەکاردەهێنین ئەوا نێگەتیڤەکە لە وشەی"نیە"دا بەئاشکرا خۆی دەردەخاتو پەیوەندییەکانی نێوان "نالی"و "فارس" ڕەتدەداتەوە. ئاگامەندی خاوەنی ئەو توانایەشە کە خۆی لە بابەتەکانی بیرکردنەوە جیابکاتەوە. کاتێك کە لە "نالی" دەدوێم یان هەست بە بوونی مێزی ناو ژوورەکەم دەکەم باش دەزانم کە "من" وەك بوونەوەرێکی تایبەت، نالی یان مێزەکەم نیم. لەم حاڵەتەدا، ئاگامەندیم بوونی خۆمم بەدەستەوە دەداتو بابەتێکی دیکە جگە لە "نالی"و "مێز"ەکە لەبەردەممدا قوتدەکاتەوە.

ئاگامەندی خودی "خۆ"ی دەكات بە بابەتو خۆدەناسێت، یان ئاگای لەخۆی دەبێت"خود-ئاگایی" (Self-consciousness). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە بیركردنەوە بەتەنیا چوونەدەرەوە لە خودو تیشكدانەوە بەجیهانی دەرەوەدا نیە، چەند دەرهاوێژو ڕوو لەدەر بێت ئەوەندەش ڕوو لەناوخۆیە. هەموو ئاگامەندییەك خۆناسینیشی لەگەڵدایەو مرۆڤ هەرگیز "خۆ"ی لێ ون نابێت. خود-ئاگایی كە ڕۆڵێكی مەزن لە ژیانی مرۆڤی خۆناسدا دەبینێت بنەمای هەموو زانینێكە كە بەداخەوە دێكارت بایەخی پێنەداوەو باسی نەكردووە. كۆجیتۆی دێكارت تەنیا باسی جۆرێك لە بەئاگاهاتنەوەمان بۆ دەكات كە ئەویش بیركردنەوەیە لە بابەتەكانی جیهانی دەرەوەی خود (زات)و پەنجەی بۆ ئەم لایەنە ڕانەكێشاوە. با ئەم خاڵە گرنگەش بخەینە بەرچاومان كە مرۆڤ بەتەنها ئاگامەندی نیەو لەشیشی هەیە. ئاگامەندیو لەش دوو لایەنی تەواوكەری بوونی مرۆڤن كە بەبێ یەكدی نابنو بەبێ یەكێكیش لەمانە یان بەبێ هەردووكیان مرۆڤیش نابێت. كاتێك هەست بە تێنوێتی دەكەمو بەرداخێك ئاو دەخۆمەوە، ئەوا ئاگامەندیم بەبێ لەشم ناتوانێت دەستبدات بە بەرداخەكەو بەرزی بكاتەوە بۆ لێوم. لەشیشم بەبێ ئاگامەندی هەست بە تێنوێتی ناكاتو ویستی ئاو خواردنەوەی نابێت. ئەوەی كە ئاوەكە دەخواتەوە نە بەتەنها ئاگامەندییەو نە بەتەنها لەشە، بەڵكو ئەوە منم كە وەكو زاتێك یان مرۆڤێك، بەبێ ئاگامەندیو لەش نیمو نابم. ئێمە وەك ئەفلاتونو دێكارتو كانت ناڕوانینە كێشەی لەش. لەش ئەو كەشتیە نیە كە ئاگامەندی تێدا كەشتیوان بێت یان خانوویەك نیە بەكرێ

گرتبیتمانو هەرکاتێك ئارەزوو بکەین چۆڵی بکەینو خانوویەکی دیکە بەکرێ بگرین. ناتوانم بەوشێوەیەی دەڵێم خانووم هەیە بە هەمانشێوەش بڵێم لەشم هەیە. من لەشمو بەبێ لەش نابم. هەروەك لەسەرەتاوە باسکرا، مرۆڤ وێستگەی سەرەتاو کۆتایی گەشتەکەمانەو لێکۆڵینەوەکەشمان لە بوونی ئەوەوە دەستپێدەکاتو لەوێشدا کۆتایی دێت. هەروەك چۆن پرۆتاگۆراس دەڵێت: "مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە"، ئێمەش بەپێی ئەم گوتە بەنرخە بایەخ بەبوونی مرۆڤ دەدەینو بوونی ئەو لەپێش هەموو شتێکی دیکە دادەنێین!

بەو مەبەستەی کە باشتر بوونی ئەو بوونەوەرە بە بەهاو تایبەت دەستنیشان بکەینو بەتەواوی لە بوونی بوونەوەرەکانی دیکەی جیابکەینەوە، دەبێت بزانین بوونخوازەکان چۆن باسی مرۆڤ دەکەن. هایدیگەر بە "دەزاین" (Dasein) ناویدەباتو سارتەریش پێی دەڵێت "بوون-بۆ-خۆ" (Being-for-self). "دەزاین" زاراوەیەکی ئەڵمانیەو هایدیگەر لە پەرتووکەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٢٧ دا بەناوی Sein und Zeit بڵاوکرایەوە بۆ بوونی مرۆڤی بەکارهێناوە. دەزاین لە دوو وشە پێکهاتووە: "دا"(Da) واتا لێرە "زاین"(Sein) واتا بوون، هەردوو وشەکە پێکەوە دەبن بە "بوون-لێرە". واتای ئەم زاراوەیە مانای بوونی مرۆڤە لێرە یان لە جیهاندا. مرۆڤ بوونەوەرێکی جیهانیەو بەبێ بوونی جیهان نیەو نابێتو لە دەرەوەی جیهاندا بیر لە بوونی ناکرێتەوە. زاراوەکەی سارتەریش کە بەشێکی گەورەی لە پەرتووکی Being and Nothingness داگیرکردووە، لایەنی تایبەتمەندی مرۆڤمان بۆ دەردەخات، لایەنێك کە وابەستە بە

ئاگامەندیو ڕۆڵی ئاگامەندی لە ژیانی مرۆڤدا. "بوون-بۆ-خۆ" ئەو مانایە دەبەخشێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆناسەو ئاگای لە بوونی خۆیەتی، ئەمەش خەسڵەتێکە کە تەنیا بوونی مرۆڤ خاوەنیەتی. لەم بۆچوونانەوە یان لە توێژینەوەی واتای ئەم دوو زاراوەیەوە دەگەینە پێناسەیەکی نوێ بۆ بوونی مرۆڤ کە لەسەر کۆڵەکەی ئەم دوو زاراوەیە ڕادەوەستێت، ئەویش: "بوون لەناو جیهانداو خود-ئاگایی"یە.

جگە لەو ناتەواویو کەموکورتیانەی کە لە بوونی ئاگامەندیدا هەن خەسڵەتێکی دیکەشی هەیە. کە ڕەوتکردنو تیشك هاوێشتنە بۆ سەر بابەتەکانی جیهانی دەرەوە (Intentionality). ئاگامەندی ڕوو لە دەرە، تیشك دەخاتە سەر بابەتەکانو لەناو تاریکی دەریان دەهێنێتو پەیدایان دەکات. ئەم ڕەوتەش کە لە زەمینەی کەم و کورتیەکان و ناتەواوی بوونیەوە هەڵقووڵاوە خەسڵەتێکی دینامیکی بەئاگامەندی دەبەخشێت. ئەگەر ئاگامەندی بوونێکی تێرو تەسەلی هەبووایە وەك فۆرمی ئایدیاکەی ئەفلاتوون یان وەك ناوەڕۆکە گیانەکیەکەی دێکارت بوایە، ئەوا پەنایان نەدەبردە بەر گۆڕانکاریو هەوڵی خۆ تەواوکردنیشی نەدەدا، هەر لەبەرئەمەش کە مرۆڤ ناتەواوەو ناوەڕۆکێکی نە-پڕی هەیە. بوونێکە هەیەو نیە، هەیە چونکە خاوەنی دەستەیەك پرۆژەو خەسڵەتی جیاوازە کە هێناویەتە بەرهەم، لەهەمان کاتیشدا بوونێکە کە نیە یان هێشتا نەهاتۆتە کایەوە، چونکە گەلێك پرۆژەی دی لەژیانیدا هەن کە هێشتا پێیان نەگەیشتووەو نەبوون بە بەشێك لە بوونی. نەبوون وەکو سێبەر لە بوونی مرۆڤ دانابڕێت هەر بەو نەبوونیەشەوە مرۆڤ دەمرێتو

کۆتایی بە داستانی ژیان دێت.[1] نەبوون لایەنی نێگەتیڤی "بوون"ـە، هەروەك چۆن هەست بە بوون دەکەین بەهەمان شێوەش "نەبوون" دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی ڕۆژانەمانەوە. بۆ نمونە: من دەمەوێ هاوڕێکەم لەپەرتووکخانەدا ببینم، کە دەگەمە ئەوێ بە چاو تەمەشای هۆڵی خوێندنەوە دەکەمو بۆی دەگەڕێمو نایبینم، چونکە هاوڕێکەم لەوێ نیە. ئەم ئەزمونەی من لە ئاستی "نەبوونی" هاوڕێکەم لە پەرتووکخانەکە دەرك کردنە بە نەبوونی. ئەگەر هاوڕێکەم لەپێش مندا بگەیشتایەتە ئەوێو لەناو هۆڵەکە دابووایە ئەوا من هەستم بە بوونی دەکردو ئەم "نەبوون"یە بەزەقی لەبەردەممدا قوتنەدەبووەوە.[2] بەمشێوەیە بوونو نەبوون لە ئەزموونەکانماندا دەردەکەونو دەرکیانپێدەکەین، بە پێچەوانەی بۆچوونی هێگڵیشەوە بوونێکی پڕو ستاتیکی نابێت بە سەرچاوەی نەبوون.[3] نەبوون خەسڵەتێکی بنەڕەتی ئاگامەندییەو لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەرهەڵدەدا، جگە لە نەبوون زۆر کێشەی دیکە هەن کە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا لەدایکدەبن، بۆ نمونە، زریان بەتەنها بۆ مرۆڤ ترسناكو ماڵوێرانکەرە، خۆ ئەگەر زریان هەرەس بە چیاکانیش

---

(١) "نەبوون" لە فەلسەفەی هێگڵیدا لە بوونەوە پەیدادەبێت. بوونیش لە لۆژیکی هێگڵدا یەکەم کاتیگۆریەو بنەڕەتی هەموو کاتیگۆرەیەکانی پاشترە. بوونخوازەکان لەگەڵ ئەم ڕایە دانینو لەو باوەڕەدان کە "نەبوون" لەناو بوونی مرۆڤدایە یان ئاگامەندی هێناویەتە کایەوە.

(2) Sartre, Jean-Paul. *Being and Nothingnes,*، translated by Hazel E. Barnes. New York: 1956. p.41-43

(3) Hegel. *Encyclopedia*, Part One. Section 86.

بهێنێت ئەوا ئەو ڕووداوە لە دیدی ئێمەدا زیانبەخشە، چونکە دەشێت ئەو کارەساتە هەڕەشە لە بوونمان بکات. ئەگینا بەردو خۆڵی چیاکان لە دوای زریانەکەش هەروەکو خۆیان دەمێننەوەو لەناوناچن.

پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە لەسەر چۆنیەتی ئاگامەندی کاتی ئەوە هاتووە مەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان بۆ بوونی مرۆڤ ئاماژە بکەین. توێژینەوەکەمان پەیڕەوی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی دەکات. ئەم ڕێچکەیەش " ئەدمۆند هوسرڵ"[1] فەیلەسوفی ئەڵمانی دایمەزراندووە. بەگوێرەی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی لە ئاستی هەموو لێکۆڵینەوەیەکدا پێویستە لە سەرەتاو لە یەکەم هەنگاوماندا هەڵوێستێکی ساکارانە یان سروشتیمان (Natural Attitude) هەبێتو وەکو مرۆڤێکی سادە نازانستیانە بڕوانینە بابەتەکەو لەوە زیاتر مێشکی خۆمان بەو

(١) ئەدمۆند هوسرڵ لە ساڵی ١٨٥٩دا لە دایکبووەو لە ساڵی ١٩٣٨دا مردووە. هوسرڵ لە زانکۆکانی "لایپیزش"و "بەرلین"و "ڤیانا"دا خوێندوویەتیو نامەی دکتۆراکەی لەسەر ماتماتیك لە ساڵی ١٨٨٣دا لە زانکۆی ڤیانادا تەواوکردووە. لەژێر کارتێکردنی فرانز بریتانۆ لە ڤیانا دەستیکردووە بە خوێندنی فەلسەفەو لە زانکۆکانی "گوتنگن"و "فرایبۆرگ" لە ئەڵمانیادا مامۆستایەتی کردوە. لە زانکۆی فرایبۆرگ دەبێت بە هاوڕێی هایدیگەر کە ئەویش لەوکاتەدا لەهەمان زانکۆ مامۆستای فەلسەفە بووە. کە نازیەکان دەسەڵاتیان پەیداکرد، لەبەرئەوەی هوسرڵ جولەکە بوو لە زانکۆ دەرکراو تەنانەت مافی ئەوەشی پێنەدرا کە لە پەرتووکخانەکاندا بشخوێنێتەوە! جگە لە بوونخوازەکانی وەك "هایدیگەر"و "سارتەر"و "میرلۆپۆنتی" گەلێك فەیلەسوفو زانای دی هەن پەیڕەوی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی دەکەن. هوسرڵ لەسەردەمی مامۆستایەتیو ژیانی زانکۆیدا، فینۆمینۆلۆجی کرد بە بزوتنەوەیەکی فەلسەفیانەو گەلێك شاگردی وەك "ئۆسکار بیکەر"، "ماکس شیلەر"، "ئەلەکسەندەر پفیندەر"و "موریس گایکە" لە دەور کۆبوونەوە. لە ساڵی ١٩٠٥دا هوسرڵ دوو گروپی لەم شاگردانە پێکهێنا، گروپێك لە میونێخو گروپێکی دی لە شاری گۆتنگن. هەریەکێك لەم گروپانە بە جیا هەموو هەفتەیەك کۆڕیان دەبەستو باسی چالاکیە فەلسەفییەکانی خۆیانیان دەکرد.

بیردۆزو بیروباوەڕانەوە نەبەستینەوە کە لە پێش لێکۆڵینەوەکەی ئێمە هەبوونو کەسانی دیکە هێناویانەتە کایەوە. ئەم هەڵوێستە کە بوو بە بەردی بناغەی ئەم ڕێچکەیە ئەوەندە لە ڕێچکە گومانکارییەکەی دێکارتەوە یان هێرمینیۆتیکی "ئیمام غەزالی"ییەوە دوور نیەو هوسرڵ لەژێر کارتێکردنی دێکارتەوە ڕێچکەکەی دامەزراندووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بوونخوازەکان بێ مشتو مڕ لەگەڵ هوسرڵدا ڕێکنو لارییان لە بیروباوەڕەکانی نیە!

بوونخوازەکان خۆ (زات)ی مرۆڤ لەجیهانو مێژوو دانابڕنو بڕوایان بەوە نیە کە (خۆ) پێویستی بە دەوروبەری نەبێت. بۆ بوونخوازەکان مرۆڤ جیهانیەو خولقێنەری مێژووشە، بەبێ ئەم خەسڵەتە یان ئەم ڕۆڵە گرنگە، بیر لە بوونی ناکرێتەوە.[1] هەڵوێستی ساکارانە بە بیروڕای هوسرڵ، وەکو زانایەکی ماتماتیك، کردنەوەی دوو کەوانەو دانانی بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان لەناو ئەو دوو کەوانەدایە. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە خۆمان لە کێشەکانی دەرەوەی کەوانەکان دووربخەینەوەو واز لە هەموو پێشبیرو پێشبڕیارێك بهێنینو بڕوانینە بابەتەکەمان. پاش کردنەوەی ئەم کەوانەیەو دانانی بابەتەکەمان لەناویدا بە شوێن خەسڵەتی بابەتەکەدا دەگەڕێین تا ناوەڕۆکەکەی بناسین. بە دیدی هوسرڵ ناوەڕۆکی بابەتێك لە ڕێگای دۆزینەوەی خەسڵەتە نەگۆڕو سەرەکیەکانیەوە دەدۆزرێتەوە. ئەم

---

(1) Wachterhauser, Brice. *Hermeneutics and Modern Philosophy*, State University of New York Press، 1986. p.20

هەڵوێستە كە بە هەڵوێستی دووەم دادەنرێت لە هەڵوێستی یەكەم جیاوازەو فەلسەفیانەیە، داماڵینی فینۆمینۆلۆجیانە (Phenomenological Reduction) یە یان داماڵینی خەسڵەتە نەگۆڕەكانە لە بابەتەكە.

جارێكی دیش دەگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵە كە بوونخوازەكان بیروباوەڕی هوسرڵیان وەك خۆی نەجوەتەوە. بە دیدی هایدیگەر فینۆمینۆلۆجیەكەمان هێرمنیۆتیكانەیە (Hermeneutic Phenomenology). هێرمنیۆتیك زاراوەیەكی یۆنانیەو لە ووشەی "هێرمن"ـەوە هاتووە كە لە میتۆلۆجیای یۆنانیدا پاڵەوانێك بووە فەرمانی خودای گەیاندۆتە مرۆڤـ. هەروەها ئەم زاراوەیە واتای "تەفسیركردن" دەگرێتەوە. بۆ یەكەمجار زاراوەی هێرمنیۆتیك بۆ تەفسیركردنی پەرتووكە ئایینیەكانی وەك "تەورات"و "ئینجیل"و "قورئان" بەكارهات، لەپاشاندا "شلایەماخەر"ی فەیلەسووفی ئەڵمانی كە هاوسەردەمی هێگڵ بووە پەرەیپێداو لەسەر بناغەیەكی فەلسەفیانە دایمەزراند. دواتر "دڵتی" زیاتر پەرەیپێداو بۆ لێكۆڵینەوەكانی لەسەر كۆمەڵو مێژوو سودی لێوەرگرت. هێرمنیۆتیك ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو كە تێگەیشتنمان لە پەرتوكێك بەگشتی دەكەوێتە سەر تێگەیشتنمان لەبەشەكانیو بەهەمان شێوەش لەو بەشانەی دەگەین كە لەپەرتوكەكە بەگشتی بگەین.

گومانی تێدا نیە لێکدانەوەی ئەم پەیوەندیە لەنێوان "هەموو"ی تێکستێكو "بەشەکانی" لەسەر یاسای دیالێکتیکی ڕاوەستاوە کە هێگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) لە سیستەمی لۆژیکەکەیدا بە ئاشکرا لێیدواوەو بڕوایەکی قوڵی بە وابەستەیی ئۆرگانیکی هێناوە کە بەهیچ جۆرێك ڕێگە نادات بەشەکانی لە "هەموو" جیابکەینەوەو بەتەنهاو بەبێ "هەموو" بتوانین ناوەڕۆکی پێناس بکەین.[1] ئەم بۆچوونە دیالێکتیکیە مارکسو چەند فەیلەسوفێکی دیکەشی (بۆنمونە، هایدیگەر) گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە بوونی مرۆڤ وەکو بوونی تاکێکی سەربەخۆو تایبەتمەند هەرگیز لەجیهانو کۆمەڵ دابڕا ناکرێو نابێت. تێگەیشتنمان لە بوونی مرۆڤ بەستراوە بە تێگەیشتنمان بە بوونە گشتیەکەوەو بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هەتاکوو لە بوونی مرۆڤ نەگەین ئەوا لەمانای بوونیش حاڵی نابین.

"دلتی" ئەم سوڕانەوەی ناوناوە (بازنەی هێرمنیۆتیك) لەم بوارەدا، هایدیگەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیەو هێرمنیۆتیکی لە تەفسیرکردنی تێکستەوە گۆڕیوە بۆ تەفسیرکردنی بوونی مرۆڤ و مانای بوونە هەمەکیەکەی. گەلێك زانای دیش هەن وەك "دریدا"و "فۆکۆ" کە لەژێر کارتێکردنی هێرمنیۆتیکی هایدیگەردا بۆ کێشەکان دەچن. هەندێکی دیش ڕاڕەوەی هێرمنیۆتیکی نوێیان پەیداکردووە، بۆ نمونە، شاگردانی سەر بە فێرگەی فرانکفۆرت بە ڕابەرایەتی

---

(١) هێگڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو. بەشی ١٣٦.

"هاربەرماس" کە بڕوایان بە هێرمنیۆتیکی ڕەخنەگرانە هەیەو مارکسیەکانیش هێرمنیۆتیك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە ڕامیاریو کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن.[1]

بەگوێرەی هێرمنیۆتیکی فینۆمینۆلۆجی بۆ تێگەیشتنمان لە بوونی مرۆڤـو بەستنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا پێویستە واز لە هەموو بیردۆزو پێشبیرێك بهێنین کە لەپێش لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکەی ئێمەدا پەیدابوونو کەسانی دیکە دایناون، ئەمەش لەپێشەوە باسمانکردو ناومانناا "هەڵوێستی سروشتی" یان کردنەوەی دوو کەوانەو چاونوقاندن لە ئاستی ئەو کێشانەی کە دەکەونە دەرەوەی کەوانەکان. بۆئەوەی ئەمەش زیاتر ڕوونبکەینەوە

(١) فێرگەی فرانکفۆرت: لە ساڵی ١٩٢٣ لە شاری فرانکفۆرت دامەزراو بوو بە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریو گەلێك زاناو نووسەری وەك "هۆرکایمە"، "فردریك پولوك"، "گروسمان"، "بنیامین"، "ئەدۆرنۆ"، "هەربەرت مارکوز"و "هابەرماس" ئەندامی بوونو کاریان تێداکردووە. ناوی تەواوی فێرگەکە "ئامۆژگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی"یەو لە پاش ساڵی ١٩٢٧ واتە دوای هاتنی "ماکس هۆرکایمە"، وەك سەرۆکی فێرگەکە، گۆڕانێکی ئایدیۆلۆجی بەسەردا هاتوو لەو ڕۆژەوە ئەم فێرگەیە وەکو مەڵبەندی بیروباوەڕی "مارکسیزمی نوێ" ناسراوە کە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیاندا ئەم زانایانە بۆ ناسینی بارودۆخی کۆمەڵ سەرەڕای ئەوەی کە مارکسیانە ڕوانیویانەتە کێشەکان پەناشیان بردۆتەبەر زانستی سایکۆلۆجیو سودیان لە فرۆیدیش وەرگرتووە. زۆربەی ئەندامانی فێرگەکە لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی نازییەکان ئەڵمانیایان بەجێهێشتو چوون بۆ ئەمریکا. دوای تێکشکانی نازیزم هۆرکایمەو ئەدۆرنۆ گەڕانەوە بۆ ئەڵمانیاو فێرگەکەیان ئاوەدان کردەوەو بە سەرۆکایەتی هابەرماس ڕۆڵی گرنگیان لە ڕاپەڕینی خوێنکاراندا لە شەستەکاندا لە ئەڵمانیادا بینیوە، تەنانەت ئەدۆرنۆ بە پێغەمبەری شۆڕش دادەنرا! هەروەها ئەدۆرنۆ یەکێکە لەو زانایانەی کە تەفسیرێکی ڕادیکالانەی دیالەکتیکی کردووە.

دەگەڕێینەوە سەر نمونەکەی پێشوو "بینینی هاوڕێکەم لە هۆڵی پەرتووکخانەکەدا." کاتێك کە هاوڕێکەم دەبینمو درك بە بوونی دەکەم وا بیرناکەمەوە کە ئەو هاوڕێیەم ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان دەستەیەك مۆنادی ووردو بەچاو نەبینراوە. خۆ ئەگەر بیردۆزەکەی دێکارت یان ئەوەی لایبنیز دروستو گونجاویش بن، ئەوا لەم ئەزموونەدا هاوڕێکەم وەك ناوەڕۆکێکی گیانەکی یان مۆناد خۆی بۆ من دەرناخات. ئەوەی من هەستی پێدەکەم بوونی مرۆڤێکی بالاّ بەرزی قژ ڕەشە کە لە سوچێکی هۆڵەکەدا دانیشتووە. جگە لەم درك کردنە ئەزموونێکی دیم لا پەیدانابێت.

وازهێنانمان لە بیردۆزو پێشبڕیارەکان یارمەتیمان دەدات لە ئاسۆیەکی نوێو بێلایەنەوە بڕوانینە بابەتەکە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بە تەواوی خۆمان لە واقع دەپچڕێنینو هەموو پێشبیرێك ڕەتکەینەوە، هەرچەندە هەنگاوەکەمان نوێو ڕەسەن بێت ئێمە ناتوانین بەبێ زانینی زمان یان ئەو مەبەستەی هەمانەو هێزو توانا دەدات بە لێکۆڵینەوەکەمان دەست بە گەشتەکەمان بکەین. ئالەم حاڵەدا، ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هوسرلو هایدیگەرەوە. بە دیدی هایدیگەر، بوونی زمانو مێژوو یان مەبەستو خواستی ئێمە پێش هەموو لێکۆڵینەوەیەکی هێرمنیۆتیکی دەکەوێت. زمانو مێژووش دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتینو واقعیەتی جیهانو کۆمەڵ دەسەلێنن. بەبێ دەستەیەك زاراوەو وشە کە زمانەکەمان دەماندانێ لێکۆڵینەوەو تەفسیرکردن مەحاڵە. ئەم زاراوانەش کە هەموو کەسێك دەتوانێت یان

بۆی هەیە بەکاریانبهێنێت لە "پێشتر"ن‌و بۆ تێگەیشتنمان لە بابەتی ناو کەوانەکە گرنگ‌و پێویستن.[1]

لە قۆناغی دووەمدا، بەرێگەی دامالینی فینۆمینۆلۆجیانە خەسڵەتە سەرەکی‌و نەگۆڕەکانی مرۆڤ دەدۆزینەوە کە دەبن بە پێشمەرج بۆ بوونی. ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئەم پێشمەرجانە ناخەینە سەر ناوەڕۆکی مرۆڤ یان بە ناوەڕۆکیان دانانێین‌و لەم خاڵەشدا پەیرەوی هوسرڵ ناکەین. ئەوەی هوسرڵ باوەڕی پێهێناوە هیچی لە بۆچوونە ئایدیالیستەکەی ئەریستۆ‌و دێکارت کەمتر نیە. پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکان نەگۆڕو هەمەکین‌و بۆ بوونی هەموو تاکە مرۆڤێك خۆیان ساغ دەکەنەوە. ئەگەر ئێمە ئەم پێشمەرجانە بە ناوەڕۆك دابنێین ئەوا مرۆڤیش وەکو بوونەوەرەکانی دی‌و دارو بەرد دەبێت بەخاوەنی ناوەڕۆکێکی نەگۆڕو هەمەکی‌و جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا وون دەبێت.

هایدیگەر بەئاشکرا دەڵێت: "ناوەڕۆك (wesen)ی ئەمجۆرە بوونەوەرە، مرۆڤ، لە بوونیدایە. ئێمە دەبێت بەگوێرەی ڕێچکە ئۆنتۆلۆجیەکەمان ئەوە ئاشکرا بکەین کە بوونی مرۆڤ (Existenz) وەکو بوونی بوونەوەرەکانی (Existentia) دیکە تەماشا نەکرێت.[2] سەرەڕای ئەمەش هوسرڵ لەگەڵ ئەریستۆدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی

---

(1) Wachterhauser, Brice. Op.cit., p. 23.

(2) Heidegger, Martin. *Being and Time*, translated by John Macquarie & Edward Robinson, London: Blackwell، 1995. p.68.

که ناوەڕۆك بنەڕەتو هۆکاری بوونە.[1] ڕێکەوتنی هوسرڵ لەگەڵ ئەریستۆدا نارێك نیە بەلام کەموکورتیەکەی لەوێدا دەردەکەوێت که ئێمه بۆچوونەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە بۆ پێناسکردنی مرۆڤ بەکاربهێنین.[2]

پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکان دەستەیەك خەسڵەتی نەگۆڕنو هەرگیز نابن بە ناوەڕۆکی مرۆڤ. بۆئەوەی باشتر لەم خاڵە بگەین حەزدەکەم بەراوردێکی نێوان ڕۆڵی ئەم پێشمەرجانە لەگەڵ ڕۆڵی کاتیگۆریەکانی ناو فەلسەفەکەی کانت بکەم. کانت لە بەشی یەکەمی پەرتووکەکەیدا critique of *pure* Reason دەبێژێت که هیچ هەستکردنێك بەبێ "کات"و "شوێن" ڕوونادات. کاتو شوێن دوو پێشمەرجن بۆ هەستکردن. له بەشی دووەمی هەمان پەرتووکدا، کاتیگۆریەکانی کردوە بە پێشمەرج بۆ بیرەکان یان ئایدیا. بۆنمونە "میقدار" و"خەسڵەت" دوو کاتیگۆرین که ئەگەر بیری هەرچ جۆرە بابەتێکمان لا دروست ببێت ئەوا ئەم دوو کاتیگۆریەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە. هایدیگەر لەم لایەنەوە "کانت"یانە بۆ مەسەلەکە دەچێت و هەرگیز لەگەڵ ئەریستۆو هوسرڵدا یەکناگرنەوەو ڕێگایەکی نوێی گرتۆتەبەر.

---

(1) Aristotle. *Metaphysics*, Z Book VII. Chp. IV.10296.

(٢) بڕوانە: محەمەد کەمال، "چۆن لە ناوەڕۆکی مرۆڤ دەگەین؟"، *گۆڤاری ڕەهەند*، ژمارە٥، ١٩٩٨، سوێد، لا ١٢٩.

پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکان هەمەکیو نەگۆڕن، پێویستنو رەفزکردنو ڕەتدانەوەیان مەحاڵو کێشەیەکی پارادۆکسیە. ئەگەر بڕوامان بە بوونی مرۆڤ هەبێت ئەوا دەبێت بڕوا بە بوونی ئەو پێشمەرجانە بکەین. ئایا ئەم پێشمەرجانە چۆن دەدۆزینەوەو کامانەن؟ پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەکان یان وەك هایدیگەر دەڵێت: "Existentials" کاتیگۆری ڕەوان و بیرەکی نین وەك ئەوەی کانت باسیکردوەو لەهەمان کاتیشدا وەك ڕەنگو بۆنو گەورەییو بچوکی کۆمەڵێ خەسڵەتی هەستەکی نین، بەڵکو کۆمەڵێك مەرجن کە پەیوەندییان بە هەردوو جیهانی نا بیرو دەرەوەی بیرەوە هەیەو لەڕێگەی داماڵینی فینۆمینۆلۆجیەوە دەیاندۆزینەوە. هەندێك لەم پێشمەرجانە وەك، بوون- لەناو جیهاندا (In-der-Welt-Sein) یان بوون لەگەڵ کەسانی دیدا (Mit-Sein) بوون-لەناو شوێندا پەیوەندیە دەرەکیەکانی مرۆڤ ڕووندەکەنەوە هەندێکی دیکەیان وەك مەزاج (Befindlchkeit) تێگەیشتن (Verstehen)، زمان ئاخافتن، نیگەرانی (Sörge)، بوون-بەرەو-مردنو زۆری دیش لەناو بونی "خۆ"ی مرۆڤدا کاردەکەنو ڕۆڵ دەبینن.[1]

هەموو ئەم مەرجانە ئەگەر سەرنجێکی ووردیان بدەینێ ئەوە دەگرنەوە کە بوونی مرۆڤ بەبێ ئەمانە نابێت مرۆڤ دەبێت لەناو جیهاندا بێت، لەگەڵ کەسانی دیکەدا بژی، مەزاجی هەبێتو لەخۆیو

(1) Heidegger, Martin. op.cit., p.155.

دەوروبەری تێبگات، زمانزان بێت، نیگەران بێتو دوای هەموو ئەمانەش بمرێت.

بوون - لەناو - جیهان (*In-der-Welt-Sein*) کە یەکەم پێشمەرجەو لە هەموو پێشمەرجەکانی دیکە هەمەکی ترو گرنگترەو لە دوو بڕگەی سەرەکی پێکهاتووە: "لەناو"و "جیهان". مانای ئەم بڕگانە لە بوونی مرۆڤەوە بۆ بوونی ئاژەڵو بوونەوەرەکانی دیکە دەگۆڕێت. بونی "من" لەناو جیهاندا وەکو بوونی کورسیو مێز لەناو ژوورەکەمدا نیە.

واژەی "لەناو" ئەو فاکتۆرە دەردەخات کە منو کورسیو مێزەکە لەناو جیهانداین، بێگومان لەڕووی ڕێزمانو زمانەوانیەوە بەکارهێنانی ووشەی "لەناو" بۆ مرۆڤێكو بۆ کورسیو مێزەکە جیاوازی نیەو ماناکەی ناگۆڕێت، بەڵام لە ڕووی فەلسەفیەوە ماناکەی دەگۆڕێت. بوونی "من" لەناو جیهاندا وەك بوونی کورسیو مێزەکە تەنها پڕکردنەوەی بۆشاییەك نیە، چونکە من بەئاگاوە لەناو جیهاندامو "جێنشین" بوومو خەمخۆرو دڵنیگەرانی دەوروبەرمم! مێزو کورسیەکەش لەناو جیهاندان، بەڵام ئەم هەڵوێستەیان نیە.

"جیهان"، بڕگەی دووەمی ئەم پێشمەرجە، سروشتێکی ڕووت نیە وەك ئەوەی کە هەندێك لە زاناکان بە "سنووربەدەر"و هەندێکی دیشیان بە "سنووردار" دایدەنێن، هێزێکی دەرەکی هەڕەشەکەرو ترسناك نیە کە خۆی بە کۆسپو تەگەرەو ئێمەش هەوڵ بەسەر زاڵبوونو داگیرکردنیدا بدەین.

جیهان خاکی پیرۆزی مرۆڤە. ئەو شوێنەیە کە تیایدا لەدایکبووینو تیاشیدا دەمرین. گرنگ نیە مرۆڤ لە چ وڵاتێکدا لە دایکدەبێتو لەکوێ بمرێت، ئەو لە هەرچ شوێنێك بێتو لە هەرچ وڵاتێکدا بژیو هەرچ سنوورێکی ڕامیاری بە دەوردا کێشرابێت هەر لەناو جیهاندایەو ساتێك لە دەرەوەی جیهاندا ناژی! مرۆڤ جیهانییە بۆیە ڕووداوو کارەساتەکانی جیهان کاردەکەنە سەر باری دەروونو بیرکردنەوەیو توشی هەڵچوونو داچوونی ویژدانیو عاتفی دەکەن. ئەم جیهان پەروەرییە ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینیو میتافیزکییە، بەتایبەتی ئەو بیروباوەڕەی کە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی لەجیهان بەدەر دادەنێتو بوونیشی دەبەستێتەوە بە هۆکارەکانی ئەودیو جیهانەوە. هەروەها ئەوانەی بڕوایان بە نوێکاری (modernity) هەیەو پەیڕەوی فەلسەفە دووالیزمەکەی دێکارت دەکەن جیهان بە هێزێکی دەرەکیو نامۆ دادەنێن. لەژێر کارتێکردنی نوێکاریو شۆڕشی پیشەسازیو بەرەوپێشەوەچوونی تەکنۆلۆجیدا، کۆمەڵگای نوێخواز هەوڵیداوە بەسەر جیهاندا زاڵ بێتو لەدەست ئەو مەترسیە ڕزگاری بێتو بەروبوومی بخوات. ئەم خاڵە گرنگە بەتەواوی لەبیرچۆتەوەو دەرگی پێنەکراوە کە جیهان نیشتمانی مرۆڤەو هێزێکی دەرەکی نامۆ نیە تاکو هەڕەشە لە بوونی بکاتو بەنیگەرانیەوە تیایدا بژین. ڕەفتاری دوژمنانە لەگەڵ ماڵو نیشتمانی خۆماندا کە ئێمەش بەشێکی جیانەکراوەین لەو، لە ئەنجامی بۆچوونی فەلسەفەی نوێکارییەوە پەیدابوو کە کۆمەڵی گەیاندۆتە کەناری تراجیدیایەکی ترسناكو لەناوچوونی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە (کەوکەبە).

بەکورتیەکەی لەم پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیەدا جیهان سێ مانا دەبەخشێت:

**یەکەم:** جیهان وڵاتی مرۆڤە.

**دووەم:** جیهان شوێنێکە پڕە لە کەلوپەلی بەردەست کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین.

**سێیەم:** جیهان پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجیە بۆ بوونی مرۆڤ.

ئەگەر مرۆڤ هەبێت، ئەوا دەبێت لەناو جیهاندابێت.

بابزانین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان چۆنە؟ مرۆڤ چۆن جیهان دەناسێت؟

دێکارت پەیوەندیەکانی نێوان "خۆ"و "دەرەوەی خۆ"ی بەستۆتەوە بە زانینەوەو لەسەر زەمینەیەکی ئەپستمۆلۆجی دایانیمەزراندوە. ئەم کارە تا ڕادەیەك دروستەو حاشا لەوە ناکرێ کە زانین پەیوەندیەکی هەرە پێویستو گرنگە، بەڵام زانین تەنها پەیوەندی نێوان "خۆ"و "جیهان" نیە. "خۆ" لە چەند ڕێگایەکی دییەوە کە بگرە لەزانینیش لەپێشترن پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوەیدا دەبەستێت. یەکێك لەم پەیوەندیە لەپێشترانە پەیوەندی پراگماتیکییە کە ڕاستەوخۆ "خۆ"و دەوروبەر یان "خۆ"و جیهانی دەرەوە پێکەوە گرێدەدات. ئێمە لەخۆڕا باسی ئەم گرێدانە ناکەینو لەڕوانگەی بۆچوونە فینۆمینۆلۆجیەکەمانەوە دەڕوانینە کێشەکەو ئاوڕی لێدەدەینەوە.

بەگوێرەی ڕێچکەکەمان، جیهان بەوجۆرە دەبینین کە خۆیمان بۆ دەردەخات. لەم خۆ دەرخستنەی جیهانیشدا، ئەوەی بۆ یەکەمجار

پەیدایدەکەین‌و لەئاستماندا قوتدەبێتەوە تۆڕێکی قایمی پڕاگماتیە کە خۆی سەپاندوە بەسەر ژیانی ڕۆژانەمانداو ناتوانیین لێی هەڵبێین. ئێمە ڕۆژی چەند جارێك دەرگای ژوورەکەمان بە کلیل دادەخەین‌و دەکەینەوەو هەرگیز لەو کاتانەدا پرسیار لەخۆمان ناکەین کە ئایا کلیل چیە؟ چۆن دەرگا دەکاتەوە؟ بڕواناکەم کەسێك هەبێت کاتێك لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بە تەلەفۆن دەدوێت یان پێشئەوەی تەلەفۆنەکە هەڵبگرێت بیر لە بوون‌و ناوەڕۆکی تەلەفۆن بکاتەوە.

من ناڵێم بیرکردنەوە خراپەو با کەس بیر لە کلیل‌و تەلەفۆن نەکاتەوەو بە شوێن ناوەڕۆکیاندا نەگەڕێت. مەبەستی من ئەوەندەیە کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەو هەڵسوکەوت‌و کارکردندا بیر لە بابەتە بەکارهێنراوەکانی دەوروبەرمان ناکەینەوە، تەنانەت زانستکارێکیش کە لە تاقیگەکەیدا لوولەیەکی شووشە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی تاقیکردنەوەکەی بەکاردەهێنێت بیر لە ناوەڕۆکی شووشەو لوولەکە ناکاتەوە.[1] هەڵوێستی پڕاگماتیکی لە بایەخی نەزەری‌و زانین کەمناکاتەوە. ئەوەی دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە ئەوەیە کە پەیوەندی پڕاگماتیکی نێوان "خۆ"و "جیهان" لەپێشترە.

پێشـــمەرجی ئۆنتۆلـــۆجی "بـــوون-لـــەناو-جیهـــان"، "شـــوێن" دیاریـدەکات‌و دەبێـت بـە "بـوون-لـەناو-شـوێن"دا. مرۆڤـ لـە هـەرچ سوچـێکی جیهانـدا بـژی ئـەوا لـەناو شـوێندایە. شـوێنیش وەك ڕاژە فەلسـەفیەکانی پێشـوتر لـە بـوونی مرۆڤـدا مانایـەکی فراوانـی هەیـە،

(١) بڕوانە: محەمەد کەمال، هایدیگەرو گۆڕانێکی فەلسەفی، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٢٤و٢٥ ساڵی ١٩٩٥، سوێد، لا١٢.

چـونکە مرۆڤـ وەکـو بوونـەوەرەکانی دیکـە لـەناو شـوێندا نیـەو بـەو حوکمـەی خـاوەنی ئاگامەندیـە ئـەوا هەسـت بـە بـوونی لـەناو شـوێندا دەکـاتو چـۆنیەتی شـوێنەکەش بـارودۆخی دەروونـیو بیرکردنـەوەی دەگۆڕێـت. ئەزموونـە دەروونـیو عاتفیـەکانی لـەناو شـوێنێکی نوێـدا وەکو ئەو ئەزموونانە نیە کە لـە شـوێنێکی دیـدا هـەیبوون. بـۆ نمونـە هەستکردنی مرۆڤی کورد لە هەنـدەران وەك هەسـتکردنی ئـەو کەسـە نیــە کــە لــە وڵاتــی خۆیــدا بەسەربەســتی دەژی. هــەروەها جــۆری کـــارتێکردنو پێـــوانی دوورو نزیکـــی لـــە کەســـانو بابەتـــەکانی دەوروبەرمان وابەستە بـە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلـۆجی دیکـەوە بـەناوی نیگەرانی (**Sörge**) لە بوونی مرۆڤـدا. گـەلێك جـار لـە هۆڵێکـدا، لـە چایەخانەیەکدا یان لە سینەمایەکدا، لەتەنیشت کەسێکەوە دادەنیشین لەبەرئـەوەی بەتەنگیـەوە نایـەینو دڵنیگـەرانی ئـەو کەسـە نـین، ئـەوا هەسـت بـە نزیکـی خۆمـان ناکـەین لێـوەی. بەپێچـەوانەی ئەمەشـەوە کەسێکی خۆشەویستمان هەزاران میل لێمانـەوە دوور بێـت هەسـت بـە نزیکبوونی دەکەین. دووریو نزیکـی کەسـانی دیکـە لـەناو شـوێندا بـە تـــەنها بـــە پێـــوەرێکی ماتمـــاتیکی وەکـــو مـــەترو کیلۆمـــەترو میلو....نادۆزرێتەوەو لـەم حاڵەتـەدا "نیگـەرانی" دەبێـت بـە پێـوەرو ڕاخەر بۆ پێوانی نێوانەکانی مرۆڤ و کۆمـەڵ یـان مرۆڤـو بابەتـەکانی بەردەستی مرۆڤـ بوونەوەرێکی دڵنیگەرانو خەمخۆرە.[1]

(1) Heidegger, Martin. op.cit., p.237.

# بەشی سێیەم

## من و کەسانی دیکە

# من و کەسانی دیکە

ئەگەر لە کۆجیتۆکەی دێکارتەوە "من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم" بڕوانینە کەسانی دیکەو پشتمان بە بیردۆزە ئایدیالیستەکەی ببەستین، ئەوا دەبێت جارێکی دی بگەڕێینەوە سەر زەمینە ئەپستمۆلۆجیەکەو لە "زانین"ـەوە دەستپێبکەینو بوونیان بسەلمێنین. لەوباوەڕەشەوە کە مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکییە ئەو ئاکامەی کە کەسانی دیکەش وەك ئێمە هەمان خەسڵەتیان هەیە و گیانەکین.

ئێمە کە لەسەرەتاوە پەیڕەوی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجیمان کردووە، نەمانتوانی لەبەر ڕۆشنایی چۆنیەتی توێژینەوەکەمان ناوەڕۆکی گیانەکی بناسین کە لەش لەئاستیدا بووە بە پەرژینێکی قایمی رووبەستو ڕێگای هەستکردنمان نادات تاکو خۆی بگەیەنێتە ئەودیو ئەو سنورەو ئەو ناوەڕۆکە دەربخات.

لەبەر ئەم هۆیە لەسەر زەمینە ئەپستمۆلۆجیەکەی دێکارت سەلماندنی بوونی کەسانی دیکەو پێناسەکردنی لەبەردەمماندا دەبێت بە کێشەیەکی ئاڵۆزو دژوار. بەدیدی دێکارت مرۆڤ ناوەڕۆکەو لەشی بۆ بوونی هێندە گرنگ نیەو ناوەڕۆکیش گیانەکیو لەماتەر بەدەرەو هەستەکان پەی پێنابەن. بەڵام کاتێك من هاوڕێکەم دەبینم لە بەرزیو نزمی باڵاو گەورەو بچووکی لەشو دەنگو ڕەنگی جلوبەرگ،

هەست بەشتێكی دی ناكەمو ئەو ناوەڕۆكە گیانەكییەی كە بووە بە سەرچاوەی بوونی نادۆزمەوە. ئەگەر لێرەدا لەگەڵ دێكارت هاوڕابینو شوێن توێژینەوەكەی بكەوین ئەوا هاوڕێكەم دەبێت بە دوورگەیەكی نەبینراوو ناتوانم ببینمو بیناسم یان (گیلبرت ڕایل) گوتەنی ئەو هاوڕێیەمو هەموو یەكێك لە ئێمە دەبێت بە "خێو"و لەناو ماكینەی لەشدا خۆی دەشارێتەوەو خۆی بۆ كەس دەرناخات. پەیڕەوكردنی توێژینەوە ئایدیالیستەكەی دێكارت دەمانگەیەنێتە ئاكامێكی نالەبارو بەڵگەی لۆژیكمەندانەمان بۆ سەلماندنی بوونی كەسانی دیكە ناداتێ، جگە لە بەڵگەی بەراوردكردنو شوبهاندن (analogy) كە ئەمەش بەڵگە نیەو شتێك ناسەلمێنێت هیچیدی لەبەر دەستدانیە.

بوون لەگەڵ كەسانی دیكەدا پێشمەرجێكی ئۆنتۆلۆجی دییە بۆ بوونی مرۆڤ كە دەمانگەیەنێتە سنووری ئەودیو گومانكارییەوەو ڕەتی ئەو كێشەیە دەداتەوە كە بوونی كەسانی دیكە لەسەر زەمینە ئەپستمۆلۆجیەكە دەكات بە گرفتێكی فەلسەفی دژوار. بەگوێرەی ئەم پێشمەرجە دەگەینە ئەو باوەڕەی كە تاكە مرۆڤ بەبێ كەسانی دیكەو بەبێ كۆمەڵ نابێتو نیە. دوورە پەرێزیو ژیانی تەنهایی هەڵوێستی ڕۆژانەی مرۆڤەو ئۆنتۆلۆجیانە نیە. هیچ تاكە مرۆڤێك نیە كە بەبێ كەسانی دیكە هاتبێتە بوونەوەو ژیابێتو مردبێت. ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەیەكی ئۆنتۆلۆجیانەیە بۆ سەلماندنی بوونی كەسانی دیكەو كۆمەڵ. مادام من هەم، بوونیشم بەبێ بوونی كەسانی دیكە نابێ، ئەوە كەسانی دیكەش هەنو بوونیان پێشمەرجە بۆ بوونی من. دەبینین سەلماندنی بوونی كەسانی دیكە لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەو بیردۆزەكەی دێكارت مەحاڵەو ئەمەش، واتە دۆزینەوەی ئەم

پێشمەرجە، تاکە ڕێگایەکە کە بوونی کەسانی دیمان لا ناکات بە کێشەیەکی ئاڵۆزو نەکراوە.

سەرەڕای ئەمە، سارتەر بەڵگەیەکی دیکەی بۆ هێناوینەتەوەو هەوڵدەدات کە لەدەست گومانکاری لەئاستی بوونی کەسانی دیکەدا ڕزگارمان بکات. بەدیدی ئەم بوونخوازە، یەکێك لەو حاڵەتانەی بوونی کەسانی دیکەمان بۆ دەسەلمێنێت "شەرمکردنە".[1] ئەگەر لە بوونی کەسانی دی دڵنیا نەبم‌و هەستی پێنەکەم ئەوە لەبەر چاوی خەڵکیدا کە کارێکی نالەبار دەکەم توشی شەرمکردن نابم. شەرمکردن ئەوە دەگەیێنێت کە من لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەژیم‌و ئەوان ناڕێکی‌و کەم‌وکورتیەکانی منیان بۆ دەردەکەوێت.

بوونی کەسانی دیکە وەکو بوونی کەل‌وپەل‌و ئاژەڵ نیەو ئەوانیش وەك من ئاگامەندن‌و خاوەنی "خودی" خۆیانن‌و هەست بە بوونی من دەکەن‌و ڕەفتارو کردەوەو بەهاو بیرو باوەڕم هەڵدەسەنگێنن. بەئاسانی کەسانی دیکە کەشف نابن‌و لەژێر دەستما هەڵدێن. من چۆن ویستی کەشفکردنی ئەوان دەکەم، ئەوانیش ویستی کەشفکردنی من دەکەن‌و دەیانەوێت دەرگای ژیانم ئاواڵابکەن. بەمشێوەیە پەیوەندی نێوان تاکەکان لەنێو کۆمەڵدا دوو فۆرم وەردەگرێت:

**یەکەم:** بڕواکردنە بە بوونی سەربەستی یەکترو ڕێزگرتنە لە مافی یەکدی.

**دووەم:** داگیرکردن و زەوتکردنی سەربەستی یەکدی.

---

(1) Sartre, Jean-Paul. *Being and Nothingness*, p.324.

ئەم دوو فۆرمە هەمیشە لەناو کۆمەڵدا هەبوون. هێگڵ لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی The Phenomenology of Mind لەژێر سەردێڕی "کۆیلە و خاوەنکۆیلە"داو لەبەر ڕۆشنایی لۆژیکی دیالێکتیکدا، لێکیداوەتەوەو گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە تاکەکانی نێو کۆمەڵ لەگەڵ یەکدیدا ڕێکناکەونو داوای بڕوانامە (*Recognition*) لەیەکدی دەکەن. بڕوانامەیەك کە سەربەستیو خۆ-خاوەنی هەر یەکێك لەوان مسۆگەر بکات. پەیداکردنی بڕوانامە لەکاتێکدا کە هەموو لایەنەکان سورن لەسەریو دەیانەوێت بڕوایان پێبکرێت کارێکی ئاسان نیەو ئەو خواستە بەبێ مشتومڕو زۆرانبازی نایەتەدی.

لەپێناو ئەم ئامانجەدا، تاکەکان دەچنە جەنگێکی خوێناوی مانو نەمانەوە. ئەوانەی کە لەم جەنگەدا لە مەرگ ناترسنو غەریزەی مانەوە بەسەریاندا زاڵ نابێت ئەوا بڕوا بە تواناو سەربەستیان دەکرێتو دەبنە خاوەنی جیهانەکەی دەوروبەریان. لایەنە دۆڕاوو تێکشکاوەکەش کە ترسنۆکە سەرشۆڕیو کۆیلایەتی بۆخۆی هەڵبژاردووە. "ئەم دوو لایەنە جیاوازو ناکۆکن، وەك دوو هێز بەرامبەر یەکتر ڕادەوەستنو ناتوانن یەکبگرن. لایەنێکیان سەربەخۆو خاوەنی ناوەڕۆکێکی سەربەستە، لایەنەکەی دیشیان دەستبەسەرەو بوونی لەپێناو لایەنی یەکەمدایە. لایەنی یەکەم خاوەن کۆیلەو لایەنە دۆڕاوەکەش کۆیلەیە."[1]

(1) Hegel, The Phenomenology of Mind, translated by William Wallace, New York, Harper Torchbook, 1967. p.234.

هێگڵ بەپێچەوانەی مارکسەوە هۆکارێکی دەروونی وەك ترس دەکات بە بنەمای چەوساندنەوەو داگیرکردنی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤێکی دیکەوە. لەو باوەڕەشدایە کە زاڵبوون بەسەر ترس و غەریزەی مانەوەدا ئاگری شۆڕش هەڵدەکاتو دامودەزگای چەوساندنەوەو کۆیلایەتی دەڕوخێنێت. هێگڵ لەم خاڵەدا وا بۆ مەسەلەکە دەچێت کە سەرهەڵدانی دامودەزگای کۆیلایەتیو چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە مێژوودا ڕووداوێکی زەروریو ناچارییەو دەبوایە کۆمەڵگای مرۆڤ بەم قۆناغەدا بڕۆیشتایە، کە ئەمەش لەخۆیدا توێژینەوەو ڕوانینێکی ناچارانەو جەبریەتە لەسەر داستانی ژیاری مرۆڤو گۆڕانکاریەکانی ناو مێژوو.

ئێمە لاریمان لەوە نیە کە هێگڵ باسی چەوسانەوەو داگیرکردنو کۆیلایەتیمان بۆ دەکات. کەس حاشا لەوە ناکات کە چەوساندنەوەو داگیرکردن هەبووەو ئێستاش هەر بەردەوامە. بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە ئەم بارودۆخە تاریكو تاڵە وەك ڕوودانێکی زەروری بەسەر بوونی مرۆڤدا نەسەپێنراوەو مرۆڤیش کەلوپەل نیە تا داگیربکرێتو ببێت بە موڵکی کەسێکی دیکە. هەرچەندە مرۆڤ بچەوسێنرێتەوەو سەربەستیشی لێداگیربکرێت، ئەوا هێشتا داگیرکەرو چەوسێنەر تواناو بڕستی ئەوەی نیە کە سانسۆر بخاتە سەر ئەندێشە و خەونەکانیو جیهانی ناوەوەی داگیربکات. لەبەر ئەم هۆیەیە "نەك لەبەرئەوەی کە مرۆڤ ناوەڕۆکێکی گیانەکیە" هەتاکو من خۆم جیهانی ناوەوەی خۆم دەرنەخەمو باسی خەونو ئەندێشەم نەکەم کەسانی دیکە ناتوانن من بە تەواوی بناسن.

"من"یش وەك "خۆ"یەکی ئاگامەند ناتەواوو دینامیکیم. گەلێك پڕۆژەی گرنگیش هەن کە لە داهاتوومدا چاوەڕوانیانم‌و هێشتا نەهاتوونەتە سەر ڕێگەم‌و نەبوون بە بەشێك لەناوەڕۆکم. هەتا بە داهاتووم نەگەم‌و پڕۆژەکان پەیدا نەکەم ئەوا زەحمەتە بۆ کەسانی دیکە بەتەواوی من بناسن. ناسین‌و هەڵسەنگاندنی مرۆڤ بەگوێرەی گۆڕانکاری‌و پڕۆژەکانی ژیانی دەگۆڕێن. دەشێت کەسێك ئەمڕۆ ترسنۆکانە بژی‌و پشتگیری لە ڕژێمێکی فاشیست بکات، بەڵام سبەینێ ببێت بە شۆڕشگێڕ. مرۆڤ تا نەمرێت کۆتایی بە بوون‌و پڕۆژەکانی نایەت. لایەنە شاراوەو ناتەواوەکانی "خۆ" پەیوەندی بە بوونی ناوەڕۆکی گیانەکیەوە نیە. ئێمە لەسەرەتاوە ڕەتی ئەو پێشخانە میتافیزیکیەمان دایەوە کە بوونی مرۆڤ لە ماتەر بەدەر دەکات‌و دەیبەستێتەوە بە جیهانێکی نادیارو ترانسدێنتالەوە. لایەنی شاراوە دیوی ناوەوەی "خۆ"ی مرۆڤە کە هەر مرۆڤ خۆی پەی پێدەبات‌و ئەگەر بیەوێت بەهۆی ڕەفتارو زمانەوە دەریدەبڕێت. هەندێك جاریش دەربڕینی زەحمەتەو ووشەو واژەی پڕاوپڕ نادۆزینەوە کە ئەوەی لەناخەوە هەستی پێدەکەین‌و دەیزانین بە کەسانی دیکەی بگەیەنین. زمان داردەستێکی ناتەواوە، ئەگەر ئێمە بشتوانین تەعبیر لە بابەتێکی جیهانی ناوەوەمان بکەین هێشتا گەرەنتی (guarantee) ئەوە نیە کە کەسانی دیکە وەك ئێمە ئەو بابەتە دەناسن‌و لەماناکەی دەگەن، چونکە ئەزموونەکانمان جیاوازن‌و بەراورد لەنێوانیاندا ناکرێت.

"هێنری برۆگسۆن" (١٨٥٩-١٩٤١) لەوباوەڕەدایە کە دەربڕینی ئەزموونێك بەشیکردنەوە لە ڕێگەی زمانەوە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دوور دەخاتەوەو ڕاستەقینەمان پێشان نادات. بابزانین چۆن دەتوانین باسی لیمۆ بۆ کەسێك بکەین کە لیمۆی نەدیبێت. دەشێ وەك مامۆستایەکی باش بەو کەسە بڵێین:

- لیمۆ "میوەیەکە" وەك تۆپ خڕەو ڕەنگی وەك خۆر زەردەو تامەکەشی ترشە.
- ئەگەر ئەو کەسە تۆپیشی نەدیبێت، دەپرسێت:
- ئەی تۆپ چیە؟
- تۆپ شتێکە خڕەو لە پلاستیك دروست دەکرێت.
- ئەی پلاستیك چیە؟

ئیتر بەمشێوەیە لە پرۆسێسی شیکردنەوەکەماندا گەیشتینە پلاستیكو زۆر شتی دیکەش کە بەتەواوی لە "بوونی" لیمۆ دوورمان دەخاتەوەو ناتوانین ناوەڕۆکی لیمۆ بۆ ئەو کەسە ڕوون بکەینەوە. هیچی بەوە نابێت کە لیمۆیەك بدەینە دەست ئەو کەسە تا بیخواتو ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵیدا هەبێت. یان گریمان سەربازێك لە جەنگ دەگەڕێتەوەو باسی جەنگمان بۆ دەکات. ئێمە لەڕێگەی باسکردنو شیکردنەوەی ئەو سەربازەوە تێدەگەین کە جەنگ چیەو چۆنە. بەڵام زانیاریەکەمان لەبارەی جەنگەوە وەك زانیاری سەربازەکە نیە کە لەجەنگ گەڕاوەتەوە. یان کاتێك من دەڵێم، لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا سەرم دەیەشێت. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە تێدەگات کە من باسی چی دەکەم، جا ئەگەر ئەویش بە ئەزموونی

سەر ئێشەدا تێپەڕیبێت، ئەوا یەکسەر دەزانێت کە سەر ئێشە چیە. بەڵام کێ دەڵێت ئازاری ناو سەری من وەك ئازاری ناو سەری خوێنەرەو هەردووکمان یەك جۆر ئەزموونمان هەیە؟ لەبەر ئەمانە، دەربڕینی ئەزموونەکانی ناوەوەی مرۆڤ، نەك مەحاڵە، بەڵکو دژوارە، نالی (١٨٠١-١٨٥٦) هۆنەری کورد لەم بارەوە دەڵێت:

**کەی دەکات شەرحو بەیاناتی ڕموزی دەردی دڵ**

**ڕووڕەشی هەروەك دەوات و دووزبانی وەك قەڵەم**

چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە وابەستەیە بە پێشخستنی زمانەوە. مەبەستم لەپێشخستنی زمان داتاشینی واژەی نوێ نیە، بەڵکو ناسینەوەی ڕۆڵی زمانە لە ژیانی مرۆڤدا. زمان بە تەنها داردەستێك نیە بۆ گفتوگۆ بەکاریبهێنین، ڕۆڵی گرنگی زمان کەشفکردنی ڕاستەقینەی بوونە. کەشفکردنی ڕاستەقینەش موغامەرەو هەڵوێستێکی ڕادیکاڵانەیە کە فەلسەفەو ئەدەب (بەتایبەتی هۆنراوە) گرتویانەتە بەر. هۆنراوە، وەکو فەلسەفە، ڕادیکاڵانە پەردە لەسەر لایەنی شاراوەو نادیاری بوون لادەدات. ڕۆڵی هونەر لەم ڕووەوە هیچی لە ڕۆڵی فەیلەسوف کەمتر نیە.

با واز لەم مەسەلەیە بهێنینو بچینەوە سەر باسەکەی پێشوو، لەبوارێکیدیدا زیاتر لەسەر زمانو هۆنراوە دەدوێین.

گەیشتینە ئەو خاڵەی کە پەیوەندی تاکەکان هەندێکجار ئاکامێکی نەرێی هەیەو تاکەکان بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەکە یەکتر داگیر دەکەن. ئەمەش لەوکاتەدا ڕوودەدات کە یەکێك لە لایەنەکان بڕوا

بەماف‌و مرۆڤبوونی لایەنەکەی دیکە ناهێنێت‌و وەکو کەلوپەل تێیدەڕوانێت‌و خەسڵەتی مرۆڤانەی لێ دادەماڵێت.

"کاتێك من هەوڵدەدەم کە لە ژێر دەسەڵاتی کەسانی دیکەدا دەرباز بم، ئەوانیش بەهەمانشێوە هەوڵدەدەن لەژێر دەسەڵاتی مندا دەرباز بن. هەروەك چۆن من دەمەوێت ئەوان داگیربکەم، ئەوانیش دەیانەوێت من داگیر بکەن. لێرەدا، ئێمە ڕوو بە ڕووی بابەتێکی بێهەست نابینەوە، پەیوەندییەکەمان لەگەڵ کەسانی دیکە وەرگرتن‌و دانەوەیە کە دەبێت بە زۆرانبازی‌و ململانێ. زۆرانبازیش "واتا" بە پەیوەندییەکەمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبەخشێت."[(١)]

پەیوەندی نێگەتیڤی نێوان من‌و کەسانی دیکە کە ئاکامێکی تاڵی لەپاشە، یەکێك لە لایەنەکان (لایەنی دۆڕاو) لە خەسڵەتی مرۆڤانەی دووردەخاتەوە. خۆ ئەگەر لایەنی دۆڕاو وەك مرۆڤێکی ئاگامەندو سەربەست تەماشابکرێت ئەوا زۆرانبازی‌و ململانێکە لە مێژوودا هیچ واتایەك نادات بەدەستەوەو بە ئەنجام ناگات. ئاوڕدانەوەمان لە مێژووی ژیانی مرۆڤ ئەو ڕاستەقینە نالەبارەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە لە هەموو قۆناغ‌و سەردەمێکدا چینێك یان دەستەیەك مرۆڤ چەوساونەتەوەو مافی (بوون بە مرۆڤ)یان لێزەوتکراوەو بە مرۆڤ دانەنراون. ئەریستۆ یەکێکە لەوانەی دەزگای کۆیلایەتی بە (پڕ شەرم‌و عەیب) دانەناوەو بڕوای وایە کە "کۆیلە"و "ئافرەت" لەمرۆڤ کەمترن‌و لەم بارەیەوە دەڵێت: لەبەرئەوەی فەرمانڕەواو بەرفەرمان

---

(1) Sartre, Jean-Paul. Op.cit., p. 475.

جیاوازن‌و خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا نیە، ئەوا هاوڕێیەتیش لەنێوانیاندا مەحاڵە. پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو بەرفەرمان وەك پەیوەندی نێوان وەستایەك‌و کەلوپەلەکانی بەردەستی پەیوەندی گیان لەگەڵ لەشدا یان پەیوەندی نێوان خاوەن کۆیلەیەك‌و کۆیلەکەیدا وایە. وەستاکە کەلوپەلەکانی بەکاردەهێنێت‌و سودیان لێوەردەگرێت بەڵام نابێت بە هاوڕێیان. مرۆڤ نابێت بە هاوڕێی بابەتێکی بێهەست‌و بێ گیان. خاوەن کۆیلەیەك نابێت بە هاوڕێی کۆیلەکەی. کۆیلە لە کەلوپەل زیاتر نیەو کەلوپەلیش هەروەك کۆیلەیە.[1]

مەبەستمان لەداگیرکردنی بوونی مرۆڤ ڕەفزکردنی سەربەستییە. سەربەستی خەسڵەتێکی بنەڕەتی مرۆڤە. لەبەر ئەم هۆیەشە داگیرکردن‌و چەوساندنەوە "نامۆیی"و بێبەشبوونە لەو خەسڵەتە بنەڕەتییە. مرۆڤی چەوساوە بە نامۆیی دەژی‌و ناتوانێت بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات‌و ناوەڕۆکی خۆی بخولقێنێت. ئەگەر چەوساوەیەك لەژێر باری گرانی ئەم دۆخە سەپێنراوەدا یاخی نەبێت‌و نامۆیی بۆ خۆی هەڵبژێرێت‌و ڕەفزی سەربەرزی بکات، ئەوا خۆی لە لێپرسینەوە دوور دەخاتەوەو "درۆ-لەگەڵ-خۆ"ی دەکات (bad faith).[2] ژیانی دەبێت بە کۆیلایەتی‌و لەژێر سێبەری کەسانی دیکەدا دەمێنێتەوەو لەناو دۆزەخدا دەژی.

---

(1) Aristotle. *Nichomachean Ethics*, translated by Thomson, 1161 a32-b6.

(2) Sartre, Jean-Paul. Op.cit., p. 49.

سارتەر لەشانۆگەری No Exit دا (ساڵی ١٩٤٦ نووسراوە) ئەمجۆرە نامۆییەی بەشێوەیەکی میتافۆری پیشانداوەو ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە دۆزەخ بەپێچەوانەی بڕوا ئاینییەکانەوە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیەو دەستکردی مرۆڤەو ئاگرێکە بۆ سوتاندنی یەکدی هەڵمانگیرساندوە. سارتەر لە شانۆگەریەکەدا لەزمانی "گارسن"ـەوە دەڵێت "کەسانی دیکە دۆزەخن" مەبەستی سارتەر لەم بێژەیە ئەوەیە کە چەوساندنەوەو داگیرکردنو وەستانی ژیان بێزاریو بێهودەییەکە کەسانی دیکە بەسەر ئێمەدا دەیسەپێننو بوونمان دەگۆڕنو ژیانمان دەکەن بە دۆزەخ. هەندێك لەزانا مارکسیەکان رەخنەیان لەم بێژەیەی سارتەر گرتوەو لۆمەی خۆپەسەندیو دورەپەرێزیان خستۆتە پاڵ سارتەرو بوونخوازی. ئەو زانایانە لە واتای ئەم بێژەیە نەگەیشتوونو کوێرانە پەلاماری فەلسەفەی بوونخوازیشیان داوە.[1]

سارتەر (لەچاوپێکەوتنێکدا لەساڵی ١٩٦٤دا) لەبارەی ئەم بێژەیەوە دەڵێت: "لەوحاڵەتەدا کەسانی دیکە بۆ تۆ دەبن بە دۆزەخ کە لە یەکەم ساتی ژیانتەوە بوونت داگیر دەکەنو بەهاو بیروباوەڕو رەفتاری خۆیان بەسەرتا دەسەپێنن. گرنگنیە تۆ هەرچیەك بیت، یان لەهەر

(١) یەکێك لەم زانا مارکسیانە "ڕۆجە گارودی"یە کە لە بەرهەمەکانیدا پەلاماری سارتەرو بوونخوازی دەداتو ئەم فەلسەفەیە بە بۆچوونێکی بۆرژوازیانەو کۆنەپەرستانەو دوژمنی کۆمەڵ دادەنێت. لەم دواییەدا ڕۆجە گارودی وازی لە مارکسیزم هێناو بوو بە موسڵمانو بەرگری لە ئایینی ئیسلام دەکات.

وڵاتێك بژیت، له جەزائر یان ئەمەریكا لەدایك بووبیت، ئەوان نەخشە بۆ ژیانت دەكێشنو ناچارت دەكەن كە پەیڕەویان بكەیت.[1]

باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لەواتای دۆزەخی سارتەر توێژینەوەكەی ماركسە لەسەر مێژوو كە لە هەموو سەردەمو قۆناغێكی ژیانی كۆمەڵایەتیدا زۆرانبازیو ناكۆكی نێوان چینەكان دەخاتە ڕوو. هەموو دەزانین كە چینی چەوسێنەر ژیانی لە چینی چەوساوە كردووە بە دۆزەخو لەبەرهەمەكەشی نامۆی كردوە. تاكەكانی ناو چینە ناكۆكەكان ناهاوتانو وەك یەك ناژین. لەم بۆچوونەوە سەرمایەدارێك بۆ كرێكارێك (وەك كەسانی دیكە)، دۆزەخە.

"نامۆیی" نەخۆشیەكی ناو كۆمەڵەو فرەجۆرە. بارودۆخێكی نەرێیە كە بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە. هەندێكجار مرۆڤ لە ڕۆژێكدا چەند جارێك تووشی ئەم نەخۆشیە دەبێتو بوونی داگیر دەكرێتو ناوەڕۆكیشی وون دەبێت. زۆرانبازیو تێكۆشانمان لەناو كۆمەڵدا جەنگێكی لەبن نەهاتووە كە مرۆڤی خۆناس تێیدا وەك جەنگاوەرێكی كۆڵنەدەر لە تەپڵە پیرۆزەكەی دەداتو بەسەر سنووری دڕكەزێی ترس لەمردنیشدا دەپەڕێتەوە.

بڕواكردن بە جەنگو زۆرانبازی یاخیبوونە لە فەرمانو نەرێتی داگیركەر، جا گرنگ نیە ئەو داگیركەرە كام هێزی دەرەكی بێتو چ

---

(1) Barnes, Hazel, E. *Sartre*, London: Quarter Book, 1974. p.76.

ناوێکی هەبێت ئەوا پێویستە دژی بوەستین‌و لەپێناوی سەربەستیدا پەنجەی یاخیبوونمان بەرز بکەینەوە.

مرۆڤێکی بێ بڕوا یاخیبوویەکی مێتافیزیکیەو ڕەتی دەسەلاتێکی دەرەکی نادیار لەسەرو دەسەلاتی مرۆڤ‌و کۆمەڵەوە دەداتەوە. ئەوەی دژی داگیرکەر هەڵدەستێت‌و ڕەتی بەها بەزۆر سەپێنراوی کۆمەڵیش دەداتەوە ئەوە ئەو کەسە یاخیبوویەکی مێژووییە.

ژیانی یاخیبوون ڕادیکاڵەو بە بەردەوامی لەناو زۆرانبازیەکاندایەو ڕەتدانەوەیەکی هەمیشەییە کە گۆڕانکاریەکان‌و بەرەوپێشچوون دەهێنێتەکایەوە. مرۆڤی یاخیبوو منداڵی هیچ سەردەم‌و قۆناغێك نیەو ویستەکانی بە هیچ کاتێکەوە نەبەستراون‌و ئەوەی ئەمڕۆ مسۆگەری دەکات لە بوخچەی رابردوودا دەیپێچێتەوەو بەهێزو توانایەکی نوێوە ڕوو دەکاتەوە داهاتوو. یاخیبوو داهاتوو بینە. داهاتووش گۆڕانکاری و داهێنانە. هەتا مرۆڤیش سەربەست نەبێت ناتوانێت داهێنەر بێت‌و پرۆژەکانی بوونی بهێنێتە کایەوە.

یاخیبوون، سەربەستی، داهێنان، داهاتوو، چەند واژەیەکن لە فەلسەفەی بوونخوازیدا پێکەوە گرێدراون‌و واتا یەکتر تەواو دەکەن‌و بەبێ یەکتر نابن. مرۆڤی نامۆو یاخینەبوو، لەبەرئەوەی بوونی داگیرکراوەو سەربەستی لێزەوتکراوە، بێ داهاتووەو ناتوانێت بەسەر هەورازی ژیاندا سەرکەوێت‌و بگاتە ئەودیو سنووری ئەمڕۆو ڕابووردووەوە. مرۆڤی نامۆ لاوازەو چاوەڕوانی کەسانی دیکەو داگیرکەرەکەی دەکات بڕیار بەسەر پرۆژەکانی بدەن‌و بۆی هەڵبژێرن.

خاوەنی "خودی" خۆی نیەو ژیانی لاساییکردنەوەیە. ئەمەش خۆ هەڵخەڵەتاندنو "درۆ-لەگەڵ-خۆ" کردنە.

هایدیگەرو سارتەر بنوسێکی میتافیزیکی لەئاسماندا بۆ بوونی مرۆڤ دانانێن. لەئاکامی ئەم توێژینەوەیەوە مرۆڤ دەبێت بە خاوەنی خۆیو وەك (سوپەرمانەکەی نیتشە) بڕوا بە تواناو بڕستی خۆی دەکاتو سەربەستانە دەژی. وابیرناکاتەوە کە خۆڕسکێکی هەرگیز نەگۆڕو چەسپاوی هەیەو کەس ناتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات. مرۆڤ هەرچیەك بێت، باش یان خراپ، یاخی یان ترسنۆك، ئەوا خۆی ئەو خەسڵەتانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو لەگەڵ خۆیدا بە زگماکی نەیهێناونەتە جیهانەوە.

لەبەرئەوەی سەربەستیو لێپرسینەوە گرێدراون، جا ئەوەی سەربەستە لێپرسراویشە، بەڵام مرۆڤی ترسنۆكو یاخینەبوو لە لێپرسینەوە ڕادەکاتو پەنادەباتە بەر کەسانی دیکە تاکو بڕیاری بۆ بدەن. لەئاکامیشدا لۆمەو گوناهەکان دەخاتە سەر شانی ئەوان. ئەوانەی کە خۆیان لە لێپرسینەوە دەدزنەوە بڕوایان بە ڕەوگی ناچارەیی هەیە. زۆری بڕواکەرو پیاوانی ئایینی باشترین نمونەن بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤی کەم دەستەڵاتو یاخینەبوو. دەشێ کەسێك بڕوای وابێت کە ڕووداوەکانی ژیانی لە چارەی نووسراونو خۆی دەستەڵاتی گۆڕینیانی نیە. ناچارەیی بڕستی داهێنانی مرۆڤ دەفەوتێنێتو بارودۆخێکی چەسپاوو نەگۆڕی بەسەردا ساغ دەکاتەوەو ڕێگا نادات مرۆڤ چارەنووسی خۆی هەڵبژێرێت. ئەمەش وەکو ئەوە

وایە کەسێك باوەڕی تەواوی بەوە هەبێت کە ئەوەی بە ترسنۆکی بژی بە ترسنۆکی لەدایك بووەو هەر بە ترسنۆکیش دەمرێت.

مرۆڤ بە دوو شێوە واز لەسەربەستیەکەی خۆی دەهێنێتو خۆی لە لێپرسینەوەکانی دوور دەخاتەوە:

**یەکەم:** شوێنکەوتنی ڕەفتار و بیروڕای کەسانی دیکە و لاساییکردنەوەیان.

**دووەم:** ڕەتدانەوەی سەربەستی کە بەبێ ئەو مرۆڤ لەپلەی بەرزی بوون بە مرۆڤەوە دێتە خوارێو لەئاست بابەتەکانو کەلوپەلە بەردەستیەکاندا هاوتا دەوەستێت.

لەم حاڵەتەدا مرۆڤێکی داگیرکراو وا خۆی پیشانی کەسانی دیکە دەدات کە بوونی ئەم چیتر لە بوونی کەلوپەلێك زیاتر نیەو ئەوان دەتوانن سودی لێ وەربگرنو بەکاریبهێنن. مەبەستی سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم هەڵوێستە خۆ دزینەوەیە لە لێپرسینەوە. هەموو دەزانین کە بابەتو کەلوپەلەکانمان لە ئاستی باشیو خراپییاندا بەرپرسیار نینو لۆمەو تانەیان لێناگیرێت.

ئاشکرایە مرۆڤ هەر لەیەکەم ساتی ژیانو هەناسەدانیەوە دەکەوێتە ژێر باری کارتێکردنی کۆمەڵەوە. ئەم کارتێکردنە لە ئاستی خەسڵەتو تایبەتمەندی خۆیدا بەرچاوی تاریك دەکاتو پەرژینێکی ئەستوور بەدەوریدا دادەکوتێت. "ژان ژاك ڕۆسۆ" دەڵێت: "مرۆڤ بە سەربەستیەوە لەدایك دەبێت کەچی لەهەموو شوێنێکدا دەستو پێی زنجیر کراوە." کۆمەڵ نەرێتو بەهاکانی بەسەر مرۆڤی تاکدا دەچەسپێنێو چۆکی پێدادەدات.

هەموو یەکێك لە ئێمە تایبەتمەندەو بوونی لە بوونی کەسێکی دیکە جیاوازە. دروستە کە ئێمە مرۆڤین، بەڵام هەر مرۆڤە خاوەنی "خۆ"یەکی تایبەتی خۆیەتیو لە کەسێکی دیکە ناکات. با بڵێین "نالی" هۆنەرێکی کوردە، بەڵام هەموو هۆنەرێکی کورد نالی نیە. پێناسی مرۆڤ بەمشێوەیە وەکو پێناسی خودا لە قورئانی موسوڵمانەکاندا وایە کە دەبێژێت: "لیس کمپله شئ."[1] خەسڵەتەکانی خودا، بەگوێرەی ئەم دێڕە، تایبەتمەندە بەخۆیەوەو بوونەوەرەکانی دیکە لێی بێبەشن. فەلسەفەی بوونخوازی بەمشێوەیە دەڕوانێتە بوونی مرۆڤو لە کەسایەتی تاکەکان دەکۆڵێتەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت فەلسەفەی بوونخوازی بڕوای بە تاکرەویو خۆپەسەندی هەیە، چونکە "بوون-لەناو-جیهان"داو "بوون-لەگەڵ-کەسانی دیکە"دا دوو پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجین بۆ بوونی مرۆڤ.

(١) بروانه القران، ٤٢:١١، "فاگر السماوت والارچ جعل لكم من انفسكم ازواجا ومن اللانعام ازواجا يژروكم فيه ليس كمپله شیو وهو السميع البصير."

# بەشی چوارەم

## سەربەستی و ناوەڕۆکی مرۆڤ

# سەربەستی و ناوەڕۆکی مرۆڤ

فەلسەفەی بوونخوازی، بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئایدیالیستیەوە، لەو باوەڕەدایە مرۆڤ ڕۆڵی تەماشاکەری نیەو لەودیو دیوارەکانی ناوخۆشیەوە وەك خێوەکەی "گلبرت ڕایل" باسی دەکات، خۆی نەشاردۆتەوە. جیهان بۆ مرۆڤ شانۆیەو مێژووش ئەو شانۆگەریەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە پاڵەوانەکەیەتیو ڕووداوەکانی تێدا دەخوڵقێنێت. ئیتر، چ لەسەر ئەم شانۆیەو لەم شانۆگەرییەدا، چ لەودیو ئەمانەوە، هیچ بوونەوەرێکی دیکە نیە کە ڕووداوەکان بڕسکێنێو چارەنووسمان دیاریبکات. بێگومان، ئەمەش ڕەتدانەوەی ئەو بۆچوونە ئایدیالیستیەیە کە بوونێکی بەدەسەڵاتترو ڕەها لەسەروو بوونی ئێمەوە دادەنێتو لەتواناو دەستەڵاتی مرۆڤ کەمدەکاتەوە.

ئەم ڕەتدانەوەیە بنەمایەکی لۆژیکمەندانەیە بۆ سەربەستی. بەڵام ئایا مرۆڤ تا چ ڕادەیەك سەربەستە؟ ئایا دەتوانێت بڕیار لەسەر کردەوەکانی خۆی بداتو ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بنوسێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەسێ جۆر لێکدەدرێتەوەو هەریەکەیان بۆچوونێکی تایبەت بەخۆی پەیداکردووە کە لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەدا ناکۆك و ناتەبایە.

بۆچوونی یەکەم مرۆڤ بەخاوەنو وەستای کردەوەو ڕووداوەکانی ژیانی خۆی دانانێتو "مەحکوم" بەر فەرمانی دەکات. ئەم بۆچوونە دەکرێت بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەمی ژیانی ناچارەیی بۆ هێزێکی گیانەکی زوور دەستەڵاتی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە کە بڕیار لەسەر هەموو گۆڕانکاریو ڕووداوەکان دەدات. ئەمەش "ناچارەیی-میتافیزیکی"یە (Fatalism). باشترین نمونەی ئەم جۆرە ناچارەییە لە ئایینەکاندا دەردەکەوێت. بۆنمونە، لەقورئاندا نووسراوە هیچ شتێك بەبێ ویستو فەرمانی خودا ڕوونادات، "قل لن یصبنا الا ما کتب الله لنا هو مولنا و علی الله فلیتوکل المؤمنون."[1] بەشەکەی دیکەی ئەم بۆچوونە بوونی هێزە گیانەکیەکان ڕەتدەداتەوەو پەنا دەباتە بەر بنوسێکی ماتەری و لەگیان بەدەر، ئەمەش ناچارەیی زانستیانەیە (Scientific Determinisim). ماتەریالیستەکان پەیڕەوی ئەم بۆچوونە دەکەنو ڕووداوو گۆڕانکاریەکانی ژیان دەبەستنەوە بە بزووتنەوەی ماتەرەوەو بوارەکان لەبەر ئاستی هەڵبژاردنو سەربەستی مرۆڤدا دادەخەن. هەردوو بەشەکەی بۆچوونی ناچارەیی، ناچارەیی گیانەکی یان میتافیزیکیو ناچارەیی زانستیانە، ئەوەندە لەیەکتر جیاوازن کە یەکەمیان بنوسە دەستەڵاتدارەکە بە گیانەکیو دووەمیان بە ماتەر دادەنێت، ئەگینا هەر دوو شێوەکە مرۆڤ ناچار دەکەنو دەستەڵاتو سەربەستی نادەنێ.

---

(١) بڕوانە: القران، ٩:٥١.

بۆچوونی دووەم بڕوای تەواو بە ناچارەیی ناهێنێتو جێگایەك بۆ دەستەڵاتو سەربەستی مرۆڤ دەکاتەوە. بەبڕوای شوێنکەوتووانی ئەم بۆچوونە مرۆڤ هەندێکجار سەربەستەو هەندێکجاری دیکەش ناچارو پابەستە. بۆنمونە کەسێك دەتوانێت مان لە خواردن بگرێتو چەند ڕۆژێك بە برسیتی بژی، ئەمە هەڵوێستو هەڵبژاردەی خۆیەتیو خۆی بڕیاری لەسەر داوە. بەڵام گریمان ئەو کەسە لە چۆڵەوانیەکدا ونبووو چەند ڕۆژێك بەبێ نانو ئاو مایەوە. لەم حاڵەتەدا برسێتی هەڵبژاردەی خۆی نیەو خۆشی بڕیاری لەسەر نەداوە، بەڵکو ناچارەو ناتوانێت هەڵوێستێکی دیکە بۆ خۆی دیاریبکات. ئەمەش ناچاربوونێکی سووكونەرمە (Soft Determinism) کە دوو جۆر کارتێکردن، کارتێکردنی ناوەکیو کارتێکردنی دەرەکی بۆ بوونی مرۆڤ دادەنێت.[1]

بەسەرنجدانێکی وورد لەم بۆچوونە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیڕەوانی ناچارەیی نەرم سودیان لە بۆچوونە میتافیزیکیەکەی ئەریستۆ وەرگرتووە. وەك دەزانین ئەریستۆ لەو باوەڕەدایە دوو جۆر بنوس هەن، ناوەکیو دەرەکی. بنوسی ناوەکی خەسڵەتی بوونەوەرێکی وەك "خودا"و بنوسێکی لە بنوس بەدەرە. ئەم بوونەوەرە خۆی خۆی دەجوڵێنێتو هێزێکی دەرەکی کاری تێناکاتو ناچاری ناکات. لەبەر ئەم هۆکارەشە خودا سەربەستەو بوونی داگیر ناکرێت، ئیتر خوداش جیهانو بوونەوەرەکانی دیکە دەجوڵێنێتو گۆڕانکاریەکان

(1) Lehrer, Keith (*ed*). Freedom and Determinism, New York: Random House, 1966. p. 21.

پەیــدادەکاتو دەبێــت بــە بنوســێکی دەرەکــی بۆیــان چــونکە لــە دەرەوەیانەوە کاریان تێدەکات.[1]

بۆچـوونی سـێیەم ناچـاری ڕەت دەداتـەوەو بـاوەڕ بـە سەربەسـتی مـرۆڤ دەهێنێت. ئەم بۆچوونەش بوونخوازانەیەو لەسـەر سێ بنـەمای لۆژیکمەندانە هەڵبەستراوە:

**یەکـەم:** بەدیـدی هایدیگـەرو سـارتەر ژیـان لـە بنەڕەتـەوە بێهودەیـەو ناماقوڵە چونکە بنوسێکی هۆشەکی هەڵێنەهێنجاوەو نەخشـەی بـۆ نەکێشاوە. مرۆڤیش بە ڕێکەوت پەیدابووەو هێزێکـی خولقێنـەری نیە. بڕواکردن بەمجۆرە بێهودەییەی بوون (بێهودەیی ئۆنتۆلۆجی) بڕوانەکردنە بە سیستەمی میتافیزیکی ئایدیالیستانەو ڕەفزکردنی بوونی بنوسـی هۆشـەکییە. ئـەم ڕەفزکـردنو بێبڕواییـە سـەلماندنی نەبوونی ئەو بنوسە نیە بەڵکو ڕەفزکردنی دەستەڵاتو توانایـەتی. دەشـێت مرۆڤـێکی وەك "ئۆروسـتۆس"ی پاڵـەوانی شـانۆگەریەکی سـارتەر (کـە لـە دواییـدا باسـی دەکـەین) بـڕوای بـە بـوونی خـودا هەبێت، یان بەڵگەی نەسەلماندنی بوونی خودای بەدەستەوە نەبێت بەڵام یاخی دەبێتو سەر بۆ ئەو هێزە شۆڕ ناکات.

**دووەم:** بـەحوکمی ئـەوەی مرۆڤـ ئاگامەنـدەو بونیشـی تایبەتـە ئـەوا پلەی لە ژوور پلەی بوونەوەرەکانی دیکەوەیە. ئاگامەندی لە ژیانی مرۆڤـدا وەك خوداکـەی ئەریسـتۆ وایـە، خـاوەنی هێـزو دەسـتەڵاتی خۆیەتیو خۆی خۆی دەجولێنێت. ئەمە خەسڵەتێکە تـەنها مرۆڤـ

---

(1) Arestotle. Physics, book III. Chapter3. Metaphysics. Disputation 18, Section 10.

هەیەتی. "من" خۆم بڕیار لەسەر نووسینی ئەم پەرتووکە دەدەم یان ژورەکەم جێدەهێڵم، مێزو کورسی ژوورەکەم بەبێ "من"و بەبێ کارتێکردنی هێزێکی دەرەکی ناتوانن جێگۆڕکێ بکەنو لە ژوورەکەی من بچنە دەرەوە. لەهەمان کاتدا "من" لە مەبەستو ئامانجی گۆڕانکاریەکانیش دەگەم.

دەشێت کارتێکردنێکی دەرەکی کارمان تێبکاتو گۆڕانکارییەك لە بوونماندا بخولقێنێت، هێشتا، تاکو ویستی مرۆڤ دەست نەداتە دەستی ئەو کارتێکردنە دەرەکیە ئەوا هەرگیز ناتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێت. سارتەر لەم ڕووەوە دەڵێت، "ئەگەر بڕوا بەویستی ناوەوەی مرۆڤ نەکەین هیچ کاتێك کارتێکردنێکی وەك چەوساندنەوە نابێتە هۆکار بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش."(1)

هەموو هەلومەرجو هۆکارە دەرەکیەکان لە کۆمەڵگای ئەمریکادا بۆ چینی کرێکار سازبووە ڕژێمی سەرمایەداری بگۆڕی کەچی تا ئەمڕۆش تەنانەت پارتی کۆمنیستی ئەمریکاش ئومێدی شۆڕشی نیەو ئەو وڵاتە (بەهەشتی سەرمایەداری) هەروەك خۆی ماوەتەوە. دیارە کە چینی کرێکاری ئەمریکا هاندەرێکی ناوەکی پاڵپێوە نەناوە داوای گۆڕانی ڕژێم بکات.

**سێیەم:** مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوو دینامیکییە. گۆڕانکاریەکانی بوونی پێشنیاری ئەو خاڵە سەرەکیە دەکەن کە ئەو خاوەنی خۆڕسکێکی چەسپاوو ناوەڕۆکێکی نەگۆڕ نیە. ناتەواوی بوون

(1) Sartre, Jean-Paul. Op.cit., p. 564.

سەرچاوەی توانایی‌و ویستەکانی مرۆڤەو هاندەرێکە بۆ گەیشتن بە پلەی تەواوکۆیی (الکمال). تەواوکردنی ناتەواویەکان داهێنانی ناوەڕۆکە بۆ بوونی بێ ناوەڕۆك. هەتاکو مرۆڤیش سەربەست نەبێت ئەوا ناتوانێت بوونی خۆی کە پرۆژەیەکی تەواو نەکراوە تەواو بکات.

سەربەستی پێشمەرجی داهێنانە. مرۆڤی سەربەست خاوەنی خۆیەتی، ڕەسەنە، خۆناسەو داهێنەرە. مرۆڤێکیش ناچار بێت نارەسەنە، نامۆیە، خاوەنی خۆی نیەو بڕیاریش لەسەر پرۆژەکانی بوونی خۆی نادات. سەربەستی ڕەتدانەوەی دۆگمای هۆش‌و درکەزییکردن‌و سنوورکێشانە بەدەوری بیرکردنەوەو داهێناندا. ڕەتدانەوە هێزێکی نێگەتیڤە وەکو "نا" کە ڕاخەری بیرو بەها سەپێنراوو پێشبڕیارەکان هەرەسپێدێنێت‌و لەهەمبەر بیابان‌و چۆڵەوانی نەبوون (العدم)و نەبوونایەتی (العدمیە)دا ڕامانەدەگرێت‌و هەموو بەها سەپێنراوەکان لەبەرچاوماندا کاڵ‌و کرچ‌و بێمانا دەکات. مرۆڤی سەربەست لە هەموو نەرێت‌و بەهایەکی سەپێنراو یاخی دەبێت‌و دروشمی "نا" بەرزدەکاتەوە.

ئەوەی یاخی نەبێت‌و لەمانای وشەی "نا" نەگات لەمانای ڕەسەنایەتی‌و تایبەتمەندی بوونیش ناگات. بێهودەیی ژیان‌و دۆزینەوەی مانای نوێش بۆ ژیان هەر لە یاخیبوونەوە دەستپێدەکات. ئیتر، یاخیبوون بە تەنها ڕەتدانەوەی بنوسە گیانەکی‌و میتافیزیکیەکە نیە، نەفرەتکردنیشە لە نەرێت‌و ڕژێمی کۆمەڵایەتی بۆگەن‌و ڕزیو کە بوونی مرۆڤ دەخەنە ژێر بارودۆخێکی نالەبارەوەو ڕەسەنێتی خۆی

لێـدادەماڵن. ئـەم ڕاو بۆچـوونە ڕەفـزی بـیردۆزە ئایدیالیسـتەکەو ئـەو بۆچـوونانەش دەکـەین کـە باوەڕیـان بـە خۆرسـکی زگمـاکی لـە بـوونی مرۆڤـدا هەیە.

هەموو ئەم باسـانە، ڕەتدانـەوەی بنوسـێکی گیانـەکی‌و خۆڕسـکێکی هەرگیز نـەگۆڕ، ئـەو سـەرەنجامە بـە دەسـتەوە دەدەن کـە بـوون پـێش ناوەڕۆك دەکەوێت و پێشمەرجی بیرکردنەوەیەو بیرکردنەوە بوونێکی سەربەخۆی نیە و پاشکۆی بوونە.

نـاوەڕۆکیش کۆمـەڵێك خەسـڵەتو پـڕۆژەن مرۆڤـ خـۆی پەیـدایان دەکاتو دایاندەهێنێت. لەم ڕووەوە هایدیگەر دەڵێت، "ناوەڕۆکی مرۆڤـ لەگەڵ بوونیدایە، خەسڵەتەکانی وەك خەسڵەتی بابەتەکانی بەردەست نـین، چـونکە مرۆڤـ خـۆی ئـەو خەسـڵەتانەی هەڵبـژاردوەو ئـەو هەرچیەك بێت ئەوا شیاوەو (possibility) هیچی دیکەو گۆڕانیشی بەسەردادێت."[1]

نـاوەڕۆکی مرۆڤـ دەسـتکردەو لەئـەنجامی پڕۆژەکـانی بوونـەوە پەیـدادەبێت ئـەو خەسڵەتو پڕۆژانـەی هەڵیاندەبـژێرین‌و دێنـە بـەر ڕۆشـنایی بوونـەوە، دەبـن بـە فـاکتۆری ژیانمـان‌و بـەناو ڕۆخانـەی ڕابردوومانـدا تلـۆر دەبنـەوەو دووپـات نابنـەوە. هەڵبـژاردن زەخـیرەی ڕابردوومان دەوڵەمەندتر دەکاتو ڕووداوەکانی ڕابردووشمان دەبـن بـە ڕاستەقینەی چەسپاو ڕابردوومان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەئاوسێتو درێـژتر دەبێتو داهاتووشمان باریکترو کورتتر دەبێتەوە.

---

(1) Heidegger, Martin. op.cit., p.67.

مەبەستمان لە نەگۆڕانو چەسپاندنی فاکتۆرەکان ئەوەیە ئەگەر مرۆڤێك لە خێزانێکی هەژاردا هاتبێتە دنیاوە ناتوانێت جارێکی دیکە لە دایکبێتەوەو خێزانێکی دەوڵەمەند بۆ خۆی هەڵبژێرێت. ڕابردوومان لاشەیەکی مردووەو گیانی بەبەردا ناکرێتەوە. لەبەرئەمەشە مرۆڤی خۆناس ڕووداکاتە داهاتوو خۆی بە ڕابردووەوە گرێنادات. مرۆڤ هەمیشە لەسەر زەمینەی "کات"دا ڕادەوەستێو بوونەوەرێکە بەبێ ئەو "کاتیەتە"ی ناژیو نابێت. "کات" مەبەست لە خولی کاتژمێرو سوڕانەوەی ئەستێرەکانو تێپەڕبوونی شەوو ڕۆژ نیە. مەبەست لەکاتێکە کە وابەستە بە پەرەسەندنو گۆڕانکارییەکانی ئاگامەندییەوە. "کاتێك" کە وەك کاتی فیزیکیو ماتماتیکی ناژمێردرێتو دابەشیش ناکرێت. ئاگامەندی لە گۆڕانو پەرەسەندندایەو بۆ ساتێکیش ناوەستێتو پشوو نادات و کاتەکەی پارچە پارچە ناکرێت.

ئەم توێژینەوەیە جیاوازییەکی دیکەمان لە نێوان بوونی ڕەسەنو بوونی ناڕەسەندا بۆ ئاماژە دەکات. ئەویش ئەوەیە کە بوونی ڕەسەن وەنەبێت حاشا لە ڕابردووی خۆی بکاتو خۆی بەخاوەنی نەزانێت، بەڵکو لەسەر ڕابردووی ناژی و دەیەوێت تامی میوەی پرۆژەکانی داهاتووی بکاتو بەو دوورگانە بگات کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە. بوونی ناڕەسەنیش لەناو ڕابردوویدا دەژیو بڕوای بە داهاتوو نیە.

دەوڵەتو کۆمەڵو ئایینەکان چەندەها یاساو ڕێسایان بۆ ڕاگرتنی بیروباوەڕەکانی خۆیان هێناوەتە ئاراوە. ئایینەکان بە گشتیو ئایینی جولەکەو مەسیحیو ئیسلام بەتایبەتی، بڕوایەکی بەهێزو پتەویان بە

سزادانو سوتاندنی ناو دۆزەخ هەیە. ئایا دۆزەخ بۆ کێیەو کێ سزا دەدرێت؟ ئایا شاگردانو شوێنکەواتووانی ڕەوگی ناچارەیی چۆن گەیشتوونەتە ئەم بڕوایە؟

وەك لە پێشدا باسمانکرد، بەگوێرەی ڕەوگی ناچارەیی مرۆڤ لە ئاست ڕووداوەکانی ژیانیدا بێدەسەڵاتە، جا ئیتر کەسێك بێتو هەر چۆنێك بژی، ئەو ڕووداوانە بەسەریدا سەپێنراوەو ناتوانێ گەردێکیشیان لێبگۆڕێت.

ئەگەر مرۆڤ ئەوەندە بێدەسەڵاتو لاواز بێتو ڕووداوەکانی ژیانی بەسەردا سەپێنرابێت، ئیتر چۆن لە ئاست کردەوەکانیدا بەرپرسیار دەوەستێت؟ ئایا چۆن سزای یەکێك دەدرێت کە لەژێر زەبروزۆرداو بەناچاری کارێکی ئەنجامدابێت؟

ناکۆکیو دژواری ناچارەیی لە ئاست ئەم پرسیارانەدا سەرهەڵدەدەنو پارادۆکسیەکی بکوژ دەخەنە بەردەممان. مرۆڤ ناتوانێت ڕەتی سەربەستی بداتەوەو باوەڕی بە ناچارەیی هەبێتو لەهەمان کاتیشدا هەموو کەسێك لە ئاست کردەوەکانیدا بەرپرسیار بکاتو سزا بۆ ئەوانەش دابنێت کە ڕێگای ناڕەواو خراپ دەگرنەبەر.

لەفەلسەفەی بوونخوازیدا سەربەستی، کە خەسڵەتێکی هەرە گرنگی بوونە، دەربەستبونە لە ئاست مرۆڤایەتیداو بە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی نیگەرانیەوە وابەستە. "من" وەك تاکێکی ئاگامەندو سەربەست لە کردەوەکانی خۆم لێپرسراومو لەئاست گشت مرۆڤایەتیو هەموو ڕووداوەکانی سەردەمیشدا لێپرسراومو ناتوانم دوورەپەرێز بوەستمو گۆشەگیر بمو هەڵوێستم لە بارەیانەوە نەبێت.

کاتێـك ڕژێمێكـی فاشست بۆمبـاو گـازی كیمیـاوی بەسـەر كوردسـتاندا دەڕژێنێت كاتێك منداڵانی ڕوانداو باشوری سودان لە برسـاندا دەمـرن، یـان كاتێـك كـە دەبیـنم ڕەشپێسـتێك لـە ئـەمریكا بـە زسـتان لـە شەقامەكان دەنوێت ئـەوا پێویسـتە "مـن" وەك مرۆڤـێكی ئاگامەنـدو سەربەسـت دژی ئـەو ڕووداوانـە بووەسـتمو هەڵوێسـتم لـە ئاسـتیاندا هەبێت. لەم حاڵەتانەدا "بێلایەنی" واژەیەكی بێمانایە، هـەر لایـەنێك هەڵبژێرینو هەر هەڵوێستێكمان هەبێت لە ئاستیدا بەرپرسیارین.

لەپێشەوە باسكرا، نیگەرانی پێشمەرجێكە بۆ مرۆڤ. ئەگـەر مرۆڤـ نیگـەرانو خـەمخۆر نـەبێت كـەمرۆیی كـردووەو یـەكێكیش لـەو پێشمەرجانەی دۆڕاندووە. لەبەرئەوەی ئـەم پێشـمەرجە پەیوەندیشـی بـە سەربەسـتیەوە هەیـە ئـەو كەسـەی بـاوەڕ بـە سەربەسـتی كەسـانی دیكــە نــەكات، سەربەســتی وەك خەســڵەتێكی نــاوەڕۆكی بــوونی مرۆڤ ڕەتدەداتەوە.

ئێمـە كـە دەڵـێین "مرۆڤـ سەربەسـتەو پێویسـتە بـە سەربەسـتی بـژی"، مەبەسـتمان تـەنها لـە بـوونی چـەند تاكەكـەسو چـینێك نیـە. هەموو مرۆڤـێك مافی ئەو سەربەستییەی هەیەو كەس بـۆی نیـە ئـەو مافــە لــە كەســێكی دیكــە زەوت بكــات. داگیركــەر بــە ڕەتدانــەوەی سەربەسـتی لایەنـە داگیركراوەكـە، تـاوان دژ بـە هـەموو مرۆڤـایەتی دەكـات. چەوسـاندنەوەی تاكـە كەسـێك یـان چـینێك چەوسـاندنەوەی هـەموو مرۆڤـایەتیە. هـیچ لایـەنێك لـە لایـەنێكی دیكـە زیـاتر نیـە. هەموو مرۆڤـێك ئاگامەندو تایبەتمەندەو خاوەنی "خود"ی خۆیەتیو نابێت داگیربكرێتو لەم خەسڵەتانەی دابڕێت.

فەلسەفەی بوونخوازی ڕێگەی بەهانەو خۆدزینەوە لە لێپرسینەوە دەگرێت. مرۆڤ هەرکارێك بکات چاك یان خراپ بە ئاگاییەوە هەڵیدەبژێرێتو بە ئاکامەکەی دەگات. هەندێکجار مرۆڤ لەژێر باری گرانی لێپرسینەوەدا خۆی دەرباز دەکاتو پەنادەباتە بەر ناچارەییو لۆمەی بنوسێکی گیانەکی یان بارودۆخێکی دەرەکی یان فرۆید ئاسا بڕوا بە پاڵنەرێکی نادیاری لایەنی ناوەوەی ئاگامەندی (لاشعور) دەهێنێت، کە "گوایە" کردەوەکانی ئاراستە دەکات.

ئەگەر کەسێك باوکی بکوژێت دەشێت (لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکەی فرۆیدەوە) هۆکەی بگەڕێنینەوە بۆ هۆکارێکی شاردراوە لە دیوی ناوەوەی ئاگامەندی ئەو کەسەدا کە لە منداڵیەوە لەناو هۆشیدا خەفە کراوە. لەبەرهەندێ، ئەو کەسە ناچار بووەو بەرامبەر ئەو کارەی کە ئەنجامیداوە بەرپرسیار نابێت. مارتن براینت لە شاری پۆرت ئارسەر لە ئوسترالیا، لەماوەی "دە" دەقیقەدا "سی" کەسی بە گوللە تیرۆرکرد. لە دادگادا، پارێزەرەکەی بەو بەڵگەیە بەرگری لێکرد، کە گوایە ئەو مرۆڤە لە منداڵیدا لە خۆشەویستی بێبەش کراوەو خواستەکانی خەفەکراونو پاڵپێوەنەرێکی نادیار لەناو هۆشیدا ئەو تاوانەی پێکردووە. براینت نەیتوانیوە خۆی لەژێر دەسەڵاتی ئەو پاڵپێوەنەرەدا دەرباز بکاتو جا لەبەرهەندێ ناوبراو بێتاوانە.

بوونخوازەکان بڕوا بەلایەنی ناوەوەی شاراوەی ئاگامەندی (لاشعور)ی مرۆڤ ناکەن. بەدیدی ئەمان کەسێکی وەك مارتن براینت بە ئاگاییەوە ئەو کارەی ئەنجامداوەو لە ئاستیدا بەرپرسیارە. لێپرسینەوە ئاکامی لۆژیکمەندانەی سەربەستییە. مرۆڤ دەبێت سەربەست بێتو سەربەستیش بەبێ لێپرسینەوە نابێت. لێپرسینەوە

له ئاستی هەڵوێستەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا دەبێت بە دەربەستبوون (ئیلتیزام). بوونخوازەکانی وەك، کیرکیگارد، هایدیگەر، سارتەر، یاسپەر، مارسێلو سیمۆن دی بۆڤوار، ئەم فۆرمەی لێپرسینەوە لە ڕەسەنیەتی بوون جیاناکەنەوە. مرۆڤی ڕەسەن سەربەستو دەربەستە. بوونی نارەسەنیش ڕەتدانەوەی سەربەستی و دەربەستبوونە.

گابرێل مارسێل دەربەستی بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بوونی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا دادەنێت. مارسێل لەو باوەڕەدایە هەتا ئەو ڕۆژەی مرۆڤ لە هەناسەدان دەکەوێتو لێدانی دڵی دەوەستێت دەربەستو لێپرسراوە. سارتەریش لەگەڵ مارسێل هاوڕایەو لەویش زیاتر دەڕواتو دەڵێت کە دەربەستی واتا بە ژیان دەبەخشێت. ماسیون، قارەمانی ڕۆمانی *The Roads to Freedom* واتای ژیانی بە دەربەستی لێپرسینەوە داناوەو ئورستوس، قارەمانی شانۆگەری The Flies ئەو دەربەستییەی بە خەباتو تێکۆشان داوەتە قەڵەم. دیسان، سارتەر، لە پەرتووکی *What is Laterature?* ڕوودەکاتە نووسەرانو لێپرسینەوەی زیاترو گرانتریان دەخاتە سەرشان تاکو خامەکانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو بەرگریکردن لە سەربەستی بەکاربهێنن. هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت، "ئەوەی باوەڕی بەسەربەستی خۆی هەبێت، ئەوا پێویستە باوەڕی بە سەربەستی کەسانی دیکەش هەبێت."[1]

سەربەستی زەمینەی لۆژیکمەندانەی خۆی هەیەو بەو ڕاوبۆچوونەوە وابەستە کە مرۆڤ بەبوونەوەرێکی ناتەواوو دینامیکی

(1) Sarter, Jean-Paul. *Existentialism and Humanism*. Methuen, 1966. p.52.

دادەنێـت. ئـەم توێژینەوەیـەش لـە خۆیـدا ڕەتدانـەوەی دامەزرانـدنی خۆڕسکێکی نەگۆڕو چەسپاوە. جارێکی دیکەش بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنـە فەلسـەفییە گرنگـە دەگەڕێینـەوە لای سـارتەرو شـانۆگەری *The Flies* کـە لەوێـدا بەمشـێوەیە لـە میانـەی دیـالۆگی نێـوان "زیۆسو ئێگستیۆس"ـەوە چارەسەری کێشەکەمان بۆ دەکات.

**زیۆس:** ئێگستیۆس، ئەی برای فـانیم! پێویسـتە ئۆرسـتوسو خوشکەکەی لەناو بەریت.

**ئێگستیۆس:** تۆ ئەوەندە لەو دوو کەسە دەترسیت؟

**زیۆس:** ئۆرستوس دەزانێت کە مرۆڤ سەربەستە.

**ئێگستیۆس:** (بەسەرسـوڕمانەوە) ئـەو دەزانێـت کـە مرۆڤـ سەربەستە؟ ئیتر کۆتو زنجیر بـۆ ئـەو سوودی نیـە. مرۆڤـی سەربەست تاعونەو نەخۆشی بڵاودەکاتەوە، تـەختو تـاجم وێـران دەکـات. ئـەتۆ، زیـۆس خـودای مـەزن بۆچـی ئۆرسـتۆس لەناونابـەیت؟ بۆچـی بـە هەورەبروسکەیەك تەفروتونای ناکەیت؟!

**زیۆس:** (بە ئەسپایی، بە گوێی ئێگستیۆس دا، دەچـرپێنێت) تـۆ باسـی چـی دەکـەیت؟ هەورەبروسـکەی بـدەم بەسـەردا؟ تـۆ دەزانیـت کـە خوداکـان نهێنیـەکیان هەیە...

**ئێگستیۆس:** نهێنی چی؟!

**زیۆس:** کاتێـك مرۆڤـ دەزانێـت سەربەسـتە ئـیتر دەسـتی خوداکانیشـی ناگـاتێ! تەنانـەت خوداکـانیش لــە ئاسـتیدا بێدەسـەڵاتو بێتوانـادەبن! لـەم حاڵەتـەدا، تەنها مرۆڤـ دەتوانێت مرۆڤـێکی دیکە لەناوبەریت. (1)

سەربەستی تەنها خەسڵەتێکی ناوەڕۆکی بوونی مرۆڤـ نیـە، بـەڵکو پێوەری ڕاستەقینەو بـەها ڕەوشتیەکانیشـە. ڕاسـتە بوونخوازێـك وەکـو ئایدیالیسـتێكو ماتریالیسـتێك ناڕوانیتـە ڕەوشـتو بـەها کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بێڕەوشتو بێبەهاش نیە.

گەلێکجار، مارکسیەکان ئەم تاوانەیان خستۆتە پـاڵ بوونخوازەکـانو بوونخوازەکانیشـیان بـە بزوتنەوەیـەکی لـە ڕەوشـت بـەدەرو بـێ بـەها دانـاوە. بـێ ڕەوشـتی بوونخـوازی لـە جەوهـەری یـاخیبوونو سەربەستیدایەو ڕەتدانەوەی بەهاو ڕەوشتە سەپێنراوو ڕزیوەکانی ناو کۆمەڵـە کـە بوونەتـە مایـەی چەوسـاندنەوەو خەفـەکردنی ویسـتی تاکـەکان. جگـە لەمانـەش، چـاکیو خراپـی بـەهاکان لـە تاکێکـەوە بـۆ تـاکێکی دیکـە، لـە چـینێکەوە بـۆ چـینێکی دیکـە، لـە کۆمەڵێکـەوە بـۆ کۆمەڵێکی دیکەو لەکاتو سـەردەمێکەوە بـۆ کـاتو سـەردەمێکی دیکـە، دەگۆڕێـت. هـەروەکو پرۆتـاگوراس دەبێـژێت: "مـرۆڤـ پێـوەری هـەموو شـتێکە، ئـەوەی بـۆ مـن چـاكو دروسـتە، دەشـێت بـۆ کەسـێکی دیکـە

---

(1) Sarter, Jean-Paul. The Flies, translated by Stuart Gilbert. London: Hamish Hamilton, 1978. p.74-75.

خــراپو نادروســت بێــت."[1] ئەمــە ئــەوە دەگەیــەنێت، کــە بــوونو دەسەڵاتێکی بەرز لەژوور بوونی مرۆڤـەوە نیە تـاکو بـەهاو سیسـتەمی ڕەوشت بۆ مرۆڤ دیاریبکات. مرۆڤ خۆی بـەهاو ڕەوشـت دادەهێنێـتو هەر خۆشـی گۆڕانیـان بەسـەردا دێنێت. ئێمـە نـاڵێین مرۆڤ بێبـەهاو بێڕەوشــتە، تەنانــەت ســوپەرمانەکەی نیتشــەش بــڕوای بــەو بــەهاو ڕەوشـتانە هەیـە کـە خـۆی دایهێنـاون. یـاخیبوونو توانـای نێگـەتیڤی لایـەنێکی پـۆزەتیڤی لـەناو خۆیـدا حەشـارداوە. یـاخیبوون لـە بـەهاو ڕەوشـتە کۆنـەکانی نـاو کۆمـەڵ، لەهـەمان کاتـدا دامەزرانـدنی بـەهاو ڕەوشتی نوێیە کە جێگای بەهاو ڕەوشتە کۆنەکان دەگرێتەوە.

(1) Burnet, John. *Greek Philosophy*, London: Macmillan, 1970. p.92.

# بەشی پێنجەم

## رەسەنیەتی بوون و مردن

# ڕەسەنیەتی بوون و مردن

تاکو ئێرە چەندجارێك باسی ڕەسەنیەتی بوونمان کردووە بەڵام لەوە نەدواوین چۆن مرۆڤ بوونی ڕەسەنی خۆی دەدۆزێتەوەو خۆی وونناکات. بەگوێرەی ڕێچکە فینۆمینۆلۆجیەکەی کە پەیڕەوی مانکردووە دەبینین مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کۆمەڵەوەو شوێن خواستو نەریتی کەسانی دیکە دەکەوێتو لاسایییان دەکاتەوە. وەك ئەوان جلوبەرگ دەپۆشێتو ڕۆژنامەکان دەخوێنێتەوەو باسی ڕووداوەکان دەکاتو تەماشای فیلمو بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەکات. بەکورتییەکەی، لە ژیانی لاساییکردنەوەدا تاك لەچاوی کەسانی دیکەوە دەڕوانیتە واقعو بە مێشکی ئەوانیش بیردەکاتەوەو دەبێت بە کۆپییەك لەوانو خەسڵەتو تایبەتمەندەکانی خۆی دەدۆڕێنێت.

لاساییکردنەوە ناڕەسەنیەتیەو مرۆڤ نابینا دەکاتو بۆ بڕیاردان لەسەر کارەکانو هەڵسوڕاندنیان پەنادەباتە بەر کەسانی دیکەو دەستەڵاتو بڕستی خۆی خەفەدەکات. ئەمجۆرە ژیانە نامۆ بوونە لە "خود"ی تاكو ڕەتدانەوەی تایبەتمەندیو سەربەستی مرۆڤە. بوون لەژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەداو ژیانی ناڕەسەنی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی ناو مێژووە کە مرۆڤ تووشی دەبێت، خۆ ڕزگارکردن لەم دۆخە نالەبارە مەحاڵ نیەو بەڵکو پێویستیشە.

چۆن خۆمان له نارەسەنایەتی "بوون" ڕزگار دەکەین؟ پێشئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ئەو خاڵە دەخەینە پێش چاو کە نارەسەنایەتیو کەوتنەژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەوە لە ئاکامی "دابڕین"ی مرۆڤەوە پەیدادەبێت.[1] دابڕین لەبنەڕەتدا واژەیەکە لە ئاییندا (بەتایبەتی لە ئایینە سامییەکاندا) بەکارهاتووەو پەیوەندی بە داستانی دەرکردنی ئادەمو حەوا لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی هەیە. ئەم واژەیە لە ئایینی مەسیحیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە کە سەرچاوەی گوناهی یەکەمەو گشت نەوەکانی ئادەم لێی بەرپرسیارن.[2]

ئێمە بەمشێوەیە لە واتای ئەم واژەیە ناکۆڵینەوە. کاتێك کە واژەی دابڕین وەکو واژەیەکی فەلسەفی بەکاردەهێنین دەڵێین: "مرۆڤ فڕێدراوەتە ئێرە" مەبەستمان لەوەیە ئێمە بەویستو ئارەزووی خۆمان نەهاتووینەتە دنیاوە. لەگەڵ هاتنە دنیاوەو لە یەکەم ساتی

(١) واژەی "دابڕین"م لەبری Verfallen، یان (السقوط) بەکارهێناوە کە پەیوەندیەکی ناوەڕۆکی لەگەڵ واژەی "فڕێدان" Geworfenheitدا هەیە.

(٢) لە ئایینی ئێزیدیدا دابڕینی ئادەمو حەواو شەیتان بە شێوەیەکی جیاواز لێکدراوەتەوە. ئێزیدییەکان لەو باوەڕەدان خودا سزای شەیتان (مەلەکتاوس)ی نەداوەو لە هەڵەکەی خۆشبووە چونکە خودا میهرەبانە. شەیتان هەروەك خۆی بە فریشتەیی مایەوەو یەکێکە لەو حەوت فریشتە پایەبەرزەی کاروباری گەردوون دەبەن بەرێوە، جا بۆیە نابێت بەسەرچاوەی خراپەی بزانینو نەفرەتی لێبکەین. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم باسە بروانە هەردوو پەرتووکی "مەسحەفی ڕەش" لە نووسینی شێخ حەسەن، (کە یەکێکە لە پێشەوا ئایینیەکانی ئێزیدییەکان)و "ئێزدیاتی" لە نووسینی خدری سلیمانو خەلیلی جندی لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا ١٩٧٩.

ژیانمانەوە دەكەوینە ژێر كارتێكردنی كەسانی دیكەوەو ئەوان نەرێتو بەهاكانی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێننو رێگەنادەن ببین بەخاوەنی "خود"ی خۆمانو كەسایەتیمان دەكوژن. هەموو ئەم واژانەی وەك "دابڕین، نامۆییو ناكەسایەتی" نێگەتیڤو ناڕێنو وەسفی فۆرمێكی بوونی مرۆڤ دەكەن كە پێیدەگوترێت "نارەسەنی".

نارەسەنی توانای مرۆڤ كەمدەكاتەوەو كارتێكردنی نالەباری لەسەر تێگەیشتن هەیەو رۆڵی سەرەكی زمانیش دەشارێتەوە. مرۆڤی نارەسەن بەدوای ڕاستیدا وێڵ نیەو چاوەڕێی كەسانی دیكە دەكات ڕاستی نیشانبدەن. ئەگەر هاتوو مرۆڤێكی نارەسەن وا خۆی نیشان بدات كە بەدوای ڕاستەقینەدا وێڵە ئەوا نابێت بڕوای پێبكرێت، چونكە ئەو هەڵوێستەشی هەر لاساییكردنەوەی كەسانی دیكەیە. ئەمجۆرە كەسانە تەنانەت لە گفتوگۆكردنیشدا وشەو ڕستەی كەسانی دیكە دەجوونەوەو خۆیان گەردێك چیە نایخەنە سەر ڕاستەقینەو هیچی نوێ ناهێننە كایەوە. مرۆڤی نارەسەن زۆربڵێیەو ئەوەی دەیشیلێت كرچو كاڵو بێتامە، پێشینان گوتەنی "گۆزەی بەتاڵ دەنگی بەرزە". كەمكردنەوەی تواناو بڕستی تێگەیشتن لە بوونێكی نارەسەندا، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی كارتێكردنی مەزاج لەسەر بیركردنەوەی ژیانی ڕۆژانە.[1] ئاشكرایە، كە مرۆڤ گەلێك جار لە كێشەو مەسەلەكانی دەوروبەری خۆی تێناگات، بەڵام ئەو كێشەو

---

(١) واژەی "مەزاج"م لەبری هەردوو ووشەی Befindlichkeit ی ئەڵمانی Mood ی ئینگلیزی بەكارهێناوە.

مەسەلانە ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر بارودۆخی دەروونیو میزاجی دەرسکێنن. زۆرجار مرۆڤ لە ڕووداوێك یا لە کێشەیەك ناگات بەڵام هەمیشە لە ئاستیاندا مەزاجییە. بۆنمونە، جووتیارێکی نەخوێندەوار نازانێت بۆچی ڕەنگی ئاسمان شینە، بەڵام کاتێك بۆ جووتکردن دەچێتو هەور بە ئاسمانەوە نابینێت ڕنگی شینی ئاسمان مەزاجێکی تایبەتی دەداتێ و دڵخۆشی دەکات.

مرۆڤ مەزاجیە، مەزاجیش دەگۆڕێت، ساتێك دڵخۆشەو ساتێك خەمبارە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا مەزاجییەو بێ مەزاج نیە. پەیوەندی نێوان تێگەیشتنو مەزاج ناکۆکە. ئەگەر تێگەیشتن زیاتر بێت مەزاج کەمتر دەبێتو بەپێچەوانەشەوە. تا مەزاج سەرەوژوور بێت تێگەیشتن سەرەو خوار دەبێت. مەزاج وابەستە بەکارتێکردنی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەمانەوە. ئەو ڕووداوەی کە هێشتا ڕووینەداوە کار ناکاتە سەر بارودۆخی دەروونمان. مرۆڤی مەزاجی ڕووی لە ڕابردووو ئێستایەتیو پشتی کردۆتە داهاتووی. بۆ نمونە، خەمباری مەزاجێکە لە ئاست تراجیدیایەکدا کە ڕوویداوە. مەزاج بەستراوە بە واقعەوە واقعیش وەك شتێکی هەبوو (Actual) لەبەر دەممان‌دا قوتبۆتەوەو هەیە.

ئەو شتانەی هێشتا دەرنەکەوتوونو ڕوویان نەداوە نابن بە واقع. شیاو Possibility یان ناشیاو شتێکە دەشێ ڕوو بداتو دەربکەوێ، ڕوونەداتو دەرنەکەوێ. ناوەڕۆكو ژیانی مرۆڤ لەم ڕووداوانە

پێکهاتوون که ناومان لێنان "گونجاو" یان پرۆژەکانی بوون.[1] هەندێك لەم پرۆژانە هاتوونەتە ئەنجامو بوون بە بەشتێك لە ناوەرۆکمانو گۆڕانیان بەسەردا نایەتو واقعن (Actual). هەندێکیان بەئەنجام نەگەیشتوونو مرۆڤ لەداهاتوودا، بەئەنجامیان دەگەیەنێت.

دەشێت لێرەدا خوێنەر ئەو پرسیارە بکات کە بۆچی گەشتەکەمان لە ژیانی مرۆڤەوە دەستپێکرد؟ ئێمە لەپێشەوە لەوە دوایین کە توێژینەوەکەمانو شوێن ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی دەکەوێت. مەرجی سەرەکی ئەم ڕێچکەیەش ئەوەیە خۆمان بە پێشبیرو پێشبڕیارەکانەوە ماندوو نەکەینو ڕوو بکەینە بابەتی توێژینەوەکەمان ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەین، تاکو بزانین چۆن خۆیمان پیشاندەدات. لەم حاڵەتەدا "مرۆڤ" کە بابەتی توێژینەوەکەمانە ناخرێتە ژێر مایکرۆسکۆبەوە، بوونەوەرێکە کە هەرگیز لە دەوروبەرەکەی دانابڕێت. پێویستە لەسەر ئێمەش، هەر بەوشێوەیە لە بوونی بکۆڵینەوە.

---

(١) واژەی "واقعو شیاو" (Actuality and Possibility)، لە فەلسەفەی بوونخوازیدا دوو چەمکی رووت نینو واتایەکی ئۆنتۆلۆجییان هەیەو بەکارهێنانیان لەجۆری بەکارهێنانەکەی ئەریستۆو شاگردەکانی جیاوازە. بەدیدی ئەریستۆ هەموو شتێکی هەبوو (Actual)، بڕێك توانای شاراوەیی (Potentiality) لەناوخۆیدا هەڵگرتووە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیەوە واقیعەت دێتەکایەوە. بۆنموونە، تۆوی سێو هەرمێ توانایان هەیە ببن بە درەختو میوەش بگرن. لە فەلسەفەی بوونخوازیدا بەپێچەوانەوە پرۆژەکانی بوون (Possibility) توانایی شاراوەو زگماکی نین کە لەناو بوونی مرۆڤو ناوەرۆکیدا هەبن. ئەگەر مرۆڤێك نوێخوازی یان کۆنەپەرستی بۆخۆی هەڵبژێرێت مانای ئەوە نیە (ئەریستۆ گوتەنی) کە نوێخوازیو کۆنەپەرستی لەناو توانای ئەوکەسەدا لەگەڵ بوونیدا هاتۆتەکایەوە ئەگەرنا ژیانی دەبێت بەناچاری.

هەموو دەزانین ژیانی ڕۆژانە پڕە لە هەڵوێستی ساکارو نافەلسەفیانەو زۆربەی کات مرۆڤ لەژێر کارتێکردنی دەوروبەریدا بەرفەرمانەو ڕەسەنیەتی خۆی نابینێت. ڕێگای دەربازبوونو دۆزینەوەی ڕەسەنیەتی بوون لە بۆچوونی فەلسەفیانەی ژیانەوە دەستپێدەکاتو یارمەتیمان دەدات کە خەسڵەتە تایبەتییەکانو (تایبەتمەندی خۆمان) بناسینەوە. ئەم بە ئاگاهاتنەوە گەڕانەوەیە بۆ "خود"و بانگکردنێکی ویژدانیە کە لە خەوی گرانی نامۆییو نارەسەنیەتی بوون ڕاماندەچڵەکێنێ.

ئەو گرفتەی لەم ڕێگەیەدا تووشمان دەبێت ئەوەیە کە گەڕانەوە بۆ "خود"و ناسینەوەی ڕەسەنیەتی بوون هێندە بەئاسانی بەدەستنایەت. زۆرجار مرۆڤی نامۆ پێویستی بە هێزێك هەیە لەو خەوە هەڵیبستێنێتو بەرەو لای ڕاستەقینەی بوونی خۆی پەلکێشی بکاتو پرسیارە بنەڕەتییەکانی وەکو "من کێم؟"، "من چیم؟"و "بۆچی دەژیم؟" لە مێشکیدا بهێنێتە جۆش. مرۆڤ لەم مۆنۆلۆگەدا ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوەو لەناو ئازاری ویژداندا دەژی، چونکە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ڕەسەنیەتی خۆی دۆڕاندووەو بوونیشی داگیرکراوە. ئازارو ژانی ویژدانیشی سەرەتایەکی دڵخۆشکەرەو هەنگاوی یەکەمیشە بەرەو خۆناسینەوە. ئەنجا لێرەدا ئەم پرسیارە دەکەینو ئەگەر کەسێك نەیتوانی بەم ڕێگەیەدا بگەڕێتەوەو گوێی لەدەنگی ناوەوەی خۆی نەبێتو تووشی ئازاری ویژدان نەبێت، چۆن بەئاگا دێتەوەو خۆی دەناسێت؟

مرۆڤی خۆناس هەمیشە مەزاجییەو وابەستە بە ڕابردووی خۆیەوەز لەم ڕووەوە مەزاج ڕۆڵێکی نەرێی هەیە، بەڵام جۆرێك لە مەزاج وەك دوودڵی (Dread یان Graun) ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی دەبینێت.[1] لەدیدی فەیلەسوفە بوونخوازەکانی وەك "کیرکیگارد، هایدیگەرو سارتەر"ـەوە ئەم جۆرە مەزاجە "ترس" نیە. بەئاشکرا دوودڵیو ترسیان لەیەکتر جوداکردۆتەوە. بەپێچەوانەی ئەم بوونخوازانەوە گەلێك فەیلەسوفی دیکە هەن بایەخیان بە "ترس" داوەو لە دوودڵی نەدواون. ئەپیکۆرس لەو باوەڕەدایە کە ترس بەتایبەتی "ترس لە مردن" دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەختەوەری مرۆڤ. لە فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی هێگڵ دا ترس لە مردن هۆکارێکی سەرەکییە بۆسەرهەڵدانی چەوساندنەوەو کۆیلایەتیو پەیدابوونی ئایینەکان. فرۆیدیش لەگەڵ هێگڵ دا هاوڕایەو ئایینەکان دەگەڕێنێتەوە بۆسەر ترس. ئێمە لێرەدا لە ترس نادوێینو باسی دوودڵی دەکەین. بابزانین جیاوازییەکانی نێوان ترسو دوودڵی چین؟

ترس سێ لایەنی هەیە:

**یەکەم:** کەسێك کە ترس دەکەوێتە دڵیەوە.

**دووەم:** ڕووداوێك یان بابەتێکی ترسناك.

**سێیەم:** ترس لەلای مرۆڤی ترساو دروست دەبێت.

ئەگەرهەریەکێك لەم سێ لایەنانە لە ئارادا نەبن ترس (ترسان) ڕوونادات. کاتێك دەڵێین مرۆڤ لە گورگ دەترسێت ئەو ترسە هەرسێ

---

(1) Heidegger, Martin. op.cit., p.295.

لایەنەکەی تێدا کۆبۆتەوە. مرۆڤـو گورگـو ترس (ترس لە گورگ). لەهەموو حاڵەتێکی ترس (ترسان)دا دەبێت بابەتێکی ترسناکی دیاریکراو هەبێت. کەس نیە بڵێت، من لە "هیچ" دەترسم! یان بێ ئەوەی بابەتو ڕووداوێکی ترسناك لە ئارادا هەبێت ئەو ترس بکەوێتە دڵیەوە.

دوودڵی زۆرجار بابەتو ڕووداوێکی دیاریکراوی نیە دەشێت یەکێك لەو سێ لایەنە بەتایبەتی لایەنی بابەتەکە لەو جوودانەبێت هێشتا مرۆڤـ دوودڵ دەبێت، یان لەئاست "هیچ"دا دوودڵ بێت کە ئەمە لەگەڵ ترسدا ڕێك ناکەوێت. زۆرجاریش ئەو بابەتە لە وجوودایە بەڵام مرۆڤـی دوودڵ خۆیشی نازانێت لە ئاست چیدا دوودڵە. سەرەڕای ئەمەش چۆنیەتی بابەتەکە گۆڕانکاری تێدا ڕوودەداتو مرۆڤـ لەئاست "بوون"دا بەگشتی دەکەوێتە دوودڵیەوە. ئەم بابەتە وەك شتێکی بەردەستەکیو ڕووداوێکی تایبەت نیەو "هیچ"ـە، چونکە نە ئەم بابەتەیەو نە ئەوی دیکەو بەڵکو هەموو شتێکە.

لێرەدا "هیچ" وەك واژەیەك دوو واتای هەیە، یەکەمیان "بوون"ـە بەگشتیو دووەمیان، "نەبوون"ـە. "نەبوون" لە ئەزموونی دوودڵیدا مانای "مردن"ـە. بوونو نەبوون دوودڵو پەرێشانمان دەکەنو ڕووبەڕووی "خود"ی خۆمانمان دەکەنەوە. خۆ مرۆڤـ دەتوانێت گورگەکە بکوژێتو خۆی لەو مەترسییە ڕزگار بکاتو بێ ترسو بە ئاسوودەیی بژی، بەڵام هەرچەند قارەمانو نەبەرد بێت لەدەست مردن ڕزگاری نابێت.

مردن پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆجی "بوون"ـە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت "مادەمەکی مرۆڤ هەیە، ئەوا دەبێت بوونێکی کاتی هەبێتو بمرێت". مردنی مرۆڤ وەك مردنی زیندەوەرەکانی دیکەو خۆشکردنەوەی بارانو توانەوەی بەفری سەر چیا نیە. زیندەوەرەکان بەئاگاوە نامرنو لە ئاست ئەو ڕاستەقینەیەدا کە ڕۆژێك ڕوبەڕوی مردن دەبنەوەو کۆتایی بە "بوون"یان دێت هۆشیار نین. کاتێك باران خۆشدەکاتەوەو بەفری سەرچیا دەتوێتەوە ساڵێکی دیکە لە زستاندا جارێکی دیکە باران دەبارێتو بەفریش چیاکان دادەپۆشێت، بەڵام مرۆڤ یەکجار دەژیتو یەکجاریش دەمرێت. بێگومان ئەم بیروڕایە لەگەڵ بۆچوونە ئایینیەکەی هیندوسی (سەمسارا)دا ناکۆکەو هاوڕا نیە.[1] تەنانەت، لەگەڵ چەمکی مردن لە ئایینە سامیەکانیشدا ناکۆکە چونکە جوەکانو مەسیحییەکانو موسڵمانەکان باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی پاش مردن لە ڕۆژی قیامەتدا هەیە. بەگوێرەی "سەمسارا"ش مرۆڤ چەندەها جار دەمرێتو زیندوو دەبێتەوەو هەرجارەش لەشی دەگۆڕێت تاکو ئەوکاتەی گیانی خۆی لە گوناهەکان دەشواتەوەو بە پاکییەوە ڕوو دەکاتە بارەگای خوداو ژیانی جاویدانی پێدەبەخشرێت.[2] مەرج نیە مرۆڤێك لە ژیانی داهاتوویدا لاشەی

---

(١) سەمسارا، واژەیەکی سمرسکردم (سانسکریت) ییە واتە لاشەگۆڕین.

(٢) لە پەرتووکی ئایینی هیندۆسەکاندا (ڤیدا) نووسراوە ئەگەر مرۆڤ گیانی خۆی لە گوناهەکان پاك نەکردەوە، ئەوا دەبێت هەشت ملیۆنو چوارسەد هەزار جار بمرێتو زیندوبێتەوە، ئەم ژمارەیەش هێندەی ژمارەی زیندەوەرەکانی سەر زەوییە. پاش ئەمە مرۆڤە گوناهبارەکان بە سزای خۆیان دەگەنو فڕێدەدرێنە دۆزەخەوە.

مرۆڤی پێبدرێتەوە لەوانەیە فۆرمی ئاژەڵێك وەربگرێت. ئەمەش بەستراوە بە جۆرو چۆنیەتی ژیانی ئەو کەسەوە. کەسێك لەم ژیانەدا تەمەڵو چاوبرسی بێت لە ژیانی داهاتوویدا بۆ نمونە دەبێت بە بەراز.

ئایینەکان بڕوا بەمردن (وەك کۆتاییهێنان بە بوون) ناکەن. لە پەرتووکی هیندوسەکاندا (باگڤیت-گیتا) نووسراوە، "هەروەك چۆن مرۆڤ جلی نوێ لەبەردەکاتو جلە کۆنەکانی فڕێدەدات ئاوهاش، گیان لاشەی 'ماتەر'ی نوێ لەبەردەکاتو لاشە کۆنەکان فڕێدەدات."[1] چەند فەیلەسوفێکی ئەوروپی وەك "هیراکلایدس"، "ئەفلاتوون"، "پیتاگۆراس"و "نیتشە" لە فەیلەسوفە موسڵمانەکانیش "رازی" هەروەها چەند دەستەو تاقمێك لە سۆفییەکانو شیعەکانو ئێزیدیەکانیش بڕوایان بە لاشەگۆڕین هەیە کە بەداخەوە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە دەربارەیان بدوێین.

بوونی مرۆڤ بەرەو مردنەو ئەو دوولایەنە (لایەنی بوونو لایەنی نەبوون) هەرگیز لێکناترازێنو گرێدراون. مردن هێندەی پێستی لەشمان لە "بوون"مانەوە نزیکەو لە یەکەم ساتی بوونەوە ئەمیش دێتە کایەوەو ساتێك دوور ناکەوێتەوە. نەخۆشییەکە لەگەڵ بووندا پەیدادەبێتو سەری بوونیش دەخوات. هەروەك باسمانکرد، مردن وەستانو خۆشکردنەوەی باران نیە، بەڵکو کۆتایی پێهێنانێکی بنەڕەتیو هەمیشەییە بە هەموو پرۆژەکانی ژیان. بەواتایەکی دیکە،

---

(١) بڕوانە، (باگڤیت-گیتا) تێکستی ٢٢، لاپەرە ١١٣، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی "رابح یونس" دارالکتب بگهگی فیدانت، ١٩٧٢.

مردن دوا پرۆژەو مەرگەساتی گشت پرۆژەکانی دیکەیەو لە هەموو پرۆژەکانی دیکەش زیاتر هەستی پێدەکەینو دەربارەی دەزانین. مرۆڤ نازانێت پرۆژەکانی داهاتووی چین، پاش دە ساڵی دیکە ڕوو لەکام وڵات دەکاتو بە چ کارێکەوە خەریك دەبێت، بەڵام باش دەزانێت کە دەبێت بمرێت.

لەلایەکی دیکەوە مردن ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیەو بوونی مرۆڤ دەگەیەنێتە دوا وێستگەی گەشتەکەیو "تەواو"ی دەکات. هەتا مرۆڤ نەمرێت ناوەڕۆکیشی "تەواو" نابێتو ویستی خۆ تەواوکردنی ناوەستێت. بەڵام لەبەرئەوەی مردن هەیە گەیشتن بە پلەی "تەواوکۆیی" مەحاڵەو دەستگیر نابێت، چونکە مردن دەرگا لەسەر پرۆژەکانی داهاتوو دادەخاتو "بوون" لە زۆنگاوی ڕابردوودا دەچەقێنێت، دەبێت بەو پرۆژەیە کە لەودیو ئەوەوە هیچ پرۆژەیەکی دیکە نایەتە پێشەوە هەموو گۆڕانکاریو دینامیکیەتی "بوون" لەگەڵ ئەودا بۆ هەمیشە وون دەبن. ڕەنگە باشترین نمونە بۆ ڕونکردنەوەی خەسڵەتی مردن ئەو دیالۆگەی نێوان دوو پاڵەوانی چیرۆکی *The Victors* ی سارتەر بێت. ئەم دووانە کوڕو کچێکی لاونو خۆشەویستو دەستگیرانی یەکترن. هەردووکیان شۆڕشگێڕنو دژ بە داگیرکەرنو لەهێزی بەرگریدان. ڕۆژێك کچەکە لەلایەن هێزی داگیرکەرەوە دەستگیر دەکرێتو فەرمانی کوشتنی دەدرێت. پێش گوللەبارانکردنی، خۆشەویستەکەی دەچێتە زیندان بۆ دیداریو ئەو دیالۆگە ڕوودەدات. خۆشەویستەکەی ناوی "جۆن"ـەو کچەکەش ناوی "لوسی"یە.

**جۆن:** دەمەوێ زۆرتر لەگەڵتا دابنیشم، گەر حەز دەکەیت هیچ ناڵێمو بێدەنگ دادەنیشم. نامەوێت زوو بڕۆم تاکو هەست بەتەنهایی نەکەیت!

**لوسی:** تەنهایی؟! لەگەڵ تۆدا؟ تۆ تاکو ئێستاش لە من حاڵی نەبوویت. هیچ شتێك لە نێوان منو تۆدا نەماوە.

**جۆن:** چۆن؟! ئەی لەبیرت چۆتەوە من چەندەم تۆ خۆشدەوێت؟!

**لوسی:** ئەو "لوسی"یەی تۆ خۆشتدەویست ئافرەتێکی دیکە بوو.

**جۆن:** نا، تۆ بووی!

**لوسی:** من ئافرەتێکی دیکەم، تەنانەت خۆشم خۆم ناناسمەوە! بابڵێین تۆ منت خۆشدەوێت ئەی پاش ئەوە دەتەوێت چی بڵێیت؟ ئێمە خۆشەویستیمان لە یەکدی دوورکەوتۆتەوە، بۆچی ناویدەبەیت؟ ئیدی هیچ بەهایەکی نیە.

**جۆن:** تۆ درۆ دەکەیت. خۆشەویستی بۆ هەردووکمان ژیان بوو.

**لوسی:** هەر ژیان؟ داهاتووشمان بوو! هەمیشە چاوەڕوان بووم جەنگ تەواوبێتو منو تۆش وەك هەموو دوو خۆشەویستێك پێکەوەبژین، بەڵام ئێستا، ئێستا بێ داهاتوومو جگە لەمردن چاوەڕوانی هیچی دی ناکەمو بە تەنهاش دەمرم.[1]

---

(1) Sartre, Jean-Paul. *The Victors*, Lausanne, 1949. pp.147-148.

مردن لایەنەکانی "بوون" کۆدەکاتەوەو دەیانخاتە ناو بوخچەی "ڕابردوو"وەو گرێی کوێریان لێدەدات. بە مردن "بوون" هەرلایەنێکی شاراوەی هەبێت وندەبێتو لایەنە دیارەکانیشی دەبن بە کلافەیەك لە فاکتۆری نەگۆڕ. بەگوێرەی ئەو لێکدانەوەیە دەبینین مردن دینامیکیو ستاتیکییە. دینامیکیەتی مردن لەوەدایە کە بوون دەگۆڕێتو ستاتیکیەتیشی لەوەدایە کە وەك دواپرۆژەی بوون ژیان دەوەستێنێتو چرای داهاتوو دەکوژێنێتەوە.

ئێستاش کاتی ئەو پرسیارە هاتووە کە لە خۆمانی بکەین چۆن مردن مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو "خود" خۆیو ڕەسەنیەتی بوونی بۆ دەردەخات؟ "بوون-لەگەڵ" یان "بوون- لەناو" کۆمەڵدا پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوو بۆ بوونی مرۆڤ. بەحوکمی ئەو گریمانەیە، هەموو تاکەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەکی نەرێ یان پۆزەتیف دەکەونە ژێر کارتێکردنی کەلتوورو نەریتو بەهاو ڕەوشتی کۆمەڵەوە. کاتێك مرۆڤ هەست بە مردن دەکاتو لەم لایەنەی بوونی بەئاگادێتەوە وەك "لوسی" لە ژووری زیندانەدا چاوەڕێی مردن دەکات خۆی بە تەنها دەبینێتو دەگاتە ئەو قەناعەتە سەرنج ڕاکێشەی کە کەسانی دیکە لە ئاستی پرۆژەی مردنی ئەمدا ڕۆڵیان نیە، تەنانەت نزیکترین کەسیش ناتوانێت تۆزقاڵێك لە کێشەکە بگۆڕێت.

مرۆڤ بەتەنها دێتە ژیانەوەو بەتەنهاش دەمرێت. لەکاتی لە دایکبووندا هەست بە "تەنها-بوونی" خۆمان ناکەین، بەڵام هەمووومان هەست بە "تەنهابوون" لە ئاست مردندا دەکەینو دەزانین کە دەبێت بمرین. تاکەکان بەتەنها دەمرنو کەس بۆ کەسێکی دیکە نامرێت. دەبێت مرۆڤێك هیچ ساتێك بەتەنها نەژیابێت، وەك "لوسی" هەستی بە تەنهایی لە ژیانا نەکردبێت، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ

مردن تەنهایەو بەتەنها دەمرێت. تەنانەت "جۆن"ی خۆشەویستیشی ناتوانێت گەردێك لە مەسەلەی "بوون- بەرەو- مردن"ی لوسی بگۆڕێت. مردن ئەزموونێکی سەرنج ڕاکێشە جگە لە تاکەکەس خۆی کەسێکی دیکە ناتوانێت ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدات. من دەتوانم داوا لە هاوڕێیەکەم بکەم کە کارێکی تایبەتیم بۆ ئەنجام بدات، یان (کە بۆ کوردستان گەڕایەوە) لەبری من سەردانی دایكو باوکم بکاتو هەواڵیانم بۆ بپرسێت، بەڵام ناتوانم داوای لێ بکەم لەجیاتی من بمرێت.

من بمەوێتو نەمەوێت لەبەردەم مردندا وەك تاکێك ڕادەوەستمو وەك پرۆژەیەك دەیهێنمە کایەوەو دەیخەمە سەر ناوەڕۆکم. بەڵێ، مردن ئەو پرۆژەیەیە کە "من" خۆم بەتەنها ئەنجامی دەدەم. ئەو ڕێگایەیە خۆم بەتەنها دەیبڕمو کەسی دیکە ناتوانێت هاوڕێگاو هاوسەفەرم بێت. دروستە مردن پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی بوونی مرۆڤەو هەموو یەکێك لە ئێمە دەبێت بمرێت، جیاوازی نێوان ئێمەو کەسێك کە بەمەرگ مەحکوومە وەك "لوسی" ئەوەیە کە ئەو دەزانێت چ ڕۆژێك چ کاتێك دەمرێتو مردنی ئێمەش کتوپڕی مەرگەساتەو نازانین کەی تووشی دەبین. ئەزموونی مردنو بڕواهێنان بە واقعیەتی مردن "خودی" مرۆڤ لە ئاست خۆیدا وەك بوونێکی تایبەتمەندو جیاواز بەئاگا دێنێتەوەو یارمەتی دەدات ڕەسەنیەتی خۆی بدۆزێتەوە. مردن تەنها پرۆژەیەکە کە بەبێ کارتێکردنو یارمەتی وەرگرتن لە کەسانی دیکەوە بەئەنجام دەدرێت. بەئاگابوونەوە لە مردن ناسینەوەی "خود"و گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنیەتی بوون.

# بەشی شەشەم

## فەلسەفە و ئەدەب

# فەلسەفە و ئەدەب

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەندێك فێرگەی فەلسەفی پەیوەندی نێوان دیدی فەلسەفیو بیردۆزی ئەدەبی بەهێزتر بوون. ئەو فێرگە فەلسەفییانە لە دامەزراندنو بناغەدانانو سترەکچەری بیردۆزە ئەدەبییەکاندا کاریگەرییان هەبووە. باشترین بەڵگەیەك کە هەمانبێت کارتێکردنی فەلسەفەی مارکسیزمو سترەکچرەلیستو پاش-سترەکچرەلیستو بوونخوازییە. بەگوێرەی بۆچوونی بوونخوازەکان، ئەدەب ڕۆڵێکی سێنتارڵو گرنگی لە ناوەندی دەربڕینو گەیاندندا هەیە. لەبەر ئەم هۆیەشە فەلسەفەی بوونخوازی خۆی لەناو پەرژینی فۆرمەلیستی زمانی ئەکادیمیدا توند نەکردووەو هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەدەبەوە پەیامەکەی بە خوێنەر بگەیەنێت. هەر لەبەر ئەمەشە، سارتەر، کامۆ، سیمۆن دیبوڤوارو مارسیلو زۆری دیکەش لە بوونخوازەکان بە وێژەوانو ئەدیب ناسراون.

لەم بەشەدا لە پەیوەندییەکانی نێوان فەلسەفەی بوونخوازیو ئەدەب دەدوێین، بەڵام باسی هەموو زاناو ئەدیبە بوونخوازەکان ناکەینو زیاتر باسەکە بۆ هایدیگەرو سارتەر تەرخاندەکەین کە مۆری خۆیان لە ئەدەب بەگشتیو ئەدەبی بوونخوازی بەتایبەتی داوە. گومان لەوەدا نیە پەرتووکی "بوونو کات" (***Sein und Zeit***) شابەرهەمیی مەزنی بیروباوەڕی هایدیگەرە، کە کارێکی یەکجار

گەورەی کردۆتە سەر فەلسەفەکانی سەردەم‌و پاش خۆی. ئەمڕۆکە هایدیگەر لەلای گەلێك لە زاناو فەیلەسوفەکان وەك ئۆتۆپۆگلەر، گادەمەر، درایفوس‌و ڕۆبنسن بە "هێگڵ"ی سەردەم دادەنرێت‌و وای دەبینین کە ڕۆڵێکی مەزنی لە داهێنان‌و تازەکردنەوەی بیری فەلسەفییانەی ئەمڕۆدا بینیوە. هایدیگەر جگە لەو شاکارە نایابە فەلسەفییەی کە ناومان برد گەلێك لێکۆڵینەوەی لەسەر زمان‌و ئەدەب (بەتایبەتی هۆنراوە) کردووە. بە دیدی هایدیگەر ئەدەب "هێزی ڕزگارکەرە" بۆ مرۆڤی نامۆ وونبووی سەردەمی تەکنەلۆجی.

سەرنجێکی وورد لە ناوەڕۆکی ئەو نوسینەی لەبارەی (ناوەڕۆکی تەکنەلۆجی) کە لە ساڵی ١٩٥٠دا لە (ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە باڤیریا-ئەڵمانیا) لە سیمینارێکدا پێشکەشی کرد ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تەکنەلۆجیا بەناوی بەرەوپێشەوەچوون مرۆڤی نامۆ کردووەو ڕەسەنیەتی سڕیوەتەوە. تەنها ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە "نەرێ"یە پەنابردنە بەر ئەدەب‌و دەربڕینی "خۆ"و کەشفکردنی ڕاستەقینەی بوونە، بۆ ئەم مەبەستەش بەیتێکی لە هۆنراوەیەکی "هۆڵدرلن" هێناوەتەوە کە بەوردی ئاماژەی بەم خاڵە کردووە:

"چەندە هێزی ترس گەورە بێت هێندەش هێزی ڕزگاری زیاد دەبێت."[1]

---

(1) Heidegger, Martin.''The Question Concerning Technology''. *Basic Writings*, p.310.

تەکنەلۆجیا "ڕاستەقینەی بوون" لەناو بابەتە بەردەستەکییەکاندا دەشارێتەوە. کاتێك بەرامبەر تەلەفزیۆن دادەنیشم‌و سەیری فیلمێك دەکەم ئەوەم لەبیر نامێنێت کە من لە تەلەفزیۆنەکەوە فیلمەکە دەبینم چونکە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو فیلمەکەدا خەریك دەبم‌و تەلەفزیۆنەکە وەك بوونی تەکنەلۆجیا لەبەرچاوم وون دەبێت‌و هەست بە بوونی ناکەم. ئەمە خەسڵەتێکی تایبەتی تەکنەلۆجیایە کە هەمیشە خۆی وون دەکات‌و زۆرکەم هەست بە بوونی دەکەین.

لەهەمان کاتدا تەکنەلۆجیا (یان ئەو هێزەی کە خاوەنی تەکنەلۆجیایە) تواناو بەهرەو داهێنانی مرۆڤـەکان دەخاتە بازاڕەوەو مرۆڤـەکانیش بە بابەتێکی سوودبەخش دادەنێت‌و لەڕوی میکانیزمی قازانج‌و زیانەوە تەماشایان دەکات. ئەمرۆکە کە سەردەمی تەکنەلۆجیایە هەموو شتێك لەسەر پێوانەو کرایتێریای سوودمەندی دامەزراوە. ئەگەر مرۆڤ وەك بابەتێکی بەردەستەکی (بۆنمونە، وەك تەلەفزیۆن) سوودبەخش بوو یان توانای کاری هەبوو جێگەو "ڕێزی" لەناو کۆمەڵدا هەیەو ئەو ڕۆژەی لە کاریش کەوت جێگەی لەناو ئەو سیستەمەدا نابێتەوەو بەشتێکی بێ بەها دادەنرێت. جیهانی سەرمایەداری (کە داردەستەکەی تەکنەلۆجیایە)، بوونی مرۆڤ‌و بوونی کەلوپەلەکان هاوتا دادەنێت‌و جیایان ناکاتەوە. ئەدەب‌و هونەر بەپێچەوانەی تەکنەلۆجیایەوە "بوون" ناشارنەوە خودی مرۆڤیش ناخەنە ژێرباری کارتێکردنی کراتێریای سوودمەندییەوە. پاش تەماشاکردنی فلیمێك لە تەلەفزیۆندا، کەس نایەت باس لە چۆنیەتی تەلەفزیۆنەکە بکات‌و بەشان‌و بازوویدا هەڵبدات‌و ئافەرینی

کارخانەکەی بکات، بەڵام باسی فیلمەکەو ڕووداوەکانی دەکرێتو کاردەکاتە سەر مەزاجو بیرکردنەوەمان. هایدیگەرو گادەمەر بایەخێکی زۆریان بە زمان داوەو ئەو بیردۆزە ڕەتدەکەنەوە کە زمان بە داردەستێکی گفتوگۆکردن دادەنێتو هیچی دی. لەم ڕووەوە زمان دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، واتە جگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی دیکە لەسەر ئەم ئەستێرەیە نەیتوانیوە سیستەمێکی دەنگیو هێمای نووسینی وەك زمان پەیدابکات. زمان ناوەندێکە ڕاستەقینەی بوونی تێدا کەشف دەبێتو کەشفکردنی ڕاستەقینەش لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی تاکەکان لەناو کۆمەڵدا. بوونی نامۆو نارەسەن ناتوانێت ئەو ڕۆڵە بە زمان ببینێتو ئەو بابەتانەی باسیشیان لێوەدەکات سواونو نوێکاریو واتای تازە لەگەڵ خۆیاندا نیشان نادەن.

پێشتر باسمانکرد، تاکی نارەسەن بڕستو توانای داهێنانی لێ زەوت کراوە. ئەم بارودۆخەی بوونی کارتێکردنێکی نێگەتیڤی بۆسەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانو بیرکردنەوەی هەیە. مرۆڤی ڕەسەنو خۆناسیش خاوەنی بیرکردنەوەی خۆیەتیو هەر ووشەیەك لە زمانەکەیدا سەنگینەو جێگای تایبەتیو واتای تایبەتی خۆی دەدا بەدەستەوە. زمان بەبێ ئەم ڕۆڵو کارتێکردنە وەك داردەستێکی لێدێتو لە جەوهەری کەمدەبێتەوە. لەلای مرۆڤی ڕەسەن و خۆناس زمانی شیعر فۆرمێکی هەرە بەرزو هەرە پیرۆزی هەیە بگرە زمانی شیعر و فەلسەفە هاوتان، چونکە هەریەك لەو دوو عەودالی دۆزینەوەی ڕاستەقینەی "بوون"ـن.

ئەو هۆكارانەی كە سارتەریان وەك هایدیگەر لە ئەدەبەوە نزیككردۆتەوە ئەوەندە ئاشكرا نینو ڕوون نەكراونەتەوە. ئەوانەی دەربارەی سارتەریان نووسیوە هەوڵیانداوە بگەڕێنەوە بۆ ساڵانی ژیانی منداڵی سارتەرو باسی ئەوە دەكەن چۆن لە تەمەنێكی زۆر كەمەوە خولیای خوێندنەوەو نووسینی هەبووە، كەچی هێندە لەو لایەنە وورد نابنەوە كە سارتەر چۆن لە ئەدەب تێدەگات. لە پەرتووكی ( The Imagination ساڵی ١٩٣٦)دا لەڕوانگەی ڕێچكەی فینۆمینۆلۆجییەوە دەخوازێت لە ناوەڕۆكو مانای ئەندێشە (Imagination) بگاتو پەیوەندی نێوان ئەمجۆرە بیركردنەوەیەو بابەتەكانی دیاریبكات. بە دیدی سارتەر، ئەندێشە جۆرێكە لە بیركردنەوەو فۆرمێكی ئاگامەندییە. ئاگامەندیش بەبێ بابەتێك نابێتو نیە، لەبەر ئەمەشە كە ئەندێشە بابەتی خۆی هەیەو هەرگیز بەبێ بابەت نیەو ڕوونادات.

لە ساڵی ١٩٤٠دا سارەتەر پەرتووكێكی دیكەی لەسەر ئەندێشە بەناونیشانی *The Psychology of Imagination* بڵاوكردۆتەوە. لەم پەرتووكەدا ڕۆڵی ئەندێشەی ڕوون كردۆتەوە، ئێمەیش بۆ گرنگی ڕۆڵی ئەدەب لە ژیانی مرۆڤدا ئاماژەی پێدەكەین. ئەو دوو پەرتووكەی سارەتەر پەیوەندییەكی پتەویان پێكەوە هەیەو تەواوكەری یەكترین. ئەوەی جێی سەرنجە لە پەرتووكی دووەمدا، سارتەر بەئاشكرا جیاوازییەكانی نێوان بابەتەكانی ئەندێشەو بابەتی جۆرەكانی دیكەی بیركردنەوە دیاریدەكاتو جیاوازیەكانیش لە سێ خاڵدا كۆ دەكاتەوە:

**یەکەم:** بابەتەکانی ئەندێشە لەناو واقعدا نین‌و لە جیهانی ناوەوەی بیرکردنەوەدان. بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین: بابەتی ئەندێشە شتێکە کە نیەو ئەندێشەش ئاگابوونەوەیە لەو بوونە. کە مرۆڤێکی برسی بە ئەندێشە دەگاتە خوانێکی پڕ بابەتی بیرکردنەوەکەی "خۆراك" شتێکە لە جیهانی دەرەوەی ئەندێشەیدا لەوکاتەدا لەوێدا نیە.

**دووەم:** بابەتی فۆرمەکانی دیکەی ئاگامەندی وەك "هەستکردن" چۆن خۆیان دەردەخەن هەر ئاوهاش هەستکردن وەریاندەگرێت، لەبەرئەمەشە خۆدەرخستنی بابەتەکە جۆری بیرکردنەوەکە ناچار دەکات. بابەتەکانی ئەندێشە بە ویستی خۆی‌و سەربەستانە پەیدایاندەکات‌و گۆڕانکارییان تێدا بەرپادەکات. ئەم تواناو بڕستەی ئەندێشە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگەو بۆ نووسەرو هونەرمەندیش سەرچاوەی داهێنانە. نووسەرو هونەرمەند داهێنەرن‌و بابەتی بیرکردنەوەی "ئەندێشە"یان لەواقعدا نیە. ئەگەر نووسەرێك هێندە ڕیالیست بێت‌و وێنەیەکی کتومتی واقعمان بۆ بخاتە ڕوو ئەوا بەرهەمەکەی لە داهێنانەوە دوورەو کۆپیەکی ڕاستەوخۆی واقعە. داهێنان پەیداکردنی بوونە لەناوجەرگی نەبوونەوەو دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەیە کە هێشتا کەس پەی پێ نەبردوون‌و نەدۆزراونەتەوە.

**سێیەم:** بابەتی ئەندێشە هەمیشە لەناو ئەندێشەدا دەژی‌و هەرگیز لێی جیانابێتەوە. ئەم خاڵەش لە فەلسەفەی دیالێکتیکی هێگڵدا کێشەیەکی گرنگە. ئاوڕدانەوەمان لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا

ئەوەمان بۆ دەردەخات کە "کانت" لە فەلسەفە ئایدیالیستیەکەیدا گەیشتە ئەو سەرئەنجامە کە بیرکردنەوەو بابەتی بیرکردنەوە لەبەرئەوەی لێکپچڕاون ئاگامەندی ناتوانێت زانینی تەواوی لەبارەی بابەتەکەوە هەبێت، بۆیە "ڕاستەقینە دوورەکانیش" هەمیشە بەشاراوەیی و نادیار دەمێننەوەو هەرگیز نەزانراون.

ڕۆمانسییەکان بە ڕابەرایەتی شوپنهاوەر (١٧٨٨-١٨٦٠) لەگەڵ سەرئەنجامی بۆچوونەکانی کانت ناکۆکن و بەنیازی هەڵبەستنی پردێك لەنێوان ئاگامەندی و بابەتی دەرەوەی ئاگامەندی بنەڕەتی "بوون"یان گەڕاندەوە بۆ ویست (ئیرادە) و جیهانی دەرەوەی ئاگامەندی کە ڕاستەقینەیەکی مەتریالە، کرد بە پاشکۆو فۆرمێکی دەرەکی ویستو لە ویستان دانەبڕاند. چەمکی ویست کە ڕاستەقینەیەکی میتافیزیکییە لەلای شۆپنهاوەر، وەك "ویست"ی فەلسەفە نهێڵستییەکەی نێتشە نیە، چونکە ویست لەلای شۆپنهاوەر ئیرادەی "تاکەکەس"ـەکان نیەو هێزێکی هەمەکی و دەسەڵاتێکی گەردوونیە کە هەموو لایەکی بوونی داگیرکردووەو ویستی مرۆڤیش شێوازێکە لەم ئیرادە جیهانیە.

شۆپنهاوەر لەو باوەڕەدایە کە خەسڵەتی هەمەکی ویست ڕێگەمان نادات. بەتەواوی بیناسین. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم ڕاستەقینەیە دوورگەیەکی نادیارو شاراوەیە چونکە لەکاتێکدا مرۆڤ ویستی خۆی دەناسێت، شێوازێکی ویستە هەمەکیەکەشی ناسیوە. تەنانەت هەموو بابەتەکانی دەوروبەریشمان هەر بەشێکن لەئەوو فۆرمی ئەون.[1]

(1) Hamlyn D. W. *Schopenhaure*, London: Routledge and Kegan Paul, 1980. p.6.

فیختە (Fichte) (١٧٦٢-١٨١٤) کە زانایەکی دیکەی ئەڵمانیەو یەکێکە لە فەیلەسوفە ڕۆمنتیەکان، ڕاستەقینە بنەڕەتیەکەی ناوناوە "خۆ" (**ego**). فیختەش وەك شۆپنهاوەر، ماتەر بە شێوازێکی دەرەکیو وابەستەی "خۆ" دادەنێت کە بەبێ "خۆ" ناتوانێت هەبێت. بەگوێرەی ئەم توێژینەوەیە، ئاگامەندیو بابەتی دەرەوەی ئاگامەندی دوو ڕووی دراوێکنو هەرگیز لێکدی دانابڕێنو جیانابنەوە. هێگڵیش لەژێر کاریگەری فیختەو شیللێنگ (١٧٧٥-١٨٥٤) دا ئاگامەندی بە ڕاستەقینەیەکی بنەڕەتی داناوەو فۆرمی ماتەری جیهانیش دەکات بە شێوازی دەرەکی ئەو ڕاستەقینەیە.[١] فردریك هاینرخ یاکوبی (١٧٣٤-١٨١٩) لە بۆچوونێکی سۆفیگەرانەوە هەوڵیداوە چارەسەری کێشەکە بکاتو وەك شلایە ماخەر (١٧٦٨-١٨٣٤) ئاگامەندیو بابەتی دەرەکی بە پردی "شعور" و هەستکردنەوە (Feeling) پێکەوە بەستووە.[٢]

بەدیدی شیللەر (١٨٤٦-١٩٣٧) یش ئاگامەندیو بابەتەکەی لە ئەزموونی هونەریو ئەدەبیدا یەکدەگرن. هونەرمەندو ئەدیب ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتی ئەزموونەکەیانەوە هەیەو بەتەواوەتیش دەیناسن. بیروڕای شیللەر هیچی لەبیروڕای کانت کە لەپەرتووکی Critique of judgment خستوویەتە ڕوو

(١) بڕوانە: محەمەد کەمال "دیالیکتیکی زاتو بابەت"، *گۆڤاری مامۆستای کورد*. ژمارە٧، بەهاری ١٩٨٩، لاپەڕە ٢٣.

(٢) "شعور" لێرەدا وەك واژەی "ئاگامەندی" بەکارهێنراوەو لەبری واژەی (Feeling) بەکارم هێناوە. دەشێت واژەی "هەستکردن" باشتربێت، بەلام هەستکردن واتای (Sensation) دەگرێتەوە کە لە مەبەستەکەی "یاکۆبی"یەوە دوورە.

کەمترنیە. شیللەر لەژێر کارتێکردنی تیۆری هونەری کانتەوە گەیشتۆتە ئەم سەرئەنجامە. تاڕادەیەکی زۆریش، بۆچوونەکانی سارتەر لەو دوو پەرتووکەیدا لەمەڕ ئەندێشە بە بابەتەکەیەوە لە کانتەوە نزیکە.[1]

ئەندێشەو فەنتازیا خەسڵەتی دیالێکتیکییان هەیە. کاتێك مرۆڤ پەنادەباتە بەر ئەندێشە ڕەفزی واقعێك دەکات کە لەگەڵ ویستیدا ناگونجێتو بەرهەڵستی دەکات. ئەندێشە کە هێزێکی نێگەتیڤی واقعە نەویستەکەیە، واقعێکی فەنتازی ویستراو دەخولقێنێت تاکو حەزو ئارەزووە خەفەکراوەکان خۆیانی تێدادەربېڕن. ڕۆمان تەنها کلاّفەیەك ڕوداوی ڕاستەقینەی تاکەکان نیە بەڵکو ئاوێنەیەکی دەروونی حەزو ویستی نووسەریشە کە لە دنیای ئەندێشەدا خولقاون. بەکورتی ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆکردن لەتەك دەوڵەمەندیو سەربەستی ئەندێشە بوونەتە هاندەر بۆ پێشکەوتنی ئەدەبو هونەر. هەر ئەم هۆکارانەشە کاریان کردۆتە سەر بیرکردنەوەی پۆزەتیڤی بوونخوازەکان لە ئاست هونەرو ئەدەبدا. بابزانین لەم توێژینەوەیە سارتەر چۆن سوودی لە ئەدەب وەرگرتووەو بۆ بیروڕا فەلسەفیەکانی تەرخانکردووە؟ سەرنجێك لە بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم زانایە هەر لە کورتە چیرۆکەکانیەوە بۆ شانۆگەریو ڕۆمانەکانی ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەدەب لای سارتەر ئامرازی دەربڕینو تۆمارکردنی کێشە فەلسەفیەکان بووە. ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییەی

---

(١) محەمەد کەمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نێوان ئەدەبو سارتەر ئاماژە بەگشت بەرهەمەکانی ناکەینو تەنها چەند نمونەیەك بۆ لێکۆڵینەوەکەمان گوڵبژێر دەکەین.

یەکەم بەرهەمی ئەدەبی سارتەر ڕۆمانی *Nausea* بوو لە ساڵی ١٩٣٨ دا بڵاویکردۆتەوە. ناوی ڕۆمانەکە بەکوردی واتای ڕشانەوە (ڤێزکردنەوە یان دڵتێکچوون) دەبەخشێت.[1] ئەم ڕۆمانە شاکارێکی فەلسەفیانەو زەخیرەیەکی کێشە گرنگەکانی فەلسەفەی بوونخوازیەو لە زاری پاڵەوانەکەیەوە "ئەنتۆنی ڕۆکەنتان"ـەوە دەدرێن بە گوێی خوێنەردا. مۆنۆلۆگو هەڵچوونو داچوونێکی ویژدانیو گەڕانە بەدوای واتای ژیانو ڕاکردنە لە بێهوودەیو بێزاری.

ئەنتۆنی ڕۆکەنتان لە ئەزموونی ڕۆژانەیدا وەك مرۆڤێکی بێزارو تەنهاو بێ پڕۆژە ڤێز لە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی دەکاتەوەو بەدوای مانای "بوون"دا وێڵە. لەناو مۆنۆلۆگی ناوەوەی خۆیدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەست بە بێهودەیو وەستانی ژیان دەکاتو ڕووداوەکان لەچاویدا دووبارەو هەزاربارە دەبنەوەو لەناو بازنەیەکی چەق بەستوودا دەسووڕێنەوە. ئەزموونە ڤێزاویەکان لەهەمان کاتدا بۆ ڕۆکەنتان دەبن بە پاڵپێوەنەرو هاندەر (motive) بۆ عەوداڵ بوون بە شوێن مانای بوونو بەزاندنی بێهودەیی. ڕۆکەنتان بێهودەیو ناماقوڵیەتی بوونو بێزاریەکەی خۆی بەمشێوەیە دەردەبڕێت:

گۆڕانکاری لە ژیاندا ڕوونادات، خەڵکی دێنو دەچن، جل دەگۆڕنو... لەوە زیاتر نیە. هەموو ڕۆژەکانی هەفتە وەك یەکن. تۆ

---

(١) ژان پۆل سارتەر لە ساڵی ١٩٦٤دا خەڵاتی نۆبلی لە ئەدەبدا پێبەخشرا، بەڵام خەڵاتەکەی وەرنەگرت چونکە بە سیمبۆلێکی ڕژێمی بۆرژوازی دادەنا.

دەڵێیت سێ ڕۆژ سەفەرم کردو سێ ساڵ لە "بۆڤێل" ژیام. ئەمانە لەپڕدا تەواوبوون، بەڵام ناتوانیت واز لە هاوڕێکەت، یان ئافرەتێك، یان شارەکەت بهێنیت. دوای دوو هەفتە، جیاوازیەکان لەنێوان "شەنگهای"و "مۆسکۆ"و "جەزائر"دا ووندەبن. هەموو شتێك وەك یەکە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، دووبارە دەبنەوە. دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە،... .نیسان، مایس، حوزەیران،... ١٩٢٤، ١٩٢٥، ١٩٢٦،.... ئەمە ژیانە.[1]

ڕۆکەنتان لەئاکامی زۆرانبازی دەروونیو بیرکردنەوەوە دەگاتە باوەڕێك کە مرۆڤ هەرچەندە بێزاربێتو بێهودەیی ژیان بوونی داگیرکردبێت لە ڕێگای پرۆژە دانانەوە بەتایبەتی پرۆژەیەك کە نەمربێتو سنووری کاتو شوێن ببڕێتو مانای ژیان پەیدابکات بەسەر بێهودەییدا زاڵ دەبێت. ڕۆکانتان ڕۆژێك لە چایخانەیەکدا گوێی لە گۆرانیەك دەبێت کە هۆنراوەکەی شاعیرێکی جوولەکە نووسیویەتیو گۆرانیبێژەکەش مرۆڤێکی ڕەش پێستە. لەوکاتەدا ئەو بیرەی لەلا پەیدادەبێت کە ئەو دوو مرۆڤە (شاعیرو گۆرانیبێژەکە) توانیویانە لە ڕێگای ئەدەبو هونەرەوە مانا بدەن بە ژیانو خۆشیان نەمربن. ئەی ئەمیش بۆچی وەك ئەوان مانا بە ژیان نەبەخشێتو نەمریش بۆخۆی هەڵنەبژێرێت؟ [2]

---

(1) Sartre, Jean-Paul. *Nausea*, p.61.

(2) ibid., p.252.

ئەم پرسیارو بانگەوازە ویژدانیە لەناخی ڕۆکەنتان دا سەرهەڵدەداتو دەبێتە مایەی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە بوونیدا. لەو ڕۆژەوە بڕیاردەدات وەك بوونخوازێك لە بێهودەیی یاخی بێتو مانا بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوەو واز لە ڕابردوو بهێنێتو ڕوو بکاتە داهاتوو.

بۆ هەڵسووڕاندنی ئەو کارەش پەنا دەباتە بەر نووسینو بڕیار لەسەر پڕۆژەی نووسین دەداتو لەڕێگەی ئەو پڕۆژەیەوە گۆڕانکاریەکانی ناو ناوەڕۆکی خۆی دێنێتە وجودەوە. ئەو بانگەوازە ویژدانیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد هایدیگەر ناوی دەنێت (Resolute)و لەلای سارتەر پەیامێکی فەلسەفەی گرنگەو لەزۆربەی بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێت.[1] لەم خاڵەدا جیاوازی نێوان بێهودەیی بوونخوازانەو بێهودەیی لە فەلسەفەی شۆپنهاوەردا دەردەکەوێت. بوونخواز هەر ئەوەندە ڕەشبینەو ژیان بە بێهودە دەزانێت تا دەستی بە "چرایەك" ڕادەگا بۆ ڕووناك کردنەوەی تۆنێلی ژیانی.

سارتەر لە شانۆگەری The Files دا ئاماژەی بۆ دوو کێشەی فەلسەفی کردووە. کێشەی یەکەم "سەربەستی مرۆڤـ"و کێشەی دووەم "گرێدانی یاخبیوونی مێژوویی بە یاخیبوونی میتافیزیکیەوە" ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە پاڵەوانەکانی لە ئەدەبی کلاسیکی یونانیەوە وەرگیراونو بەرگێکی بوونخوازانەیان کراوە بەبەردا. پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەریەکە "ئۆرستوس" دوای چەند ساڵێك لە هەندەرانەوە بەدڵێکی پڕ لە ڤینو تۆڵەوە بۆ شارەکەی خۆی

---

(1) Heidegger, Martin. *Being and Time*, p.269.

دەگەڕێتەوە. وەك مرۆڤێكی بەرپرس لەهەمبەر بارودۆخی ڕامیاریو كۆمەڵایەتیدا، نەخشەی كۆدیتایەك دەكێشێت. ئەم شانۆگەریە لەسەردەمی داگیركردنی پاریس لەلایەن نازیەكانەوە پێشاندرا. گەلێك لە ڕۆشنبیرانو تەنانەت سارتەر خۆیشی لەوباوەڕەدانەبوون كە دەستەڵاتدارە نازیەكان ڕێگابدەن ئەو شانۆگەریە پێشانبدرێت، كەچی بەپێچەوانەوە، ئەوان ڕێگایان لێنەگرت، دیرو كەشیشەكان ڕەخنەیەكی زۆریان لە شانۆگەریەكە گرتو هێرشێكی خەستیشیان كردە سەر نووسەرەكەی، هۆی ئەو هێرشو ڕەخنانە (وەك لە كێشەی دووەمدا ئاماژەمان بۆ كرد) گرێدانی یاخیبوونی مێژوویی بە یاخیبوونی میتافیزیكیەوە بوو. بەدیدی سارتەر یاخیبوونی مێژوویی بۆ گۆڕانكاریە ڕامیاریو ئابووریو كۆمەڵایەتیەكان لەناو كۆمەڵگادا بەبێ یاخیبوونی میتافیزیكیانە كەموكورتو ناتەواوە. بڕواكردن بە سەربەستی ڕەتدانەوەو ڕامالینی گشت ئەو هێزو دەستەڵاتە دەرەكیانەیە (چ دەوڵەتێكی فاشیست یان بنوسێكی دەرەكی بن) كە هەڕەشە لە دەسەڵاتو برستی مرۆڤ دەكەن. مرۆڤێك كە باوەڕی بە سەربەستی هەبێت جەنگاوەرێكی هەمیشەییەو وەك سوپەرمانەكەی نیتشە سەر بۆ هێزو دەستەڵاتەكانی دەرەوەی خۆی شۆڕناكاتو ئاڵای سپی تەسلیم بوونو دۆڕاندن بەرزناكاتەوە. لەم دیدەوە ئۆرستۆس لەهێزو دەستەڵاتە داگیركەرەكان یاخی دەبێت، ئیدی گرنگ نیە ئەو هێزو دەستەڵاتە چ سەرچاوەو خەسڵەتێكی هەبێت، هێزو دەستەڵاتی "خودا" یان پادشایەك یان فەرمانبەرێك بێت.

ڕەنگە لەلای زۆر کەس پێکەوە گرێدانی شۆڕشی مێژوویی‌و شۆڕشی میتافیزیکی کارێکی نەشیاوو نادروست بێت. دەشێت زۆر کەس لەو باوەڕەدابن کە شۆڕشی مێژوویی ئەو پەیوەندیە جەوهەرییەی بە شۆڕشی میتافیزیکیەوە نەبێت. دەکرێت شۆڕشگێڕی مێژوویی بڕوای بەخودا هەبێت یان سەر بە یەکێك لە ئاینەکان بێت. بوونخوازەکان لارییان لەم مەسەلە نیە بەڵام ئەگەر مرۆڤ بڕوای "تەواوی" بەسەربەستی هەبێت، ئەوا پێویستە ڕادیکاڵانە ڕەتی هەموو هێزێکی دەرەکی بداتەوە کە لەبەردەم سەربەستیەکەیدا دەبن بە کۆسپ.

دەشێت مرۆڤێك دژی ڕژێمێکی سیاسی یاخی بێت‌و هاوکاتیش بڕوای بە خودا هەبێت، ئەمە مافی خۆیەتی، بەڵام دەبێت ئەو کەسە بزانێت کە پرۆژەی یاخیبوونەکەی نیوەچڵەو هێشتا سەربەستی تەواوی بۆخۆی مسۆگەر نەکردووە. سارتەر ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە چینی چەوسێنەرو داگیرکەر ئاینەکان بۆ ویست‌و پایەداربوونی دەستەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن‌و بیرکردنەوەی خەڵکی پێ ئیفلیج دەکەن. لەهەمان شانۆگەریدا "ئیگوستوس" کە پادشای شاری "ئارگۆس" ـە بۆخۆی باش دەزانێت ئەو ئاینەی دەوڵەت بەسەر خەڵکیدا سەپاندویەتی فابریك‌و دەستکردی خۆیەتی، کەچی خۆیشی وەك خەڵکەکە بڕوای پێهێناوەو درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات. ئەم شانۆگەرییە بەرهەمێکی نایابی سارتەرەو فەلسەفەی بوونخوازیشی لە

ڕامیاریو ئایدیای شۆڕشەوە نزیك کردۆتەوەو مۆدێلێکی ڕامیاری ئەم فەلسەفەیەیە.

شانۆگەری No Exit (١٩٤٦)، خەسڵەتەکانی شانۆگەری پێشووی تێدا وونەو نامۆیی لە فۆرمێکی کۆمەڵایەتیدا (نەك ڕامیاری) خستۆتە بەرچاومان. مەبەستیش ئەوەیە کە شێوازێکی نامۆیی زەقو دیار لەناو کۆمەڵدا هەیەو دەبێت بەسەریدا زاڵبین. من ئەم شێوازەی نامۆیی لە شێوازەکانی دیکەی نامۆیی جیا دەکەمەوەو ناوی دەنێم "نامۆیی بوونخوازی" چونکە یەکێکە لە سەرباسەکەی فەلسەفەی بوونخوازی. نامۆیی بوونخوازی کە نامۆیی تاکەکەسەکانە لە کۆمەڵدا لەم شانۆگەریەدا هێمایەکی تایبەتی بۆ دانراوەو وەك "ژیانی ناو دۆزەخ" باسکراوە.

کورتەیەکی شانۆگەریەکە، شوێن میوانخانەیەکە، خەڵکی دوای مردنیان بۆ سزادان، ڕەوانەی ئەوێ دەکرێن. هەر سێ پاڵەوانەکانی ئەم شانۆگەریە لە ژوورێکی داخراودا دانراونو پەیوەندیان لەگەڵ دەرەوەدا نیە. ژیانی ئەو سێ پاڵەوانە "لەناو دۆزەخ دا" ناگۆڕێتو وەك خۆی دەمێنێتەوە جا گرنگ نیە چەند ڕۆژ، چەند ساڵ تێپەڕ بێت، ئەمانە هەر لەجێی خۆیانو داهاتوویان نیە. مرۆڤێکیش داهاتووی نەبێت سەربەست نیەو ژیانی دۆزەخە، چونکە سەربەستی مانا بە ژیان دەبەخشێتو ڕەنگاو ڕەنگی دەکات. سوڕانەوە لە بازنەیەکی تەسكو داخراودا وا لە "گارسن"، یەکێك لە پاڵەوانەکان، دەکات بگاتە ئەو باوەڕەی کە کەسانی دیکە (واتە ئەو دوو کەسەی

دیکە لەو ژوورە داخراوەدا لەگەڵیدان، لەو بارودۆخە نالەبارەدا) بۆ ئەو ببن بە دۆزەخ، "کەسانی دیکە دۆزەخن" مەبەستی گارسن ئەوەیە کە بوونی داگیرکراوو ژیانی کۆیلایەتیو دیلی وەك دۆزەخ وایە، چونکە ژیان بەوجۆرە پڕە لە ئازارو ئەشکەنجەو چەوساندنەوەو زەوتکردنی سەربەستی لەلایەن کەسانی دیکەوە. پێشتر، لەبەشی "منو کەسانی دیکە"دا باسی واتای دۆزەخی سارتەرمان کردو پێویست ناکات لەم بەشەدا زیاتری لەسەر بدوێین.

لەڕۆمانی The Age of Reason دا کە لە سێ بەرگدا بلاوکراوەتەوە سارتەر سێ پاڵەوانو سێ شێوازی کەسایەتی جیاوازمان لەناو کۆمەڵدا نیشاندەدات کە هەریەکەیان بەجۆرێك لەمانای ژیان دەگەنو پرۆژەی تایبەتی خۆیان هەیەو لە ڕێگای ئەو پرۆژانەوە بوونی خۆیانو سەربەستیەکەیان دەسەلمێنن. پاڵەوانەکان "دانیاڵ"، "ماتیۆ"و "برۆنیت"ـن. دانیاڵ لەچاوی کۆمەڵدا لادەرو بێڕەوشتو نێربازە (homosexual). ماتیۆ لەگەڵ بێهودەیو بێمانایی ڕووداوەکانی دەوروبەریدا لە زۆرانبازیدا دەژی. برۆنیت چەپڕەوو ئەندامی پارتی کۆمۆنیستە. دانیاڵ لەسەرەتاوە دەیەوێت وەك نێرباز خۆی بە کۆمەڵ بناسێنێت، بەلام ناتوانێت، لەئاکامی نەهاتنەدیو سەرنەکەوتنی پرۆژەکەی بڕیاردەدات سزای خۆی بداتو بەپێچەوانەی حەزو ویستەکانیەوە بژی. بەڕای دانیاڵ ئەو هەڵوێستە شێوازێکی سەربەستیە، چونکە تا مرۆڤ سەربەست نەبێت توانای زاڵبوونی بەسەر حەزو ویستەکانیدا نیەو دەبێت بەکۆیلەیان. بۆیە دانیاڵ

زەماوەند لەگەڵ "مارسیلە"دا دەکات، ئەو ئافرەتەی کە خۆیشی نایەوێتو زۆریش ڕقی لێیەتی. لەپاشاندا بۆئەوەی بەڵگەیەك بۆ کارە خراپ و هەڵوێستە دژبەیەکەکانی بدۆزێتەوە، ڕوودەکاتەوە ئاین و خوداناسی بەو بڕوایە کە خودا بەڵگەیەکی هەمیشەییەو ئاگای لە گشت هەڵسوکەوتێکی مرۆڤیشە.

لەبەرگی سێهەمی ڕۆمانەکەدا دانیاڵ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا کە ناوی "فلیپ"ـە دەبەستێت واز لە پڕۆژەی خوداناسی دەهێنێتو ویستو حەزی هەرە گەورەی کە نێربازییە دێتە بەر ڕۆشنایی واقعەوە.

برۆنیت وەك دانیاڵ لەئازاری ویژدانیو خۆسزادانو هەڵچوونو داچوونی دەرونیدا ناژیو هەڵوێستی خۆی دیاریکردووە. ئەندامی پارتی کۆمۆنیستەو ژیانی خۆی ناوەتە پێناو ئامانجەکانی پارتەکەیو هەر لەو ڕێگایەشەوە مانای بوونی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەم مرۆڤـە بێ پارتەکەی ناژیو هیچ پڕۆژەیەکی دیکەی لەژیاندا نیەو بۆتە داردەستو پارتەکەی بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی ژیانی دەدات. هەر شتێك یان کەسێك لەگەڵ هێڵی ڕامیاری پارتەکەیدا نەگونجێت، ئەوا ئەم نەفرەتی لێدەکاتو بەڕاستەقینەی نازانێتو تاوانباری دەکات.

ماتیۆ پاڵەوانی سێیەم لەنێوان ئەم دوو شێوازە کەسایەتیە جیاوازانەدا دەژیو باوەڕی بە بوونی ڕاستەقینەی خۆی هەیە. دانیاڵ وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزی ماتیۆ پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە زەماوەند لەگەڵ مارسیلەدا بکا، برۆنیتیش هەوڵدەدات ماتیۆ بکات بە

کۆمۆنیستو ئەندامی پارتەکەی خۆی. ماتیۆ پێشنیاری کەسیان قبوڵ ناکات، ماناش نە لە ژنهێنانو نە لە ئەندامبوون لە پارتی کۆمۆنیستدا نادۆزێتەوە. گۆڕانکاریەکانی ژیانی بەپێی بڕوای خۆی دەبێت بنەڕەتیو ڕادیکاڵبن، بۆیە پێیوایە کە ئەو دوو پڕۆژە پێشنیار کراوە هێندە گۆڕانکاری لە ژیاندا ناخولقێنن.

لە بەرگی سێیەمی ڕۆمانەکەدا ماتیۆ پەیوەندی بە هێزی بەرگریەوە دەکاتو دەبێت بە پارتیزان (لەهێزی بەرگری فەرەنسادا). لە نەبەردێکدا سەرکردەکانی بەتالیۆنەکەی لەبەر لەشکری نازی هەڵدێن پارتیزانەکانیش تەنها ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان بکەن تا لەشکری نازی بەدیل بیانگرێت، ماتیۆ لەو ساتەوەختە سەختانەشدا بەساکاری ناڕوانێتە کێشەکەو بە مۆنالۆگ پرسیارە فەلسەفیەکان لەخۆی دەکاتو بەدوای مانای هەڵوێستەکەی ژیانیدا وێڵەو دەیەوێت لە چەمکی سەربەستی تێبگات.

ئەدەبی بوونخوازی بەگشتی دەنگدانەوەو بانگەوازێکی فەلسەفی بوونخوازانەیە لە شێوازێکی هونەریدا کە بەدوای بەهەشتی وونبووی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانی ناو کۆمەڵو "ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ" دا دەگەڕێت. مرۆڤی بێ ئاگا لە خەو ڕادەچڵەکێنێتو لە ئاستی سەربەستیو لێپرسینەوەدا ڕایدەگرێت ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەموو کەسێك تایبەتو جیاوازەو پێویستە باوەڕ بەو تایبەتمەندیەی بکرێتو بوونی داگیر نەکرێت.

# فەرهەنگۆك

# فەرهەنگۆك

**ئۆنتۆلۆجی:** واژەیەکی یۆنانیە لە "ئۆنتۆ" (onto) بوونو "لۆجی" زانست پێکهاتوە. بەشێکە لە فەلسەفەو لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە. لای هەندێك فەیلەسوف وەك ئەریستۆ ئۆنتۆلۆجیو میتافیزیك یەکجۆر زانستن چونکە بابەتی لێکۆڵینەوەی هەردووکیان یەکە.

**بانگەوازی ویژدانی:** واژەیەکە هایدیگەر بەکاریهێناوە. دەنگی ناوەوەی مرۆڤە کە بەرەو خۆناسین پەلی ڕادەکێشێت. بە دیدی هایدیگەر بانگەوازی ویژدانی نیشانەی بەئاگابوونەوەو هەستکردنە بە نامۆیی.

**بەڵگەنەویست:** ڕاستیەکە کە هێندە دیارو ئاشکرایە بەڵگەی بۆ سەلماندنو چەوسپاندنی پێویست نیە. بۆنمونە کۆجیتۆی دێکارت "من بیردەکەمەوە کەوا بوو من هەم" بەڵگە نەویستە چونکە بۆ دامەزراندنی بەڵگەش بۆ کۆجیتۆ دەبێت "من" هەبم تاکو بەڵگەکە پەیدابکەم.

**بزوێنەری یەکەم:** واژەیەکە ئەریستۆ لەتوێژینەوە میتافیزیکیەکەیدا بۆ بنوسی یەکەم دایناوە. بنوسی یەکەم بەدیدی ئەم فەیلەسوفە بزوێنەری یەکەم یا دوابزوێنەرە لە جیهانداو بۆ یەکەمجار ئەو هەموو شتەکانی هێناوەتە جولانو خۆیشی ناجولێتو گۆڕانی بەسەردا نایەت.

**بێ بڕوا:** ڕەتدانەوەی "بڕوا"یە بە بوونی بنوسی هۆشەکی.

**بێهودە:** لە فەلسەفەی بوونخوازیدا ئەم واژەیە وابەستە بەو بۆچوونە ئۆنتۆلۆجیەوە کە ڕەتی بنوسی هۆشەکی بۆ بوون دەداتەوە. ئەگەر بوون نەڕسکێندرا بێت ئەوا بێ غایەو بێ ماناو بێهودەیە.

**بنەڕەت:** بناغە، بنچینە.

**بنەڕەتی لەبنەڕەت بەدەرە:** بناغەی بێ بناغە کە لەسەر خۆی وەستابێت. بوونێك کە پێویستی بە هۆکار یا بنوسێکی دەرەکی نەبێت. بۆ هایدیگەر "بوون" بنەڕەتی لە بنەڕەت بەدەرە چونکە بنەڕەتی هەموو بوونەوەرێکەو خۆیشی بنەڕەتی نیەو هۆکارێك نەیڕسکاندوە.

**بنوس:** هۆکار.

**بنوسی هۆشەکی:** هۆکاری هۆشەکی یان ئاگامەندی کە بوونی ڕسکاندبێت.

**بنوسی یەکەم:** واژەیەکە ئەریستۆ بۆ هۆکاری یەکەم (خودا) لە میتافیزیکەکەیدا بەکاریهێناوە. بنوسێکە کە لەپێش ئەمدا بنوسێکی دیکە نیە یان دوا بنوسە.

**بوون:** هەبوو، وجود یان بوونی هەمەکیو گشتپڕ کە بوونی هەموو شتێکی لەسەر وەستاوەو خۆشی هیچ "شتێك" نیە.

**بوون - بۆ - خۆ:** واژەیەکی سارتەرە لە هێگڵەوە وەریگرتووەو بۆ بوونی مرۆڤ بەکاریهێناوە. ئەو واتایە دەبەخشێت کە مرۆڤ بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی دیکەوە بوونە بۆ خۆی یا خود-ئاگایە.

**بوونی نارەسەن:** بوونێکی خۆنەناسو نامۆ.

**بوونی هەمەکی:** بوونی گشتپڕ کە نە ئەم نە ئەو شتەیە بەڵکو بوونە بە گشتی.

**بوونی رەسەن:** بوونێکی خۆناس، خودئاگاو داگیرنەکراو.

**بوونی رەها:** بوونێکی پڕو پێزو تەواوکۆ کە پێویستی بەچیدیکە نەبێتو خودهۆکار بێت.

**جیهانی دەرەکی:** جیهانی دەرەوەی بیرکردنەوە.

**جیهانی ناوەوە:** مەبەست لە بیرکردنەوەو ئەندێشەو خەونی مرۆڤـە، نەك بوونێکی گیانەکیو سەربەخۆو جودا.

**درۆ لەگەڵ خۆ کردن:** جۆرێکە لە درۆ کە تیایدا درۆکەرو درۆلێکراو
یەك کەسن.

**دووەلیزم:** ڕاڕەوێکی میتافیزیکییە باوەڕی بە دووجۆر ڕاستەقینە "هۆش"و "ماتەر" هەیە.

**دوودڵی:** حاڵەتێکی ئاگامەندییە مرۆڤ پێش هەڵبژاردن‌و بڕیاردان لە ئاستی هەڵوێستێکدا تووشی دەبێت.

**سەمسارا:** بیروباوەڕی هیندییەکان‌و چەند تاقمێکی شیعەی موسڵمان‌و سۆفییە کە گوایە مرۆڤ بەناو
خولی لەشگۆڕیندا دەڕوات‌و چەندەهاجار لە دایکدەبێت و دەمرێت.

**پارادۆکس:** کێشەیەك کە ڕەتدانەوەی مەحاڵ بێت. بۆنمونە ئێمە ناتوانین بڵێین کە لاکێشە بازنەییە.

**پانتیزم:** (وحده الوجود) واژەیەکە مانای یەکبوونی دەبەخشێت. بۆ یەکەمجار ئەم واژەیە جۆن تۆلاند لەساڵی ١٧٠٥دا بەکاریهێناوە. پانتیزم جیاوازی لەنێوان خوداو جیهاندا دانانێت لەو باوەڕەدایە کە هەردووکیان یەك شێوە ڕاستەقینەن. لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا

سپینۆزاو لای موسڵمانەکانیش سوهرەوەردی (المقتول)و ئیبن عەرەبی پەیڕەوی پانتیزمیان کردووە.

**پێشتر:** لە میتافیزیکدا بنوسی یەکەم لە پێش هەموو بووەنەوەرەکانەوەیە (لەپێشترە). ئەگەر ئەو نەبێت جیهان نابێت. بەدیدی کانت کات و شوێن و کاتیگۆرییەکان بۆ پەیدابوونی زانین لەپێشترن. بۆ هایدیگەر پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجییەکان وەکو "بوون-لەناو-جیهان و بوون-لەگەڵ - کەسانی دی و...هتد" لە پێشترن کە بەبێ ئەمان مرۆڤ نابێت.

**پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی:** کۆمەڵێک پێشمەرجن (Existentials) بۆ بوونی مرۆڤ کە هایدیگەر لە توێژینەوە فینۆمینۆلۆجیەکەیدا دایناون. ئەم پێشمەرجانە وەکو "بوون-لەناو-جیهان و بوون-لەگەڵ-کەسانی دی و تێگەیشتن و نیگەرانی و... هتد" ئۆنتۆلۆجین و وەکو کاتیگۆرییەکانی فەلسەفەی کانت لەناو بیرکردنەوەی مرۆڤدا پەیدانەبوون.

**فڕێدراو:** مەبەست لە فڕێدانی مرۆڤ بۆ ناو ژیان. ئەم واژەیە لەنەژادا ئایینیەو دەگەڕێتەوە

بۆ فرێدانی ئادەمو حەوا بۆ سەر زەوی. بوونخوازەکان ئەم واژەیە لە ڕوانگەیەکی ئایینیەوە ڕاڤە ناکەن. لەدایکبوونی مرۆڤ وەکو فرێدان وایە چونکە بۆ لەدایکبوونی پرسی پێناکرێتو لە ئاکامی خواستو هەڵبژاردنی خۆی نیە. کێشەی "مرۆڤ فرێدراوە". ئەو واتایە دەبەخشێت کە مرۆڤ ناچارکراوە بژی.

**فینۆمینە:** دیاردە، شتێك بکەوێتە بەر ڕۆشنایی زانین.

**کۆجیتۆ:** گوتە بەڵگە نەویستەکەی دێکارت "من بیردەکەمەوە کەوابوو من هەم". لەفەلسەفەی بوونخوازیدا ئەم کۆجیتۆیە ئاوەژوو کراوە بۆ "من هەم کەوابوو من بیردەکەمەوە" بوون پێش ناوەڕۆك خراوە.

**کەوتن:** (fall) واژەیەکە بوونخوازەکان بۆ کەوتنە ژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەو دۆڕانی سەربەستیو بوونی ڕەسەن بەکاریانهێناوە.

**مۆناد:** ناوەڕۆکی گیانەکی ئەتۆمی ناو فەلسەفەی لاینبیز.

**مۆنیزم:** یەکانەکی بوون، ڕاڕەوێکی میتافیزیکییە کە بوون بۆ یەك شێوە سەرچاوە "هۆش" یان "ماتەر" دەگەڕێنێتەوە. دووجۆر

مۆنیزم هەیە. مۆنیزمی گیانەکی کە سەرچاوەی بوون بەهۆش یان گیان دادەنێت. مۆنیزمی مارتەریالی کە بوون بە ماتەر دەداتە قەڵەم.

**موعتەزلە:** فێرگەیەکی ئیسلامی هۆشەکییە شاگردەکانی حەسەن بەسری (٦٤٢-٧٢٨) پاش جیابوونەوەیان لە مامۆستاکەیان لە بەسرە دایانمەزراندو لەدواییدا لە بەغداد لە سەردەمی خەلیفە مەئمون کە لەساڵی ٨١٣ وە تا ٨٣٣ فەرمانڕەوایی کرد، بیروباوەڕی موعتەزلە پەرەیسەندو ئەو مەلایانەی دژی موعتەزلە ڕاوەستان (وەك ئەحمەد ئیبن حەنبەل) خرانە زیندانەوە. پاش مردنی مەئمون موعتەزلەکان لە بەغداد دەرچوون. فێرگەی موعتەزلە بە هۆشەکی ناسراوەو شوێنکەوتووانی ئەم فێرگەیە هەوڵیاندا دۆگمای باوەڕ لەبەر ڕۆشنایی هۆشدا ڕوون بکەنەوە. موعتەزلەکان بە "اهل العدل والتوحید" ناسراون چونکە ئەمانە بۆ پاراستنی "وەحدانیەت" خەسڵەتەکانی خودایان ڕەتدایەوەو لەو باوەڕەشدا بوون کە

مادامەکی خودا سزای گوناهباران دەدات ئەوە پێویستە مرۆڤ سەربەست بێتو لە کردەوەکانی بەرپرسیار بێت.

**ناچارەیی:** ڕاڕەوێکی میتافیزیکیو ئایینیە ڕووداوەکانی ژیان بە حەزو ئارەزووی هێزێکی دەرەکی (وەکو خودا)وە دەبەستێتەوەو مرۆڤ ناچار دادەنێت.

**نامۆیی ئابووری:** نامۆیی چینی کرێکار لە بەرهەمەکەی لە سیستەمی سەرمایەداریدا. بەدیدی کارل مارکس دامەزراندنی سۆشیالیزم تەنها ڕێگەچارەیە بۆ ئەمجۆرە نامۆییە.

**نامۆیی:** واژەیەکە بوونخوازەکان بۆ بوونی نارەسەنی بەکاردەهێنن. نامۆیی ئەو مانایە دەبەخشێت کە مرۆڤ لە خودی خۆی بێگانەیەو ناوەڕۆکی خۆی وونکردووە.

**ناماقووڵ:** بێ بناغە، شتێك کە هۆش نایسەلمێنێت.

**ناوەڕۆك:** جەوهەر، بەدیدی فەیلەسوفە ئایدیالیستەکان کۆمەڵێك خەسڵەتی نەگۆڕە لە بوونی مرۆڤداو پێش بوونی دەکەوێت. بوونخوازەکان ناوەڕۆکی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ پرۆژە هەڵبژاردراوەکانی ژیانو بە دەستکردی مرۆڤی دادەنێنو دەیخەنە پاش

بوونەوە. مرۆڤ لەدایك دەبێت ئەوجا ناوەڕۆك بۆخۆی پەیدادەكات.

**ناوەڕۆكی گیانەكی:** ناوەڕۆكێك كە لە ماتەر بەدەرەو سەربەخۆیە.

**نەبوون:** هیچ، نێگەتیڤی بوونە.

**نەهێلیزم:** "هیچگەری"، واژەیەكی لاتینیە لە (Nihil) واتە "هیچ"ـەوە هاتووە ڕەتدانەوەی ڕاستەقینەی میتافیزیكییە وەكو بنەڕەتێك بۆ بوونو مانای ژیانو بەها ڕەوشتییەكان. بۆنمونە فەلسەفەی فریدریك نیتشە نەهێلێستییە چونكە ئەم فەیلەسوفە بڕوای بە"هیچ" نەبوو.

**نومینە:** شتێكی شاراوەو نادیار لەودیو دیاردەوە. بۆنمونە فۆرمە ئایدیاكانی جیهانی بەرزی ئەفلاتوون كە بە هەستكردن ناناسرێن بە نومینە دادەنرێن. هەروەها كانت لە ساڵی ١٧٧٠ ئەم واژەیەی بۆ ڕاستەقینەیەك (كە خۆی باوەڕی پێ هەبوو) بەكارهێناوە لە ڕێگای هۆشی ڕەوانەوە دەدۆزرێتەوە.

**یاخیبوونی مێژوویی:** یاخیبوون لە دەسەڵاتێكی ڕامیاری یان كۆمەڵایەتی.

**یاخیبوونی میتافیزیکی:** یاخیبوون له دەسەڵاتێکی میتافیزیکی که بوونی مرۆڤ مەحکوم دەکا.

**ڕەتدانەوە:** "نەفی" هێزی دیالیکتیكو گۆڕانکارییه دیالیکتیکییەکانه.

**ڕوولەدەر:** تیشکهاوێژ، دەرهاوێژ، ئەم واژەیه لەباتی (Intentionality) بەکارم هێناوه که خەسڵەتێکی گرنگی ئاگامەندییه.

# سەرچاوەکان


خدری سلێمانو خەلیلی جندی، *ئێزیدیاتی*، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

رابح یونس و نشید المولی، *بهغفج غیگا*، دار الکتب بهکگی فیدانت، ١٩٧٢.

ماموٚستای کورد، ژمارە ١٦، زستانی ١٩٩٢، سوێد.

ماموٚستای کورد، ژمارە ٢٤و٢٥، زستانو بەهاری ١٩٩٥، سوێد.

ماموٚستای کورد، ژمارە ٧، بەهاری ١٩٨٩، سوێد.

ڕەهەند، ژمارە ٥، ساڵی ١٩٩٨، دانمارك.

Aristotle. Metaphysics, Z Book VII. Chapter IV.10296. Ross, W. and Smith, J.A. (ed.) Oxford: Clarendon Press, 1908.

------------ Nichomachean Ethics, translated by Thomson, 1966.

Barnes, Hazel, E. Sartre, London: Quarter Book, 1974.

Blackburn, Simon. The Oxford Dictionary of Philosophy, Oxford University Press, 1996.

Descartes, Rene. The Philosophical Works, Vol.1. Elizabeth S. Haldane & G.R.T. Ross. London: Dover Publications, 1970.

Dreyfus, Hubert. Being-in-the-World, Massachusetts: The MIT Press, 1991.

Gadamer, Hans-George. Philosophical Hermeneutics, translated by David E. Linge. California: University of California Press, 1977.

Habermas, Jurgen. Theory and Practice, London, 1974.

Hamlyn, D.W. Schopenhaure, London: Routledge & Kegan Paul 1980.

Hegel, F. The Phenomenology of Mind, translated by William Wallace, New York: Harper Torchbook, 1967.

------------ Encyclopedia of Philosophical Sciences, Part one. London: Oxford University Press, 1985.

Heidegger, M. Being and Time, translated by John Macquarie & Robinson, London: Blackwell, 1992.

------------ “Letters on Humanism”. Basic Writings, (ed.) David Farrell Krell. London: Routledge & Kegan Paul, 1978.

------------ “The Question Concerning Technology”. Basic Writings, (ed.) David Farrell Krell. London: Routledge & Kegan Paul, 1978.

------------ “What is Metaphysics?” Existence and Being, Werner Brock. Regency Gateway, 1979.

------------ Discourse on Thinking, A translation of Gelassenheit, by John M. Anderson & E. Hans Freund. with an introduction by John M. Anderson. New York: Harper & Row, 1969.

------------ Poetry, Language, Thought, translated by Albert Hofstadter. New York: Harper & Row, 1971.

------------ The Basic Problems Phenomenology, translation, introduction & lexicon by Albert Hofstadter. Bloomington: Indiana University Press, 1982.

Held, David. Introduction to Critical Theory, Chicago: University of Chicago Press, 1984.

Kant, I. Critique of Pure Reason, translated by F. Max Muller. New York: The Anchor Books, 1960.

Kaufman, Walter. The Portable Nietzsche, New York: The Viking Press, 1968.

Kockelman, Joseph. Heidegger's Being and Time, London. 1989.

Kolakowiski, Leszek. Main Currents of Marxism, London: Oxford University Press, 1981.

Lea, Frank. The Tragic Philosopher, London: Methuen, 1957.

Lehrer, Keith (ed.). Freedom and Determinism, New York: Random House, 1966.

Leibinz. "Monadology". The Rationalists, translated by George Montgomery. New York: Anchor Book, 1974.

Locke, John, An Essay Concerning Human Understanding, Abridged, and edited by Pringde Pattison A.S. Oxford: Clarendon Press, 1950.

Lovitt, W. Modern Technology in the Heideggerian Prospective, The Edwin Mellen Press, 1995.

Macann, Christopher. Four Phenomenological Philosophers, London : Routledge, 1993.

Marcuse, Herbert. Negations, New York: Penguin Books, 1972.

Ott, Hugo. Martin Heidegger: A Political Life, New York: Basic Books, 1991.

Plato. The Republic, New York: The Viking Press, 1948.

Poggeler, Otto. Martin Heidegger's Path of Thinking, New York: Humanities Press, 1987.

Sartre, Jean-Paul. Being and Nothingness, translated by Hazel E. Barnes. New York: A Quokaka Book, 1966.

------------ The Flies, translated by Stuart Gilbert. London: Hamish Hamilton, 1978.

------------ The Victors, Lausanne, 1949

------------ Existentialism and Humanism. London: Methuen, 1966.

------------ Imagination: A Psychological Critique, 1962.

------------ Nausea, New York: New Directions Press, 1964.

------------ Philosophy Of Existentialism, Essays in Existentialism. Edited, with a foreword by Eric Sutton. London: H. Hamilton, 1974.

------------ The Age on Reason, translated by E. Sutton, New York: Penguin Books, 1947.

Slater, Phil. Origin and Significance of the Frankfurt School: A Marxist Perspective, London: Routledge & Kegan Paul, 1977.

Smith, Gregory Bruce. Nietzsche, Heidegger and the Transition to Postmodernity, Chicago: The University of Chicago Press, 1996.

Taminianx, Jacques. Heidegger and the Project of Fundamental Ontology, State University of New York Press, 1991.

Wachterhauser, Bruce. Hermeneutics and Modern Philosophy, State University of New York Press, 1986.

Welch, E. Parl. The Philosophy of Edmund Husserl: The Origin and Development of his Phenomenology, Colombia University Press, 1941.

# ئیندێکس


ئا
ئاگەمەندی
ئایدیالیست
ئەریستۆ
ئەفلاتوون
ئەندێشە
ئەلبێرت کامۆ
ئیبن تەیمیە
ئیبن عەرەبی
ئیمام غەزالی
ب
بازنەی هێرمینۆتیك
بڕوانامە
برگسۆن
بوون
بوونخوازی
بوون-بۆ-خۆ
بوونی گشتپڕ
بوون وەکو هێز
بوون-لەناو-جیهان
بوون-لەگەڵ
بنوسی هۆشەکی

بنوسی میتافیزیکی
بنەڕەتی بوون
بوونی هەمەکی
بێ بڕوا
بێهودەیی ئۆنتۆلۆجی

پ
پانیزم
پەیوەندی ئۆرگانیکی
پەیوەندی پراگماتیکی
پێناسکردن
پرۆتاگوراس
پێشبیر
پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی
پیتاگۆراس

ت
تەواوکۆیی
ترانسێندینتال
ترس
تێگەیشتن

خ
خوا، خودا
خود-ئاگایی
خۆرسکی نەگۆڕ

ج
جیهانی بەرز
جیهانی هەستەکی

د
دابڕین
دازاین
داماڵینی فینۆمینۆلۆجی
دووانەکی
دوودڵی
دۆگما
درۆ-لەگەڵ-خۆکردن
درێدا
دێکارت

ڕ
ڕازی
ڕاستەقینەی دەرەکی
ڕاستەقینەی فرە دوور
ڕایل، گلبرت
ڕەتدانەوە
ڕەسەنیەت

س
سارتەر
سەربەستی

سەمسارا
سپینۆزا
سزادان
سوهرەوەردی
سۆفی
سیمۆن دیبۆڤوار

ش
شەرمکردن
شوپنهاوەر
شوێن
شلایە ماخەر
شیلەر
شیلنگ

ف
فۆرمی ئایدیا
فۆکۆ
فرۆید
فێرگەی فرانکفۆرت
فینۆمینۆلۆجی
فیختە

ك
کات
کاتیگۆری

كانت
كۆجيتۆ
كيرِكيگارد

گ
گومانكارى

ل
لايبنيز
لەش
لۆجيكى ئەريستۆ

م
ماتەر
مەترياليست
مارسێل
ماناى گشتپڕ
ماركس
مردن
مۆناد
موعتەزلە
مێژوو
ميتافيزيك

ن
ناديار
ناچارەگى
ناچارەيى ميتافيزيكى
ناچارەيى زانستيانە

ناچارەیی سوك
نامۆیی
ناوەڕۆك
ناوەڕۆکی گیانەکی
نەبوون
نومینە
نوێکاری
نیتشە
نیگەرانی

ه
هاربەرماس
هایدیگەر
هەڵوێستی سروشتی
هوسرڵ
هۆلدرلن
هێگڵ
هیراکلایدس
هێرمینۆتیك
هێرمینۆتیکی فینۆمینۆلۆجی

ی
یاخیبوون
یاخیبوونی میتافیزیکی
یاکۆبی
یاسپز